کەلەپووری سۆشیالیستی

# کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە




## کارل مارکس

وەرگێڕانی لە سویدیەوە: ئەنوەر نەجمەدین

جوڵای ٢٠١٦

# کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە

کارل مارکس



کەلەپووری سۆشیالیستی

ناوی کتێب: کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە

ناوی نووسەر: کارل مارکس

سەرچاوە: کتێبی یەکەمی سەرمایە

وەرگێرانی لە ئەڵمانیەوە بۆ سویدی: Ivan Bohman

وەرگێرانی لە سویدەیەوە بۆ کوردی: ئەنوەر نەجمەدین

تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە چاپدانی: چاپخانەی بینانیی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٥٦١) ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە.

# خوێنەری بەڕێز !

**تێبینی و ڕەخنەکانتان لەسەر بابەتەکان، شێوازی وەرگێڕان، شێوەی خستنەڕوو، جێگای سوپاسێکی ئێجگار گەورەیە**

Email: anwar.nori@gmail.com

Anwar Nori | Facebook

# پێڕست

---

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٦ |
| ١. ئەوەی ناودەبرێت بە کەڵەکەبوونی سەرەتایی | 7 |
| ٢. داماڵینی دانیشتوانی گوندەکان لە زەویوزارەکانیان | ١٣ |
| ٣. یاسای خوێناویەکانی کۆتایی سەدەی پانزەهەم دژی ئەوانەی لە خاوەندارێتی داماڵرابوون - یاساکانی کەمکردنەوەی کرێیکار | ٤٣ |
| ٤. سەرهەڵدانی خاوەن کێڵگە سەرمایەداریەکان | ٥٨ |
| ٥. کاریگەریی پێچەوانەی شۆڕشی کشتوکاڵی لەسەر پیشەسازی. دروستبوونی بازاڕی ناوخۆیی بۆ سەرمایەی پیشەسازی | ٦٢ |
| ٦. سەرهەڵدانی سەرمایەداری پیشەسازی | ٦٩ |
| ٧. ئاراستەی مێژوویی کەڵەکەبوونی سەرمایەداری | ٨٩ |

## پێشەکی

ئەم نامیلکەیە، بەشێکە لە کتێبی یەکەمی سەرمایەی کارل مارکس و قۆناغی "کەڵەکەبوونی سەرەتایی" سەرمایەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. کەڵەکەبوونی سەرەتایی، بەرەبەیانی ئەو چیرۆکە مێژووییە پڕ لە ڕووداوە دڵتەزێنانەیە کە، مارکس گووتەنی، بە زمانی قامچی و خوێن نووسراوەتەوە. وە هەر لێرەیشدا دەبینین، هەموو ئەو پێشکەوتنە مەزنەی سەرمایەداری لە مێژوودا وەدەستی هێناوە، هیچ نەبووە گۆڕینی شێوازی چەوساندنەوەی مرۆڤ نەبێت لە لایەن مرۆڤەوە، ئەمەیش بە گۆڕینی شێوازی دەرەبەگیی چەوساندنەوە، بە شێوازی سەرمایەداری.

ئەگەر خوێنەر بیەوێت شارەزایی لەو زنجیرە مێژووییە پەیدا بکات، ئەوا دەبێت بەسەر هەموو پەڕاوێزەکانی ئەم نامیلکەیەدا تێبپەڕێت کە پڕە لەو ڕووداوە مێژووییانەی؛ مارکس لە شارەزایان و ئابووریزانان و مێژوونووسانی سەردەمی خۆیانەوە وەریگرتوون و بەووردی  دەمانگێڕنەوە بۆ پێشینە مێژووییەکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداری و قۆناغ بە قۆناغیش، دەمانگەیەننە بەردەم شارستانیەتی نوێ، شارستانیەتی سەرمایەداری.

وەرگێڕانی ئەم بەشەیش لە کتێبی (سەرمایە)، لە لایەک دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی باسەکە وەک مێژووی سەرهەڵدانی سەرمایەداری، لە لایەکی تریشەوە، ئاسانکاریەکە لە کاری وەرگێڕان و ئەرکی لە چاپدانیشدا، کە خودی مارکس خۆیشی، لە چاپی فەرەنسیدا، قبووڵی هەمان مێتودی کردووە.

ئەنوەر نەجمەدین

## ١. نهێنی کەڵەکەبوونی سەرەتایی

بینیمان چۆن پارە دەبێتە سەرمایە، چۆن سەرمایە زێدەی بەها بەرهەم دەهێنێت، چۆن سەرمایەیش بەهۆی زێدەی بەهاوە زیاد دەکات. واتە کەڵەکەبوونی سەرمایە لەسەر زێدەی بەها وەستاوە، زێدەی بەهایش پێویستیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە. ئەمەیش کاتێک ڕوودەدات کە بەرهەمهێنەرانی کاڵا، چەندایەتیەکی گەورە لە سەرمایەو هێزیکار لە دەستیاندا کەڵەکە بووبێت. وە وا دەردەکەوێت تەواوی ئەم بزووتنەوەیە لە ئەڵقەیەکی داخراودا بسووڕێتەوە کە توانای دەرباز بوونمان نەبێت لێی تەنها بە دانانی ئەو گریمانەیە نەبێت کە کەڵەکەبوونی "سەرەتایی" ("previous accumulation" بەلای ئادام سمیسەوە کەڵەکەبوونی ڕابووردوو) بەر لە دەستپێکردنی کەڵەکەبوونی سەرمایەداری سەریهەڵداوە، بەڵکو ئەوە خاڵی دەستپێکردنێتی.

ئەم کەڵەکەبوونە سەرەتاییە لە ئابووری سیاسیدا، هەمان ڕۆڵی هاوشێوەی گوناهە ئەسڵیەکەی نێو تیۆلۆژی دەبینێت: ئادەم گازێکی لە سێوەکە گرت و ئیتر گوناه کەوتە نێو ئەم جیهانەوە. لێکدانەوەیش بۆ ئەسڵی ئەمە، وەک گێڕانەوەی چیرۆکە دەماودەمەکانی ڕابووردووە. لە سەردەمێکی زۆر کۆندا، دووجۆر لە خەڵکی هەبوون، یەکێکیان کۆمەڵێکی بەتواناو ئاقڵ و دەستەبژێرێک بوون هیچیان بەفیڕۆ نەداوە، ئەوی تریشیان زۆروزەوەنێکی سووک و تەمەڵ بوون و هەموو شتێکی خۆیانیان و بگرە زیاتر لەوەیشی هەیان بووە، لە دەستیانداوە. ئا بەم شێوەیە، بەشێکی ئەو یەکەمین کەسانە سامانیان ناوەتە سەریەک، ئەوانی تریشیان لە دواجاردا، هیچیان بۆ نەماوەتەوە

فرۆشتنی پێستەکەی خۆیان نەبێت. وە ئیتر هەر لەو کاتەیشەوە تا ئێستا، جەماوەرە زۆروزەوەنەکە، بە هەژاری ماونەتەوەو سەرباری هەموو کارکردنێکیشیان، تەنها خۆیانیان هەیە بیفرۆشن، سامانیش لای ژمارەیەکی کەم ماوەتەوە، سامانێک کە بەردەوام لە زیاد بووندایە، ئەگەرچی ئەمانە هەر لە مێژە پێویستیان بەوە نەماوە کار بکەن.

داستانە میتۆلۆژیەکە دەربارەی گوناهە ئەسڵیەکە، بۆمان ڕووندەکاتەوە بۆچی مرۆڤ فەرمانی بەسەردا دراوە نانی خۆی بە ئارەقی ناوچەوانی خۆی پەیدا بکات؛ ئەمە لەکاتێکا مێژووی گوناهە ئابووریەکە، ئەو هۆکارەمان بۆ باس دەکات کە کەسانێکیش هەن ناچارنین وەک ئەوان بژین و ئارەق بڕێژن.

ئەم چیرۆکە بێتامە مناڵانەیەی؛ مستر تییرو کەسانی تر دەیدەن بە گوێی فەرەنسیە زیرەکەکاندا کە گوایە ئەوان لەو ئاقڵانە بوون لە ڕابووردوودا، ئەوە تەنها بیانوویەکە بۆ پاراستنی مافی خاوەندارێتی تایبەتی. سەبارەت بە خاوەندارێتی تایبەتییش، فەرمانێکی پیرۆزە گوێ بۆ ئەو چیرۆکانە بگرین کە تاکە لێکدانەوەی ڕاستەقینەن بۆ هەموو تەمەنەکان و هەموو قۆناغەکانی پێشکەوتنیش. بەڵام لەڕاستیدا، ئەوە داگیر کردن و چەوساندنەوەو تاڵانیە، بە ووشەیەک، ئەوە زەبروزەنگە ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە مێژوودا. بەڵام لە ئابووری سیاسیدا، نموونەی سەروەر هەر نموونە خۆشەکانی ژیانی ڕابووردووە. لە زەمانی کۆندا، تەنها ماف و "کار"، دوو ئامرازی دەوڵەمەندی بوون -بێگومان ئەمەیش بارودۆخی "ئەم ساتە وەختە" ناگرێتەوە. وە لە ڕاستیدا مێتودی سەرەتایی کەڵەکەبوون هەموو شتێک دەگرێتەوە، ئەو نموونە خۆشانەی ژیان نەبێت.

پارەو کاڵا، هەروەک ئامرازەکانی بژێوی و کەرەسەکانی بەرهەمهێنان، هەرگیز لە سەرەتاوە سەرمایە نەبوون. بەڵکو دەبوایە بکرانایەتە سەرمایە. ئەم کردەیەیش؛ لە بارودۆخێکی دیاریکراودا نەبێت ڕوونادات، ئەوەیش لەمەدا کورت دەکرێتەوە: دەبێت دوو جۆری ئێجگار جیاواز لە خاوەن کاڵا ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوەو پەیوەندیەک لە نێوانیاندا پێک بهێنن -لە لایەکەوە خاوەنی پارەو کەرەسەی بەرهەمهێنان و ئامرازەکانی بژێوی کە دەیانەوێت بە کڕینی هێزی کاری کەسانی تر بڕی بەهاکەیان ببەنە سەرەوە؛ لە لایەکی تریشەوە کارگەرە ئازادەکان، فرۆشیاری هێزی کار، فرۆشیاری کار. ئەمانە کارگەری ئازادن لە دوو ڕووەوە، لە ڕوویەکەوە وەک ئەوەی کە ئەوان خۆیان وەک کۆیلەو جووتیاری کۆیلەی زەوی و هتد، نەلکێنراون بە کەرەسەکانی بەرهەمهێنانەوە، لە ڕوویەکی تریشەوە، خۆشیان وەک جووتیارانی خاوەن پارچە زەویەکی سەربەخۆ یان پیشەگەرەکان و هتد، خاوەنی هیچ کەرەسەیەکی بەرهەمهێنان نین. بە پێچەوانەوە، ئەمانە ئازادن لە کەرەسەکانی بەرهەمهێنان، ڕووت کراونەتەوە لەو کەرەسانە، لێیان بێبەش کراون. ئا ئەم جەمسەرگیریەی بازاڕی کاڵایش، مەرجە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دروست دەکات. مەرجی پەیوەندیەکانی سەرمایە ئەوەیە کە کارگەر خاوەنی هیچ ئامرازێک نەبێت لەوانەی کاری پێ پراکتیزە دەکرێت. وە هەر ئەوەندەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەکەوێتە سەرپێی خۆی، ئیتر ئەوکاتە هەر تەنها پارێزگاریی بۆشاییەکانی نێوان کارگەرو کەرەسەکانی بەرهەمهێنان ناکات و بەس، بەڵکو بەردەوام ئەو بۆشاییە فراوان و فراوانتر دەکات. واتە ئەمە هیچ نیە هەمان ئەو پرۆسێسە نەبێت کە بە جیاکردنەوەی کارگەر لە

کەرەسەکانی بەرهەمهێنان ڕێگا بۆ پێکهاتنی سیستمی سەرمایەداری خۆش دەکات؛ ئەو پرۆسیسەی لەلایەک کەرەسە کۆمەڵایەتیەکانی بەرهەمهێنان و ئامرازەکانی بژێوییش دەکاتە سەرمایەو لە لایەکی تریشەوە، بەرهەمهێنەرەکان دەکاتە کارگەری کرێگرتە. بۆیە ئەوەی بە کەڵەکەبوونی سەرەتایی ناودەبرێت، هیچ نیە ئەو پرۆسێسە مێژووییە نەبێت کە بەرهەمهێن لە کەرەسەکانی بەرهەمهێنان دادەماڵێت. وە بۆیە ئەمە "سەرەتایی" دەنوێنێت؛ لەبەر ئەوەی دەکەوێتە بەر لە مێژووی سەرمایەو ئەو شێوازی بەرهەمهێنانەی لەگەڵیدا دەگونجێت.

بنچینەی ئابووری کۆمەڵگای سەرمایەداری لەسەر بنچینەی ئابووری کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی دروست دەبێت. بۆگەن بوونی ئەمەی دووهەمیان، ئازادکردنی ڕەگەزەکانی ئەوەی یەکەمیانە.

بەرهەمهێنی ڕاستەوخۆ، کارگەر، هیچ ئازادیەکی نیە لە بەکارهێنانی کەسایەتی خۆیدا؛ تا ئەوکاتەی وەک کۆیلەی زەوی، ڕزگاری دەبێت لەوەی ببەسترێت بە زەویەکەوە یان جووتیاری کەسێکی تر بێت. وە بۆ ئەوەی ببوایەتە فرۆشیارێکی ئازادی هێزی کار؛ کە بتوانێت وەک کاڵایەک، بۆ هەر شوێنێکی ببات کە بازاڕێکی بۆ دەدۆزێتەوە، دەبوایە کارگەر وەک پێویست، لە سەروەرێتی سەندیکا پیشەگەریەکانیش[1] ڕزگاری ببوایە، لە سیستمی ئەو سەندیکایانەو فێرگەکانیان و پیشەگەرەکانیان و هەموو ئەو بنکە ڕێگرانەیش کە هاوپەیوەست بوون بە کارکردنەوە. هەر بەوجۆرە، ئەو بزووتنەوە مێژووییەی بەرهەمهێنەری تێدا دەگۆڕدرێت بە کرێکاری کرێگرتە، لە لایەکەوە

[1]. لە وەرگێڕانە عەرەبیەکەیدا، ئەمە بە تایەفە پیشەگەرییەکانیش ناودەبرێت (وەرگێڕ).

وا دەردەکەوێت وەک ئەوەی ڕزگاربوونیان بێت لە کۆیلایەتی زەوی و لە پەیوەست بوونیشیان بەو سەندیکایانەوە؛ ئەمەیش شتێکە تەنها لای مێژوونووسە برجوازیەکانمان بوونی هەیە، لە لایەکی تریشەوە، ئەو ئازادانە خۆیان، نەدەبوونە فرۆشیاری خۆیان، هەتا لە هەموو ئەو کەرەسانەی بەرهەمهێنان و ئەو زامنانەی بژێوی ڕووت نەکرانایەتەوە کە ڕێکخستنە کۆنەکەی دەرەبەگایەتی بۆی دابین کردبوون. مێژووی ئەم ڕووت کردنەوەیە لە موڵکدارێتی، فەنتازیایەکی هەڵبەستراو نیە. بەڵکو ئەمە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە پیتی خوێن و ئاگر نووسراوەتەوە.

سەرمایەدارە پیشەسازیەکان، فەرمانڕەوا نوێکان، لەسەریان بوو لە لایەنی خۆیانەوە، نەک هەر تەنها وەستا پیشەگەرییە کۆنەکان لەناو ببەن و بەس، بەڵکو دەبوایە لە هەمانکاتدا ئەو دەرەبەگانەیشیان ڕابماڵیایە کە خاوەنی سامانێکی سروشتی بوون. ئا لەم ڕوانگەیەوە، گەشەی سەرمایەداری، بەری خەباتێکی سەرکەوتوو بوو دژی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و ئیمتیازە تێروتەسەلەکانی، وە هەروەها دژی سەندیکا پیشەگەرەکان، ئەمەیش لە پێناوی پێشکەوتنی بەرهەمهێنان و ئازادیی چەوساندنەوەی مرۆڤدا لە لایەن مرۆڤەوە. بەڵام سوارچاکانی پیشەسازی، بە سوود وەرگرتن لەو ڕووداوانەی کە خۆیان هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو تێیدا، سەرکەوتوو بوون لە هەڵفڕاندنی سوارەکانی ئۆرۆستۆکراسیەکاندا. ئەمانە هەر بەو ئامرازە چەپەڵانە خۆیان بەرزکردەوە؛ کە لە ڕابووردوودا بواری بۆ ئازادەکانی ڕۆمایش خۆش کردبوو، ببنە سەروەری خاوەن موڵکەکانی ڕابووردوویان.

خاڵی دەستپێکردنی سەرهەڵدانی کارگەری کرێگرتەو سەرمایەدار، کۆیلایەتی کرێکار بوو. ئەم پێشکەوتنەیش، تەنها گۆڕینێک بوو لە شێوەی ئەو کۆیلایەتیەدا، گۆڕینی چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی بە چەوساندنەوەی سەرمایەداری. بۆ تێگەیشتن لەم پێشکەوتنەیش، پێویستمان بە گەڕانەوەیەکی زۆر دوور نیە بۆ دواوە. سەرهەڵدانی یەکەمین گەشەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری؛ وەک دیاردەی تاک تاک، دەگەڕێتەوە بۆ چەند شارێک لە شارەکانی دەریای ناوەڕاست لە سەدەکانی ١٤-هەم و ١٥-هەمدا، بەڵام سەرەتای سەردەمی سەرمایەداری خۆی، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٦-هەم.  وە لەو کاتەدا کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەرکەوت، ئەوکاتە زۆر دەمێک بوو، سەردەمی سیستمی کۆیلەی زەوی بەسەر چووبوو، درەوشاوەیی شارە سەربەخۆکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش، دەمێک بوو کوژابوونەوە.

هەموو ئەم وەرچەرخانەی بووە هۆی گەشەی چینێکی سەرمایەدار، مانای خۆیی لە مێژووی کەڵەکەبوونی سەرەتاییدا تۆمار کردووە، ئەمە بەر لە هەرچی لەو سەردەمانەوە سەری هەڵداوە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی، هەر لە ناکاوێکداو بە زەبروزەنگ، لە ئامرازەکانی ژیانیان داماڵراون و وەک پرۆلیتاریایەکی بێ ماف، فڕێدراونەتە بازاڕی کارەوە. ڕووت کردنەوەی بەرهەمهێنەرە کشتوکاڵیەکان لە موڵکدارێتی زەوی، بناغەی هەموو ئەم پرۆسێسە بووە. ئەم پێشکەوتنەیش فۆرمی هەمەجۆرە وەردەگرێت لە وڵاتە هەمەجۆرەکاندا، وە لە زنجیرەی جیاوازی سەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا، بە قۆناغی هەمە چەشنەدا تێپەڕ دەبێت. ئێمە ئینگلترە وەک نموونە

**وەردەگرین، چونکە پێشکەوتن لێرە، لە شێوە هەرە کلاسیکیەکەیدا ڕوودەدات[2].**

## ٢. داماڵینی دانیشتوانی گوندەکان لە زەویوزارەکانیان

**لە ئینگلترەدا، لە کۆتایی سەدەی چواردەهەمدا کۆیلایەتی زەوی[3] لەنێو دەچێت. ئەوکاتە زۆرینەی دانیشتوان[4] - تەنانەت لە**

[2]. لە ئیتالیادا کە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەر لە هەر شوێنێکی تر تێیدا گەشەی کردووە، جووتیارانی کۆیلەی زەوی، بەر لە هەر وڵاتێکی تر، لەنێو چوون. جووتیاری کۆیلەی زەوی لە ئیتالیادا ئازاد بوو؛ تەنانەت بەر لەوەیشی مافی یاسایی بدرێتێ بۆ بەکارهێنانی زەوی. هەر لەبەر ئەوە، ئەم ئازادیەی، هەر بە خێرایی دەیکاتە پرۆلیتاریایەکی بێ ماف، سەروەرە نوێکانیشی هەر لە سەردەمی ڕۆمەکانەوە، لە شارەکاندا چاوەڕێیان دەکرد. وە کاتێک شۆڕشی بازاڕی جیهانی هەر لە کۆتایی سەدەی پانزەهەمەوە سەرکەوت بەسەر بازرگانی ئیتالیای باکووریدا (مارکس مەبەستی لە دۆزینەوە جوگرافیە نوێکانی ئەمریکای باکووری و ڕێگای دەریایی هیندستان و ئەفریقاو ئەمریکای باشوورە لە سەدەی پانزەهەمدا، وەرگێڕ) ئیتر بزووتنەوەیەکی پێچەوانە دەستی پێکرد. جەماوەری کرێکاران لە شارەکانەوە ڕوویان کردەوە گوندەکان، بەو هۆیەیشەوە ئەو کشتوکاڵە بچووکەی لە شێوەی باخەوانیدا ڕێکخرابوو، گەشانەوەیەک ڕووی تێکرد کە هەرگیز لەوەوبەر لە بارەیەوە نەبیسترا بوو.

[3]. تێبینی وەرگێڕ: مەبەست لە کۆیلەی زەوی، جووتیاری کۆیلەی زەویە (serfdom). ئەمانە جیاوازییان لەگەڵ کۆیلەدا ئەوەیە کە خاوەن کۆیلە بۆی هەبووە کۆیلەکەی بفرۆشێت. بەڵام توانا نەبووە کڕین و فرۆشتن بە جووتیاری کۆیلەی زەویەوە بکرێت، بەڵکو تەنها کاتێک کە زەویەکە فرۆشراوە، ئەوکاتە جووتیارەکەیش بە زەویەکەوە فرۆشراوە (وەرگێڕ).

[4]. "ئەو جووتیارە بچووکانەی کە هەر بە دەست و پەنجە، زەویەکانیان دەچاندو بژێویەکی باشیشیان هەبوو .. ئەوکاتە ئەوانە بەشێکی گەورەتر لە ئێستای نەتەوەکەیان پێکهێناوە .. وە نزیکەی ١٦٠٠٠٠ لە خاوەن موڵکەکان و خێزانەکانیان، زیاتر لە حەوت-یەکی دانیشتوان پێکدەهێنن کە لەسەر کێڵانی پارچە زەویە بچکووکەکانیان ژیاون freehold، واتە موڵکداری تەواوی زەوی بوون". "مامناوەندیی داهاتی خاوەن زەویە بچووکەکان بە ٦٠ هەتا ٧٠ پاوەند دیاری کراوە. ژمارەی ئەمانە لەوانە زیاتر بووە کە زەوییان بەکرێ گرتووە ( Macaulay, History of England, 10th ed. London, 1854, v. I, p 333,334). وە هەتا کۆتایی سەدەی هەڤدەهەم ٥/٤ ی ئینگلیزەکان جووتیار بوون (هەمان سەرچاوە، ل:٤١٣). من پەنام بردۆتە بەر ماکوالی

**سەدەی پانزەهەمیشدا - لە جووتیارە ئازادە سەربەخۆکان پێکهاتبوو، ئیتر موڵکدارێتیەکەیان لەژێر چادری هەر دەرەبەگێکدا شاردرابێتەوە. لە زەویوزاری خاوەن کێڵگە گەورەکاندا، ئازادترینیان bailiff (بریکار)، ئەوانە بوون کە لە ڕابووردوودا خۆیان کۆیلەی زەوی بوون. کرێکارانی کرێگرتەی کشتوکاڵی لە لایەک لەو جووتیارانە پێکهاتبوون کە ئەگەر وەختیان بۆ بمایەتەوە، ئەوا ئەو وەختەیان لە کاری بەکرێدا بەسەر دەبرد لە لای خاوەن زەویە گەورەکان، لەلایەکی تریشەوە وەک چینێکی کرێکاریی کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی و ڕەهایش، لە ژمارەیەکی کەم پێکهاتبوون. ئا ئەمانە خۆیان تا ئاستێک، جووتیاری سەربەخۆ بوون. ئەمانە جگە لە کرێی کارەکەیان خانوویەکی بچکۆلەو چەند پارچە زەویەکی کشتوکاڵیشیان هەبوو. وە لە هەمانکاتدا، تا ئاستێکی دیاری کراو، جووتیاری سەربەخۆیش بوون. جگە لە کرێی کارەکەیان، پارچە زەویەکی بچووکیشیان هەبوو کە لە ٤ ئەکر[5] یان زیاتریش پێکهاتبوو، زەویەکەیش وابەستە بوو بە خانووەکانیانەوە. وە هەروەک جووتیارە ئاساییەکانیش، مافی بەکارهێنانی زەویە هاوبەشەکانیشیان هەبووە وەک لەوەڕگەی ئاژەڵەکانیان و هەروەها بۆ سووتەمەنییش، ئیتر ئەمە لە تەختە، داری سووتاندن، مەیدانێک بۆ پێشبڕکێی ئەسپەکانیان[6] وە زۆری تریش.**

---

کە تەنانەت وەک ساختەکارێکی سیستماتیکیانەی مێژوو، تا بتوانێ ئەم فاکتانە "بچووک دەکاتەوە".

5. ئەکر پێوانەیەکە بۆ زەوی کە دەکاتە نزیکەی ٤٠٤٧ مەتر چوارگۆشە (وەرگێڕ).

6. نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە تەنانەت جووتیاری کۆیلەی زەوییش خۆیان، هەر تەنها خاوەندار نەبوون، بەڵکو لەسەریشیان بووە موڵکانەیش بدەن بۆ ئەو پارچە زەویەی وابەستە بووە بە خانوەکەیانەوە، بەڵام لە زەوی گشتییدا هاوبەش بوون. "جووتیار لەوێ" (لە سیلیزیا) "کۆیلەی زەویە". لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو کۆیلانە، خاوەنی زەویە هاوبەشەکانیشن. "تا ئێستا، سیلیزیەکان زەویە هاوبەشەکانیان دابەش نەکردووە، ئەمە

له هەموو وولاٌتانی ئەوروپادا، شێوازی بەرهەمێنانی دەرەبەگایەتی، بە دابەشکردنی زەوی ناسراوە لە نێوان زۆرترین ژمارەدا لەو تاکانەی ملکەچی دەرەبەگایەتین. دەسەلاٌتی دەرەبەگەکان -وەک هەموو ستەمکارێکی تر- هەر تەنها بە داهاتی زەوی بەکرێدان دەستنیشان نەدەکرا، بەلٌکو بە ژمارەی ئەوانەیش دیاری دەکرا کە پاشکۆیان بوون، ئەمانەیش بە دەوری خۆیان بە ژمارەی ئەو جووتیارانە دەستنیشان دەکران کە خاوەنی زەویەکی سەربەخۆ بوون[7]. لەبەر ئەوە، سەرباری دابەش کردنی زەوی لە ئینگلترەدا دوای داگیرکردنی لە نۆرمەندیەکانەوە، بۆ چەند بارۆنێکی[8] ئێجگار گەورە، کە ٩٠٠ پارچە لەزەویوزاری گەورەی ئەنگلۆساکسۆنیە کۆنەکانی دەگرتەوە، بەلاٌم لەگەلٌ ئەوەیشدا، ژمارەیەکی زۆر لە کێلٌگەی جووتیارە بچووکەکان هەبوون لە پالٌ کێلٌگەی سەروەرە گەورەکاندا کە لێرەو لەوێ، کێلٌگە گەورەکان دەکەوتنە نێوانیانەوە. هاوشان بە گەشانەوەی شارەکان کە خەسلٌەتێکی جیاوازی سەدەی ١٥-هەم بوو، ئەم پەیوەندیانە، بواری دەولٌەمەند بوونی مییلیان خۆش دەکرد، بە جۆرێک کە فۆرتسیکۆی ڕاوێژکار زۆر جوان لە دانراوەکەیدا (Laudibus Legum Angliae) باسی لێوە کردووە (ئەو دانراوە دوای مردنی لە ١٦١٦ دا لە چاپ دراوە)، بەلاٌم ئیتر ئەمە، بەبێ

لەکاتێکا لە نیومارک دێیەک نەماوە بە سەرکەوتوویی ئەم دابەش بوونەی تێدا ڕوونەدابێت" ( Mirabeau, De la Monarchie Prussienne, London, 1788, t. .(II, p.125,126).

[7]. ژاپۆن بە ڕێکخستنە دەرەبەگایەتیەکەی خاوەندارێتی زەوی، وە بە پارچە زەویە بچووکە پێشکەوتووەکانیەوە، وێنەیەکی زۆر ڕوونترمان دەداتێ دەربارەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپادا؛ زیاتر لەوەی کە هەموو کتێبە مێژووییەکانمان پێشکەشی دەکەن کە زۆربەیان پڕن لە خەیالٌە برجوازیەکان. بۆ ئەمان زۆر ئاسانە؛ "لیبرالیستێک" بن لەسەر حیسابی سەدەکانی ناوەڕاست.

[8]. بارۆن (Baron) لۆردو ئۆرۆستۆکراسیەکانی ئینگلترە دەگرێتەوە.

باس کردن لە توانای کۆکردنەوەی سامان و سەرمایە لە لایەن سەرمایەدارانەوە.

ئەو وەرچەرخانەی بناغەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دامەزراند، لە کۆتایی بەشی سێهەمی سەدەی پانزەهەمەوە هەتا سەرەتای سەدەی شانزەهەم درێژ دەبێتەوە. ژمارەیەک لە پرۆلێتێرە بێ مافەکان فڕێدرانە بازاڕی کارەوە، ئەمە وەک دەرئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی دەرەبەگایەتی، وەک مستر جەیمس ستیوارت بە دروستیی تێبینی کردووە "لە هەموو شوێنێک؛ بەبێ هیچ سوودێک، خانووەکان و ماڵەکان ئاخنرابوون". وە لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی پادشایەتیش خۆی، بەرهەمی پێشکەوتنی برجوازیەت بوو، لە هەوڵەکانیدا بۆ فەرمانڕەوایەتیەکی ڕەها، خێراییەکی دایە لەناوچوونی دەرەبەگایەتی بە زەبروزەنگ، بەڵام بەهیچ جۆرێک ئەمە تەنها هۆکاری ئەو لەناوچوونە نەبوو. دەرەبەگە گەورەکان لە ناکۆکیەکی توندوتیژدا لەگەڵ دەسەڵاتی پادشایەتی و پەرلەماندا، وە بە داگیرکردنی زەوی هاوبەش و دەرکردنی جووتیاران لەو زەویانەی کە ئەو جووتیارانەیش هەمان مافی دەرەبەگەکانیان هەبوو تیایا، ژمارەیەکی زۆرتریان لە پرۆلیتاریا دروستکرد.

پاڵپێوەنەری ڕاستەوخۆی ئەم پرۆسێسە لە ئینگلترەدا، گەشانەوەی پیشەسازی خوری بوو لە مانیفاکتۆرەکانی فلاندەرداو بەرزبوونەوەی نرخی خوری بەوهۆیەوە. ئۆرۆستۆکراسیە دەرەبەگەکانی کۆن، لە جەنگی دەرەبەگایەتیدا لەنێو چوون، ئۆرۆستۆکراسیە نوێکانیش نەوەی چەرخی خۆیان بوون، ئەو چەرخەی پارە تیایا بووە دەسەڵات بەسەر هەموو

دەسەڵاتەکاندا. وە ئیتر کردنی زەویە کێڵراوەکان بە لەوەڕگەی ڕانەمەڕ، بوو بە مەسەلەی وەخت. هاریزن لە کتێبی Description of England. Prefixed to holinshed's Chronicles (وەسفی ئینگلترە، پێشەکیەک بۆ هەواڵی هۆڵینشد) باس لەوە دەکات کە چۆن داماڵینی جووتیارە بچووکەکان لە زەویەکانیان ووڵاتی وێران کرد.

"بەڵام کەی چەتە دەسەڵاتدارەکانمان بە خەمی ئەمەوە بوون؟" خانووی جووتیارەکان و خانۆچکەی[9] کارگەرەکان دەڕووخێنران یان هەرەسیان دەهێنا. هاریزن دەڵێت:

"ئەگەر شێوەی کۆنی هەر زەویەک لە زەویی ئۆرۆستۆکراسیەکان وەربگرین، دەبینین ماڵ و زەویی جووتیارە بچووکەکان کە لە ژماردن نایەن، لەنێو چوون؛ وە ئێستا ژمارەیەکی کەمتر لەسەر بەروبوومی زەوی دەژین؛ ژمارەیەکی زۆریش لە شارەکان کەوتوونەتە حاڵەتێکی ناهەموارەوە، ئەمە سەرباری گەشەی شاری نوێ لە هاوشانیانەوە ... وە دەتوانم بڵێم ئەو شارو گوندانەی ڕووخێنراون و کراونەتە لەوەڕگەی مەڕوماڵات، هیچیان لێ نەماوەتەوە ماڵی موڵکدارە گەورەکان نەبێت".

ئەم جۆرە مێژوو نووسینەوە کۆنە پڕ لە ناڕەزایەتیانە، هەمیشە زیادەی پێوە دەنرێت، بەڵام ووردبینانەیش وەسفی ئەوە دەکات کە ئەو وەرچەرخانە لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا؛ چ کاریگەریەکی لەسەر هاوچەرخەکانی ئەو سەردەمە جێهێشتووە. بەراووردێکیش لە نێوان دانراوەکانی فۆرتسیکۆی ڕاوێژکارو تۆماس مۆردا، بەڕوونی ئەو بۆشاییەی نێوان هەردوو سەدەی پانزەهەم و سەدەی شانزەهەم دەردەخات. وە بەپێی تێبینیە دروستەکەی تۆرنتۆنیش، چینی کرێکاری ئینگلیزی، هەر ڕاستەخۆو

---

9. خانۆچکە = کوخ = cottage

بەبێ هیچ قۆناغێکی گواستنەوە، لە چەرخە ئاڵتوونیەکەیەوە کەوتۆتە نێو چەرخە ئاسنینەکەیەوە.

یاسادانەرەکان لەم وەرچەرخانە تۆقی بوون. ئەوان هێشتا نەگەیشتبوونە ئاستی ئەو شارستانیەتە کە " Wealth of the Nation" [سامانی نەتەوەکان]، واتە پێکهاتنی سەرمایە، چەوساندنەوەی بێڕەحمانە، هەژارخستنی زۆربەی زۆری جەماوەری میللی، بووبوونە بەرزترین  حیکمەتی سیاسی دەوڵەت. باکۆن دەربارەی ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی هێنری حەوتەم دەڵێت:

"ئەوکاتە" (ساڵی ١٤٨٩) "ناڕەزایەتی هەر بەرزدەبووەوە دژی ئەوەی کە زەویە کێڵراوەکان دەکرانە لەوەڕگەی مەڕومالات و هتد، کە ئەمە هەر تەنها دامەزراندنی ژمارەیەکی کەم فەرمانبەری دەویست وەک چاودێر. ئەو زەویانەی بۆ چەند ساڵێک؛ یان بە درێژایی تەمەن، وە یان ساڵانە بەکرێ گیرابوون" (ژمارەیەکی گەورە لە yeomen -یۆمێن، ئەو جووتیارە ئینگلیزیە ئازادە سەربەخۆیانەی لەسەر بەکرێ گرتنی ساڵانە دەژیان) "کرانە زەویوزاری گەورە. ئەمەیش بووە هۆی سەرلێشێواویەکی زۆری خەڵکی و شارەکان و کڵێساکانیشی پێوە داڕووخا، باجی داهات کەمی کرد ... پادشاو پەرلەمان گەلێک هەوڵیاندا چارەسەری ئەم پێشێلکاریە بکەن ... وە دەستیان کرد بە تەگبیر کردن دژی داگیرکردنی زەوی هاوبەش (depopulating inclosures) و دژی ئابووریی لەوەڕگەیی کە هەر بە کۆچ پێکردن دانیشتوانی لەناودەبرد ( depopulating pasture)".

هەر لەمەیشەوە، یاساکەی هێنری حەوتەم لە ساڵی ١٤٨٩ دا، لە فەسڵی ١٩ دا، قەدەغەی ڕووخاندنی هەر خانوویەکی ئەو جووتیارانەی ڕاگەیاند کە زەویەکەیان لە ٣٠ ئەکر پێکهاتبێت. وە یاسای ساڵی بیست و پێنجهەمی فەرمانڕەوایی هێنری

هەشتەمیش؛ سەرلەنوێ ئەو یاسایەی خستەوە کار کە تێیدا هاتووە:

"ژمارەیەکی زۆر زەوی بەکرێگیراو، وە ئاژەڵێکی زۆریش، بەتایبەت مەڕ، لە چەند دەستێکی ئێجگار کەمدا کۆبۆتەوە، بەوهۆیەیشەوە قازانجی زەوی ئێجگار بەرز بۆتەوە، ئەمە لەکاتێکا کێڵانی زەوی ئێجگار ناهەموار بووە، کڵێساو خانوو دەڕووخێنرێن، جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی، ئامرازەکانی بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان لە دەست چووە".

بۆیە یاسا بڕیاریدا کێڵگە لەناوچووەکان بژێنرێنەوە، ڕێژەی نێوان زەوی کشتوکاڵی و لەوەڕگە دەستنیشان بکرێت، هتد. یەکێک لە یاساکانی ساڵی ١٥٣٣ ڕایدەگەیەنێت، زۆر لە خاوەن کێڵگەکان هەتا ٢٤٠٠٠ سەر مەڕیان هەیە، ئەوانە بۆیان هەیە تەنها خاوەنی ٢٠٠٠ سەر مەڕ بن[10].

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ناڕەزایی خەڵکی و یاسا دەرکردنیش دژی ڕووتکردنەوەی جووتیارە بچووکەکان و ئەوانەی زەوییان بەکرێ دەدا، زۆر بێ دەرئەنجام بوو، ئەم حاڵەتەیش هەر لە هێنریی حەوتەمەوە هەتا ١٥٠ ساڵ دەخایەنێت. باکۆن بێئاگا ئەم شکستەی بۆ ئاشکرا کردووین، ئەمە کاتێک کە لە دانراوەکەیدا "Essays, civil and moral" (دوو لێکۆڵینەوە، مەدەنی و مۆراڵی، فەسڵی ٣٩) دەڵێت:

"لە یاساکەی هێنریی حەوتەمدا شتێکی قووڵ و سەرسووڕهێنەر هەیە، ئەویش دیاری کردنی ڕووبەرێکە لە زەویی کشتوکاڵی و خانوو بۆ جووتیاران، واتە گەرەنتیی ڕووبەرێکی پێداون لە زەوی و خانوو کە

---

[10]. توماس مۆرس لە کتێبەکەیدا "یۆتۆپیا-Utopia" باس لە وڵاتێکی سەرسووڕهێنەر دەکات کە تیایا "مەڕ مرۆڤ دەخوات" ( Utopia, transl. Robinson, ed, London, 1869, p. 41)

**بتوانن گوزەرانی خۆیانی پێ دابین بکەن و بە تەواوییش سەربەخۆبن. گاسنەکەیش بە دەستی خاوەنەکەیەوە بێت نەک بە دەست ئەو کەسەوە کە زەویەکە بە کرێ دەدات ( to keep the plough in the hand of the owners and not hirelings)[11].**

**بەڵام، بەپێچەوانەوە، سیستمی سەرمایەداری، دەبوایە وەک کۆیلە ملی بە جەماوەر کەچ بکردایەو کەرەسەکانی کارکردنیشیانی بکردایەتە سەرمایە. ئا لەم قۆناغی گواستنەوەیەدا، یاسا کەوتە دیاری کردنی لانی کەمی زەوی بە ٤ ئەکر بۆ هەر کارگەرێکی کرێگرتەی کشتوکاڵیی لە خانۆچکەیەکدا، بەڵام ئەمانە بۆیان نەبووە کەسی تر بهێننە لای خۆیان. لە کۆتاییساڵی ١٦٢٧ دا، لە سەردەمی کارلی یەکەمدا، ڕۆگەر کۆکەر لە فرۆنت میڵ تاوانبار دەکرێت بەوەی خانۆچکەیەکی دروست کردووە لە زەویەکەیدا بەبێ ئەوەی خاوەنی ٤ ئەکر**

---

[11]. باکۆن پەیوەندی نێوان جووتیارە ئازادو سەربەخۆکان و سەربازە پیادەکان ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت "زۆر گرنگە بۆ دەسەڵاتی ئەم مەملەکەتە، چەندایەتیەکی گونجاو زەویی تێدا بەکرێ بدرێت، ئەمەیش لە پێناوی مسۆگەر کردنی بژێویەکی باشدا بۆ خەڵکێکی بەتوانا، بەوەیش زەویەکی زۆری وولات دەکەوێتە ژێر دەستی کشتوکاڵکارە ئازادەکانەوە، ئەوانەی دەکەونە نێوان ئۆرۆستۆکراسیەکان و جووتیارە بچووکەکانەوە ... باشترین پسپۆڕەکانی جەنگیش لەسەر ئەوە کۆکن ... هێزی سەرەکی سوپا لە پیادەکانیاندایە. بەڵام بۆ ئەوەی باشترین سەربازی پیادە هەبن، دەبێت خەلکێک هەبن بە کۆیلایەتی و هەژاری گەورە نەبووبێتن، بەڵکو ئازادانەو لە دۆخی ژیانێکی باشتردا بووبێتن. بۆیە ئەگەر ڕۆڵی سەرەکی لە دەوڵەتێکدا بگەڕێتەوە بۆ ئۆرۆستۆکراسیەکان و خانەدانەکان و جووتیارەکانیش هەر کارگەرو خزمەتکارو خاوەن زەوی بچووک بن، واتە هەر سواڵکەر بن، ئەوا ئەوکاتە دەشێت وولات خاوەنی سووارەیەکی باش بێت، بەڵام هەرگیز نابێتە خاوەنی پیادەیەکی چاک ... ئەمە لە فەرەنساو ئیتالیاو گەلێ وولاتی تریشدا دەبینرێت کە دانیشتوانەکەی یان هەر ئۆرۆستۆکراسیەکانن وە یان هەر جووتیارە هەژارەکانن. لەبەر ئەمەیە لە سویسرادا ناچار بوون بە بەکارهێنانی چەکلە بەکرێگیراوەکان بۆ دروست کردنی بەتالیۆنە پیادەکانیان. لێرەوە دەردەکەوێت کە بۆچی ئەو نەتەوانە دانیشتوانێکی زۆریان هەیە، بەڵام ژمارەیەکی کەم سەرباز ( The Reign of Henry VII.” Verbatim reprint from Kennet’s England. Ed. 1719. Lond., 1870, p. 308).

زەوی بێت، وە لەساڵی ١٦٣٨ دا، هەر لە سەردەمی کارلی یەکەمدا، نوێنەرایەتیەکی پادشایی دادەمەزرێنرێت بۆ پراکتیزە کردنی یاسا کۆنەکان بەتایبەت یاسای ٤ ئەکر زەوی، وە تەنانەت کرۆموێڵ ڕێگەی بە ٤ ئەکر زەوی دەدا بۆ هەر خانوویەک کە ٤ میل لە لەندەنەوە دوور بوو بێت. وە تەنانەت هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەمیش، هێشتا ئەو جۆرە ناڕەزایەتیە هەر مابوو کە کرێکاری کشتوکاڵی بۆی نەبووە ١ تا ٢ ئەکر زەوی ببەستێت بە خانووەکەیەوە. بەڵام ئێستا ئەو کرێکارە گەلێک بەختەوەرە ئەگەر باخێکی بچکۆلەی هەبێت؛ یان دوور لە خانۆچکەکەی چەند مەترێک لە زەوی بەکرێ بگرێت.

دکتۆر هەنتەر دەڵێت:

"خاوەن زەویەکان و ئەوانەیشی زەوییان بەکرێ دەدا، دەست لەناودەست، پێکەوە هەڵس و کەوتیان دەکرد. چەند ئەکرێکیش لە زەوی بە تەنیشت خانۆچکەیەکەوە، سەربەخۆییەکی تەواوی بۆ کارگەرەکە دابین دەکرد"[12].

لە سەدەی شانزەهەمدا، ڕێفۆرم وەک پاڵپێوەنەرێکی نوێ، دەستبەسەراگرتنێکی پڕ لە زەبروزەنگی موڵکی کڵێسای بەدوای خۆیدا هێنا. بەر لە ڕێفۆرم، کڵێسای کاسۆلیکی وەک دەرەبەگێکی موڵکدار، خاوەنی بەشێکی گەورەی زەویوزاری ئینگلیزی بوو. وە بە سەرکەوتن بەسەر پەرستگاکاندا، هەموو ئەو

---

12. دکتۆر هەنتەر لە "Public Health. 7th Report 1864, London, 1865 p. 134" دەڵێت: "ئەو ڕووبەری زەویانەی دیاریکراو بوون" (بە یاسا کۆنەکان) "لە ئێستادا وا دادەنرێت زۆر گەورەبن بۆکارگەران، بۆیە لەوانەیە ئەوانە بکرێنە خاوەن کێڵگەی بچووک". George Roberts: “The Social History of the People of the Southern Counties of England in Past Centuries.” Lond., 1856, pp. 184-185

کەسانەی لەوێدا دەژیان، فڕێدرانە دەرەوەو بوونە پرۆلیتاریا. شتومەکەکانی کڵێسایش، بە شێوەیەکی فراوان، دەکرانە دیاری بۆ دەوروبەرە نزیکەکەی پادشا، وە یان زۆر بە هەرزان دەفرۆشران بە خاوەن کێڵگەو دانیشتوانەکەی شار کە هەر خەریکی کێشمەکێشی پێکدادان (المضاربة-speculation) بوون، ئەوانەی جووتیارەکانیان ڕاوناو پارچە زەویە بچووکانیان لێ داگیر کردن و کێڵگەیەکی گەورەیان لێدروست کرد بۆ خۆیان. خەڵکە هەرە هەژارەکەیش ئەو مافە یاساییەی لێسەندرایەوە کە لە هەندێ بەشدا بریتی بوو لە دە-لە-یەکی کڵێسا[13]. " Pauper ubique jacet" (وەک شاژن ئێلیزابێت، دوای گەشتێک بە هەموو ئینگلترەدا، گووتی: هەژارەکان لە هەموو شوێنێک بێ بەشن". بۆیە لەساڵی ٤٣-هەمی فەرمانڕەوایەتی ئەودا، حکومەت ناچار بوو، دان بەمەدا بنێت و حاڵەتی فریاکەوتن، بەهۆی سەپاندنی باجەوە بۆ هەژاران، ڕابگەیەنێت.

"دانەرانی ئەم یاسایە شەرمیان دەکرد لەوەی هۆکارەکان ناوبهێنن، بۆیە بەپێچەوانەی هەموو نەرێتێکەوە، ئەم یاسایە بەبێ هیچ سەرەتایەک (پێشینە - preamble)[14] دەرکرا.

ئەو یاسایەی لە ساڵی شانزەهەمی فەرمانڕەوایی کارلی یەکەمدا دەرکرا بوو، بڕگەی ٤-هەمی، کرایە یاسایەکی هەمیشەیی، بەڵام تەنها لە ساڵی ١٨٣٤ دا داڕشتنێکی نوێی بۆ

---

[13]. "مافی هەژاران لە بەشێک لە دە-لە-یەکی کڵێسادا لە یاسای سیستمە کۆنەکاندا بڕیاردراوە" J. D. Tuckett: A History of the Past and Present State of the Labouring Population, London, 1846, vol. II, s. 804, 805"

[14]. William Cobbett: "A History of the Protestant Reformation," § 471

**کرایەوە[15]. ئەو سەرئەنجامە ڕاستەوخۆیانەی ڕێفۆرم زۆری نەخایاند. موڵکدارێتی کڵێسا قەڵایەکی ئاینیی پێکهێنا بۆ**

---

[15]. یاسا ڕوحانیەکەی پرۆتستانتیەکان لەمەدا دەردەکەوت: لە باشووری ئینگلترەدا ژمارەیەک خاوەن زەوی و زەوی بەکرێدەر کۆبوونەوە تا پێکەوە کاسەسەرە ئاقڵەکانیان بەکاربهێنن بۆ خوێندنەوەیەک بۆ یاسای هەژاران لە لایەن ئێلیزابێتەوەو بۆ ئەوەیش ١٠ پرسیاریان داناو پرسیارەکانیشیان ڕووبەڕووی پارێزەرە ناسراوەکەی ئەو سەردەمە کردەوە کە سێرجنت سنیگ بوو (دواتر لە سەردەمی یاکوبی یەکەمدا دادوەر بوو) تا ڕای خۆی لەبارەیانەوە بدات. نۆهەم پرسیار دەڵێت: "ژمارەیەک لە خاوەن کێڵگە دەوڵەمەندەکان بیریان لە شێوازێک کردۆتەوە زاڵ بین بەسەر هەموو نارەحەتیەکاندا لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەدا. بۆیە پێشنیار دەکەن لە شارەوانیەکەی ئەواندا بەندیخانەیەک دروست بکرێت. هەر هەژارێک ڕازی نەبێت بەوەی لەو بەندیخانەیەدا بمێنێتەوە، یارمەتی لێ ببڕدرێت. وە دەبێت دێهاتە دراوسێکان ئاگادار بکرێنەوە، هەرکەس دەیەوێت هەژاران بگرێتە خۆی، داوایەکی مۆر کراو ڕەوانە بکات و نزمترین نرخ دابنێت تیایا بۆ وەرگرتنی هەژارەکانمان. داڕێژەرانی ئەم نەخشەیە وایان داناوە لەم ناوچەیەدا خەڵک هەیە ئارەزووی کار ناکەن، پارەشیان نیەو قەرزیشیان بۆ ناکرێت بۆ بەکرێ گرتنی زەوی یان پاپۆڕێک و ئیتر لەسەری بژین بەبێ کار کردن (so as to live without labour)، لەنێو ئەوانەدا هەیە کە سوودێکی زۆر دەگەیەنن بە شارەوانیەکە. وە ئیتر ئەگەر هەژارێکیش لەلای چاودێرەکەی بمرێت، ئەوا ئەو خۆی بەرپرسیار دەبێت لێی، چونکە شارەوانی بە ئەرکی خۆی هەڵساوە. بەڵام ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە کە ئەم یاسایە تا ئێستا پێوەرێکی وریایانەی لەوجۆرەی تێدا نیە؛ بەلام دەبێ بزانن هەموو موڵکدارە ئازادەکانی ئەم ناوچەیەو ناوچەکانی دروانسێیش، دێنە ڕیزی ئێمەوەو نوێنەرەکانیشیان لە ئەنجوومەنی گشتیدا ڕازی دەکەن بە پێشکەش کردنی پرۆژەیاسایەک کە داوای بەند کردنی هەژاران و کارپێکردنیان دەبێت بەزۆر، ئەمەیش بۆ ئەوەی هەرکەس دژی بەندکردنی وەستایەوە، مافی یارمەتی لێوەربگیرێتەوە. هیواداریشین ئەمە هەژاران دوور بخاتەوە لە داوای یارمەتی".
(will prevent persons in distress from wanting relief), R. Blakey, "the History of Political Literature from the Earliest Times". London, 1855, v. II p. 84, 85.(
لەناوچوونی سیستمی کۆیلایەتی زەوی لە سکۆتلەندە، دەکەوێتە چەند سەدەیەک دوای ئینگلترە. وە تەنانەت لە ساڵی ١٦٩٨ دا، فلیتچەر لە ساڵتۆن لە پەرلەمانی سکۆتلەندیدا ڕایدەگەیەنێت: "ژمارەی سواڵکەر لە سکۆتلەندەدا لە ٢٠٠٠٠٠ کەس کەمتر نیە. وە لەگەڵ ئەوەی من لە کۆماریەکانم، بەڵام هیچ پێشنیارێکم پێ نیە بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە جگە لە ژیاندنەوەی کۆیلایەتی زەوی و کردنەوەی ئەم هەژارانە بە کۆیلە". هەروەها ئێدن لە کتێبەکەیدا "The State of the Poor, v. I, p. 60, 61" دەڵێت: "ئەوە ئازادی جووتیارانە دەبێتە مایەی هەژاری. مانیفاکتۆرەو بازرگانی، باوک و دایکی هەژارین". بەڵام ئێدن و ئەو کۆماریەی پێشتر ناومان هێنا، تەنها هەڵەیەکی

**پەیوەندیە کۆنەکانی موڵکدارێتی زەوی. بەڵام هەر ئەوەندەی مافی کڵێسایی وون بوو، ئیتر چیتر ئەو پەیوەندیە توانای مانەوەی نەما[16].**

**وە تەنانەت هەتا کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمیش، ئازادەکان، جووتیارە سەربەخۆکان، ژمارەیان زیاتر بوو لە خاوەن کێڵگەکان. ئەمە هێزی بڕبڕە پشتی کرۆمۆیل بوو، بە دان پێدانانی ماکۆڵیش ئەمانە هەر لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئۆرۆستۆکراسیە سەرخۆشەکاندا مابوونەوە؛ قەشەکانی لادێیش وەک خزمەتچی، بە چەپکە گوڵینەی هاوسەرگیری، گوناهی عەشیقە کۆنەکانی ئەو ئۆرۆستۆکراسیانەیان دەپۆشی و دەیاندان بە شوو. بەڵام ئەو کاتەیش، هێشتا کرێکارە کرێگرتەکانی لادێ، هاوبەش مابوونەوە لە موڵکە هاوبەشەکاندا. وە لە دەوروبەری ١٧٥٠ دا جووتیارە ئازادەکان لەنێو چوون[17]، وە ئیتر هەتا کۆتایی سەدەی**

---

بچووکیان هەبوو: ئەوە لەناوچوونی کۆیلایەتی زەوی نیە ئەوانی کردۆتە پرۆلیتاریاو هەژار، بەڵکو لەناوبردنی موڵکدارێتی زەویە، -لە فەرەنسادا کە بەشێوەیەکی تر داماڵین لە زەوی ڕوویداوە، یاساکەی مۆلان لە ساڵی ١٥٦٦ و ڕێوشوێنەکانی ساڵی ١٦٥٦ یش، هەروەک یاسا ئینگلیزیەکانە سەبارەت هەژاران.

[16]. هێرِ رۆگەرس، لەگەڵ ئەوەی ئەوکاتە پرۆفیسۆری ئابووری سیاسی بووە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، لە ناوەندی ئەرتودۆکسە پرۆتستانتیەکان، لە پێشەکی کتێبەکەیدا "History of Agriculture" باس لەوە دەکات کە ئەوە ڕێفۆرم بوو هەژاریی جەماوەری میلیی خستەوە.

[17]. A Letter to Sir T. C. Bunbury, Bart., on the High Price of Provisions. By a Suffolk Gentleman." Ipswich, 1795, p. 4 بەڵام تەنانەت لایەنگرە فەناتیکارەکانی خاوەن کێڵگەکان زۆر بوون، دانراوی: Inquiry into the Connexion between the Present Price of Provisions," London, 1773, p. 139. دەڵێت: بەداخەم، زۆر بەداخم، بۆ لەناوچوونی یۆمێنەکان (جووتیارە ئازادە سەربەخۆکان)، ئەو توێژاڵەی بەکردەوە سەربەخۆیی نەتەوەکەمانیان دەپاراست. وە زۆر ئازاری پێ دەخۆم کە ئێستا زەویەکانیان لەژێر دەستی لۆردە مۆنۆپۆلەکاندایە، وە لە جووتیارە بچووکەکانەوە بەکرێ دەگیرێت بەو مەرجانەی کە هیچ باشتر نین لە وابەستەکانیان و دەشتوانن دەریان بکەن هەرکات شتێکی شووم ڕوویدا".

هەژدەهەم، دواین شوێنەواری زەویە هاوبەشەکانی کرێکارانی کشتوکاڵییش لەنێو چوو. لێرەیشدا دینەمۆی ئابووری ئەو شۆڕشە کشتوکاڵیە دەخەینە لاوەو تەنها ئەو ئامرازە توندوتیژانە دەپشکنین کە لەناوچوونی ئەو هاوبەشێتیانەی تێدا وەدی هات.

لە سەردەمی گەڕانەوەی ئال ستیوارتدا، خاوەن زەویەکان، مۆرکێکی "یاساییان" دایە ئەو داگیرکاریانەی لە هەموو شوێنێکی کیشوەرەکەدا ڕوویدابوو، ئیتر بەبێ هیچ شێوەیەکی یاسایی. دەستووری دەرەبەگایەتی زەوی لەنێوچوو، واتە ئیتر ڕزگاریان بوو لە هەموو بەرپرسیارێتیەک بەرامبەر بە دەوڵەت، دەوڵەت گرێبەستی "بێ زیان" ی خستە جێگایان وەک سەپاندنی باجی دەوڵەت بەسەر جووتیاران و هەموو دانیشتواندا، دواجاریش کرێکارانی لادێکان لە ئینگلترەدا، یاسای نیشتەجێ بوون سەپێنرا بەسەریانداو کرانە پاشکۆی خاوەن زەویەکان، ئەمە هەروەک چۆن بۆریس گۆدونۆڤسی تەتەری، بە فەرمانێک جووتیارە ڕووسیەکانی کردە پاشکۆی بەرژەوەندیەکانی خۆیان.

"شۆڕشە نەمرەکە" خاوەن موڵکە سەرمایەدارەکان و خاوەن پیشەسازیەکانی لەگەڵ ویلیامی سێهەمدا لە ئۆرانگ[18] خستە

---

[18]. ئەمەی خوارەوە دەرخستنی ڕووخسارە ئەخلاقیەکەی ئەم پاڵەوانە برجوازیەیە: "زەویە فراوانەکانی ئیرلەندە، کە لە ساڵی ١٦٩٥ دا پێشکەش کراوە بە خاتوو ئۆرکەنی -ئا ئەوە ئاشکراترین نموونەیە لە ئاستی خۆشەویستی شاو مەزنێتی نفوزی ئەم خاتوونەدا ... ئەو خزمەتگوزاریە چاکەکاریانەیەی خاتوو ئۆرکەنی پێشکەشی کردوون، بریتیە لە foeda labiorum ministeria [خزمەتگواریی دڵداریەکی چەپەڵ]. (کۆمەڵە دەستنووسێک کە سوون کۆی کردوونەتەوە لە مۆزەخانەی بریتانیادا، ژمارە ٤٢٢٣) کە پڕە لە شتی سەیر، ناونیشانەکەیشی ئەمەیە:

**سەر تەختی دەسەڵات. وە ئیتر ئەمانە سەردەمی نوێیان تەرخان کرد بۆ تاڵان کردنی هەموو موڵک و ماڵی دەوڵەت، ئەمە لەکاتێکا ئەوانەی ڕابووردوو ڕازی بوون بە دزیەکی کەم. وە ئیتر موڵکی دەوڵەت دەکرایە دیاری، بە نرخێکی ئێجگار هەرزان تاڵانفرۆش دەکرا، یان زۆر سادە، هەر چەتەگەریانە، بە ئاشکرا دەخرانە سەر موڵک و زەویوزاری تایبەتی[19]. ئیتر ئەمە بەبێ گوێدانە هیچ شێوەیەکی یاسایی. هەر بەم جۆرە، زەویەکانی تاج، بە فڕوفێڵ وەدەستهێنران، ئەمەیش شان بەشانی تاڵان کردنی زەویوزاری کڵێسا، بەو ناوەوە کە گوایە ئەمانە ئیتر جارێکی تر، لە سەردەمی کۆماریدا لەناوناچن، وە هەر ئەمەیشە بنچینەی موڵک و ماڵی فەرمانڕەوا ئۆرۆستۆکراسیە ئۆلیگارکیەکانی ئەمڕۆی ئینگلیز پێکدەهێنێت[20]. برجوازیە سەرمایەدارەکان ئەم پرۆسێسەیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان تا بتوانن لە هەمانکاتدا، زەویشی پێ بکەنە کاڵایەک بۆ بازرگانی ئازادو مەیدانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی گەورەیشی پێ فراوان بکەن، وە شەپۆلی پرۆلێتێرە بێ مافەکانیشی پێ بەهێز بکەن بەرەو شارەکان، هتد. سەرباری ئەمە، ئۆرۆستۆکراتە ئینگلیزیە نوێکانی زەوی، هاوپەیمانێکی سروشتیی بانکۆکراتە تازەکان بوون، ئەو**

---

The character and behaviour of King William, Sunderland etc. as represented in Original Letters to the Duke of Shrewsbury from Somers, Halifax, Oxford, Secretary Vernon etc

[19]. بەخشینی نایاسایی زەویوزاری تاج، ئیتر بەشێکی بەفرۆشتن و بەشێکیشی بە دیاری، بەشێکە لە ئابڕووچونەکان لە مێژووی ئینگلیزیدا ... ئەمەیش خەڵەتاندنێکی ئێجگار گەورەی هەموو نەتەوەکەیە (gigantic fraud on the nation)". F. W. Newman, "Lectures on Political Economy." London, 1851, pp. 129, 130). بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خاوەن موڵکە گەورەکانی ئینگلیز، بڕوانە: [ "Our Old Nobility. By Noblesse Oblige." London, 1879. — *F. E*]

[20]. دەتوانن بۆ نموونە نامیلکەکەی E. Burke بخوێننەوە "tomtit of Liberalism" دەربارەی بنەچەی میرەکان لە بێدفۆرد کە لۆرد جۆن رەسل یەکێکە لەوان.

خاوەن داراییە گەورانەی تازە سەریان لە هێلکە دەرهێنابوو، ئەمە لەگەڵ ئەو خاوەن مانیفاکتۆرە گەورانەیش کە ئەو دەمە بە یاسا گومرگیەکان دەپارێزران. لەمەیشدا برجوازیەتی ئینگلیزی، هەروەک برجوازیەتی سویدی، شارەزایانە، لە بەرژەوەندی خۆی کاری دەکرد، وە دەست لەناو دەست لەگەڵ هاوپەیمانە ئابووریەکانیدا، واتە جووتیاران، پرۆسەکەی پێچەوانە کردەوە، وە لایەنگیری پادشاکانیشیان کرد تا بە زەبروزەنگ، ئۆلیگارکیەکان لە زەوی تاج دابماڵن، ئەمەیش هەر لە ١٦٠٤ وە، لە سەردەمی کارلی دەهەم و کارلی یانزەهەمدا ڕوویدا.

بەڵام زەوی هاوبەش -کە زۆر جیاوازە لەو موڵکایەتیە دەوڵەتیەی باسمان کرد- دامودەزگایەکی جێرمانی کۆن بوو کە هێشتا لەژێر پەردەی دەرەبەگایەتیدا مابووەوە. وە بینیشمان چۆن ئۆرۆستۆکراسیە دەرەبەگەکان، بە هێرشی پڕ لە زەبروزەنگ، زەویە کشتوکاڵیەکانیان کردە لەوەڕگەی مەڕومالات، سەرەتای ئەو پرۆسێسەیش لە سەدەی پانزەهەمەوە دەست پێدەکات و بەسەر هەموو سەدەی شانزەهەمدا تێدەپەڕێت. بەڵام ئەودەمە، ئەو پرۆسێسە فۆرمی توندوتیژیی تاککەسی وەرگرتبوو کە یاسا، ماوەی ١٥٠ ساڵی تەواو دژی وەستابووەوە. ئەو یاسایەی لە سەدەی هەژدەهەمدا دەرکرا، خۆی بووە ئامرازێک بۆ بە تاڵان بردنی زەویە هاوبەشەکانی میللەت، خاوەن کێڵگە گەورەکانیش لە پاڵ ئەمەدا مێتودی تایبەتیی خۆیانیان بەکاردەهێنا[21]. وە

[21]. "خاوەن کێڵگەکان دانیشتوانی خانۆچکەکانیان قەدەغە دەکرد، جگە لە خۆیان، نابێت هیچ جۆرە گیاندارێکی تر بگرنە خۆیان، ئەمەیش بە بیانووی ئەوەی ئەگەر ئاژەڵ و پەلەوەریان هەبێت، ئەوکاتە ئالیکیان لە گەوڕی خاوەن کێڵگەکانەوە بۆ دەدزن. هەروەها دەشڵێن: "بۆ ئەوەی دانیشتوانی نێو خانۆچکەکان چالاکتر بن، ئەوا با بە هەژاری بمێننەوە. بەلام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە خاوەن کێڵگەکان، ئەم مێتودەیان بەکاردەهێنا بۆ داگیر کردنی زەویە هاوبەشەکان بۆ خۆیان.

"Bills for Inclousures of Commons" (پرۆژە یاسای پەرژین کردنی موڵکی هاوبەش)، واتە ئەو یاسایانەی دانرابوون بۆ ئەوەی سەروەرەکانی زەوی بەهۆیەوە، زەوی میللەت ببەخشن بە خۆیان و بیکەنە موڵکی تایبەتی، یاسای ڕووت کردنەوەی میللەت لە موڵکدارێتی -ئەو یاسایەنە شێوەی پەرلەمانیی ئەو تاڵان کردنە بوو. سێر ف. م. ئێدن لەو کەسانە بوو هەوڵی ئەدا، وێنەیەکی ئەو موڵکدارێتیە هاوبەشە، وەک موڵکی تایبەتیی ئەو خاوەن زەویە گەورانە نیشان بدات کە جێگای دەرەبەگەکانیان گرتبۆوە، بەڵام هەر خۆیشی؛ ئەو گووتە حیلەبازانەیەی خۆی بەدرۆ دەخاتەوە کاتێک داوا دەکات دەبێت "پەرژین کردنی موڵکی هاوبەش ئەرکی پەرلەمان بێت"، واتە ڕایدەگەیەنێت کە بریارێکی پەرلەمانی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو زەویانە بکرێنە موڵکدارێتی تایبەتی، لە لایەکی تریشەوە پێدادەگرێت لەسەر ئەوەی بە یاسا "زیانی" ئەو هەژارانە ببژێرن کە لە موڵکیەتەکەیان ڕووت کراونەتەوە[22].

بێگومان ئەگەر هیچ داگیرکاریەک نەبوایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە، هیچ شتێکیش نەدەبوو داوای بژاردنی زیان بکەن بۆی*.

کاتێک ئەو جووتیارە بچووکانەی ساڵانە زەوییان بەکرێ دەگرت (tenants-at-will) جێگای ئازادەکانیان گرتەوە، ئەوانەی

---

A Political Inquiry into the Consequences of Enclosing Waste Lands.” London, 1785, p. 75

[22]. گووتەکانی "Eden. "The State and the Poor

* دواین ڕستە لە چاپی فەرەنسی وەرگیراوە (تێبینی وەرگێڕی سویدی). ئەو دێڕە لە چاپی ئینگلیزی و چاپی عەرەبی مۆسکۆدا نیە، بەڵام وەک دەزانین، خودی مارکس خۆی، لە پێداچوونەوەدا بە وەرگێڕانی فەرەنسیدا، گەلێکی بۆ سەرمایە زیاد کردووە یان لابردووە. وەرگێڕی سویدی ئەو ڕستەیەی لە چاپە فەرەنسیەکەی سەرمایەوە هێناوە (وەرگێڕ).

هەروەک کۆیلەیەکی ڕسوا، چارەنووسیان بەسترا بوو بە زەبری سەروەرەکەیانەوە لە زەویدا، ئینجا دوای ئەوە، تاڵان کردنێکی سیستماتیکی زەویی هاوبەش، لە پاڵ تاڵان کردنی موڵکی دەوڵەتدا، هاوبەشیەکی گەورەی کرد لە دروستکردنی ئەو کێڵگە هەرە گەورانەدا کە لە سەدەی هەژدەهەمدا ناودەبران بە کێڵگە زەبەللاحەکان[23] یان کێڵگە بازرگانیەکان[24]؛ ئەم هۆکارانەیش هاوبەشیەکی زۆریان کرد لە کردنی دانیشتوانی دێهاتەکاندا بە پرۆلیتاریا، لە "ئازاد کردنیاندا" لە پێناوی پیشەسازیدا.

لە سەدەی هەژدەهەمدا ئەوەندەی سەدەی نۆزدەهەم، بە ڕوونی ئەوە نەدەبینرا کە سامانی نەتەوەیی و هەژاری میللەت هەریەک شتن. وە هەر ئەمەیش هۆکار بووە بۆ ئەوەی لەو دەمەدا، ڕاوێژێکی ئێجگار توند، ئەدەبی ئابووری داگیر بکات دەربارەی پەرژین کردنی موڵکە هاوبەشەکان. وە بۆ ئەوەی وێنەیەکی زیندووی ئەو بارودۆخە نیشان بدەم، چەند هەڵبژاردەیەک لەو ماتریالە گەورەیە دەخەمەڕوو کە لەبەردەستمدایە.

خامەیەکی تووڕە دەنووسێت:

---

.[23] Capital Farms.” Two letters on the Flour Trade and the Dearness of Corn. By a person in business. London, 1767, pp. 19, 20

.[24] Merchant Farms.” “An Enquiry into the Causes of the Present High Price of Provisions.” London, 1767, p. 11. Note.— This excellent work, that was published anonymously, is by the Rev. Nathaniel Forster

ئەم دانراوە نایابە کە بە نهێنی بڵاوکراوەتەوە، لە نووسینی قەشەیەکە بە ناوی ناتانییل فۆستەر.

"لە زۆربەی ناوچەکانی هێرتفۆردشێردا ٢٤ کێڵگە هەیە کە ڕووبەرەکانیان لە نێوان ٥٠ و ١٥٠ ئەکردایەو کراوەتە ٣ کێڵگە[25]. لە نۆرسهامپتنشێرو لینکۆڵنشێر پەرژین کردنی زەوییە هاوبەشەکان ئێجگار فراوانە، بەو هۆیەیشەوە، زۆربەی زەویە گەورەکان کراونەتە لەوەڕگە؛ لەبەر ئەوە زۆربەی ئەمانە ٥٠ ئەکریان لێ ناکێڵرێت، لەکاتێکا کە جاران ١٥٠٠ ئەکریان لێ دەکێڵرا ... کەلاوەکۆن و خانووی کۆن و گەوڕو مەخزەنی دانەوێڵە، تاکە شوێنەواری ئەو دانیشتوانەی ڕابووردوون".
"لە هەندێ شوێندا، لە ژمارەی ١٠٠ خێزان و خانوو ... تەنها ٨ هەتا ١٠ یان لێ ماوەتەوە ... لە زۆربەی ئەو ناوچانەیشدا کە لەم ١٥ و ٢٠ ساڵەی دواییدا پەرژین کراون، ژمارەیەکی کەم لەو جووتیارانە ماونەتەوە کە بە زەوی چاندنەوە خەریکن. جێی سەرسووڕمانیش نیە کە ٤ یان ٥ لە دەوڵەمەندە ئاژەڵدارەکان، زەویە گەورەکانیان داگیر کردبێت، کە ئەمانە جاران لە نێو ٢٠-٣٠ خاوەن کێڵگەو ژمارەیەک موڵکداری بچووک و کرێکاری کشتوکاڵیدا دابەش کرابوون. ئەمانە هەموویان، بە خێزانەکانیشیانەوە، لە زەویەکانیان دەرکراون، ئەمە بەو خێزانانەیشەوە کە لەلای ئەوان کارو بژێویان دەست کەوتبوو"[26].

وە بە بیانووی پەرژین کردنەوە، سەروەرەکانی زەوی هەر ئەو زەویانەیان داگیر نەکرد کە بەجێ هێڵرابوون، بەڵکو گەلێجار، تەنانەت ئەو زەویانەشیان داگیر کرد کە بەکۆمەڵ دادەچێنران یان لە تاکە کەسێکەوە دەچێنرا بەرامبەر بە بڕێک پارە بۆ شارەوانی.

"من لێرەدا لە پەرژین کردنی ئەو کێڵگەو زەویە کراوانە دەدوێم کە ناوچەی کشتوکاڵی بوون. وە تەنانەت ئەوانەیشی بەرگری لەم پەرژین

---

[25]. Thomas Wright: "A Short Address to the Public on the Monopoly of Large Farms," 1779, pp. 2, 3

[26]. Rev. Addington: "Inquiry into the Reasons for or against Enclosing Open Fields," London, 1772, pp. 37, 43 passim

کردنە دەکەن، دان بەوەدا دەنێن کە ئەمە ڕۆڵی مۆنۆپۆل کردنی خاوەن زەویە گەورەکان زیاد دەکات، نرخی پێداویستیەکانی ژیان بەرز دەکاتەوە، کۆچ کردنیش لەو ناوچانەوە زیاد دەکات ... وە تەنانەت پەرژین کردنی زەویە خاڵیەکانیش، ئا بەو جۆرەی وەک ئێستا پراکتیزە دەکرێت، هەژاران لە بەشێک لە ئامرازەکانی بژێویان بێ بەش دەکات، ئەمە هەروەک چۆن خاوەن کێڵگەکان، زیاترو زیاتر هەڵدەئاوسێنێت"[27].

دکتۆر برایس دەنووسێت و دەڵێت: "ئەگەر زەوی کەوتە دەستی ژمارەیەکی کەم لە خاوەن کێڵگەکان، ئەوکاتە ئەو جووتیارە بچووکانەی گوزەرانی خۆیان و خێزانەکانیان دابین دەکەن بەهۆی ئەو زەویەوە کە دەیکێڵن و بەهۆی ئەو مەڕوماڵاتەوە کە بەخێویان دەکەن لە زەویە هاوبەشەکاندا، جگە لە پەلەوەرو بەرازو هتد، ئەوکاتە پێویستیان بەوە نابێت لە بازاڕ ئامرازەکانی بژێویان بکڕن". "ئەمانە ناچار دەبن بە وەدەست خستنی ئامرازەکانی ژیانیان بە کارکردن بۆ خەڵکی تر، وە بە کڕینی هەرچی کە پێویستیانە لە بازاڕدا ... وە لەوانەیە زیاتریش کار بکەن ... شارەکان و مانیفاکتۆرەکان هەر گەشە دەکەن، چونکە ئەوان ژمارەی زیاتریان لێ دەردەکرێت و ناچاری گەڕان دەبن بە دوای کاردا. ئەمە دەرئەنجامی سروشتیی فراوان بوونی ئەو کێڵگە گەورانەیە، کە ئەمە ساڵانێکە کاری خۆی کردۆتە سەر ئەم مەملەکەتەمان"[28]

دەرئەنجامە گشتیەکانی ئەم پەرژین کردنانەیش بەم جۆرە باس دەکات:

"بە شێوەیەکی گشتی، باری چینەکانی خوارەوەی گەل لە هەموو ڕوویەکەوە، ناهەموار بووە. بارودۆخی موڵکدارو خاوەن کێڵگە بچووکەکانیش دابەزیوە بۆ ئاستی کرێکاران و ڕەنجبەران، وە هەتا دێت

---

[27]. Dr. R. Price, l. c., v. ii., p. 155, Observation on Reversionary Payments, 6 ed - فۆستەر وادینگتن بخوێنەرەوە لەگەڵ کەنت و برایس وجەیمس ئەندرسۆن و بەراووردی چەنەبازیەکانی ماک کۆڵۆگ بکە لە دەلیلە هیچ و پووچەکانیدا: The Literature of Political Economy,” London, 1845

[28]. هەمان سەرچاوە: Price, l. c., p. 147

وەدەست خستنی پێداویستیەکانی بژێویان لەو بارودۆخەدا، سەختتر دەبێت"[29].

وە بەکردەوە، داگیرکردنی زەویە هاوبەشەکان و ئەو وەرچەرخانەی لە کشتوکاڵدا ڕوویدا، دەرئەنجامێکی ئێجگار خراپی لەسەر ژیانی کرێکارە کشتوکاڵیەکان بەجێهێشت، کرێی کارەکانیشیان لە نێوان ساڵەکانی ١٧٦٥-١٧٨٠ دا، بەپێی قسەی ئێدن خۆی، تا ئاستی خوار لانی کەمی کرێ دابەزی، بەشێوەیەک کە دەبوایە ئەمە بە خێروسەدەقە پڕ بکرایەتەوە بۆیان. "کرێی کار"، وەک ئێدن دەڵێت "هەر تەنها بەشی دابین کردنی پێداویستیە هەرە گرنگەکانی بژێوی کردووە".

با ئێستا گوێیەکیش لە یەکێک لە لایەنگرانی پەرژینەکان بگرین، واتە دژێکی دکتۆر برایس:

[29]. هەمان سەرچاوە: Dr. R. Price، لاپەڕە ١٥٩، ئەمە ڕۆمای کۆنمان یاد دەخاتەوە: "دەوڵەمەندەکان دەستیان گرت بەسەر گەورەترین بەشی ناوچە نەچێنراوەکاندا. وە بەهۆی بارودۆخی ئەو زەمانەیشەوە، زۆر دڵنیا بوون لەوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم زەویانەیان لێ ناسەنرێتەوە، بۆیە ئەو پارچە زەویانەشیان بە کڕین یان داگیر کردن، لەو هەژارانە زەوت کرد کە لەو دەوروبەرەدا دەژیان. بەم شێوازە، ڕووبەرێکی فراوانیان لە زەوی کەوتە ژێردەست، لەبری پارچە زەویی پچڕ پچڕ. کۆیلەشیان بەکاردەهێنا بۆ کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ، ئەمەیش بەوهۆیەوە کە ئازادەکان دەبران بۆ خزمەتی سەربازی. کۆیلەدارییش سوودێکی گەورەی تریشی پێدەگەیاندن، ئەویش ئەوە بوو کە ئەو کۆیلانە لەلای خێزانەکانیان دەمانەوەو مناڵیکی زۆریان دەبوو. بەم شێوازەیشیان ئەو دەسەڵاتدارانە هەموو سامانێکیان بۆ خۆیان داگیر دەکردو ناوچەکەشیان پڕ دەکرد لە کۆیلە. بەڵام ئیتالیەکان هەر ژمارەیان کەمترو کەمتر دەبووەوە، ئەمەیش بەهۆی هەژاری و باج و خزمەتی سەبازیەوە. کاتێکش سەردەمی ئاشتی دەهاتەوە، کارگەرانی لادێ دەبوونە زێدەو بێکارە، چونکە خاوەن کێلگەکان هەموو زەویەکانیان لەژێر دەستدا بوو، کۆیلەشیان بەکاردەهێنا لە کشتوکاڵدا لە بری جووتیارە ئازادەکان (Appian: “Civil Wars,” I.7.). ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یاساکانی لیسینیۆس. خزمەتی سەربازی کە خەڵکە ڕەشۆکیەکەی ڕۆمای تووشی ماڵوێرانی کرد، یەکێک بوو لە ئامرازە گرنگەکانی دەستی کارلی گەورە بۆ ئەوەی جووتیارە ئەڵمانیە ئازادەکانیش بکاتە کۆیلەی زەوی.

"ئەو دەرئەنجامە هەڵەیە کە دەڵێت دەبێت وەک پێویست ووڵات خاڵی بێت لە دانیشتوان، ئینجا ئیتر خەڵکی وەخت بەفیڕۆ نادەن لە مەیدانی کارکردندا ... ئەگەر کار زۆرتر بکرێت، ئەوا ئەو جووتیارە بچووکانەی بوونەتە کرێکارو بۆ کەسانی تر کار دەکەن، سوودێکی باش بە نەتەوەکەمان دەگەیەنن" (بێگومان ئەم سوودە باشە ئەو جووتیارانە خۆیان ناگرێتەوە) "بەرهەم زیاد دەکات کاتێک ژمارەیەک کرێکار لە یەک کێڵگەدا کار دەکەن، بەمەیش شتێکی زیاترمان دەست دەکەوێت بۆ مانیفاکتۆرەکان، کانەکانی ئاڵتوون نموونەیەکن لەوانەی کە ڕێژەیان هەر زیاد دەکات بە بەروورد لەگەڵ بەرهەمەکانی دانەوێڵە"[30].

مستر ف. م. ئێدن، کە تەنانەت سەر بە حیزبی تۆریە و "خێرخوازیشە"، شەهادەتێکی تەواو دەدات لەسەر ئەو ڕۆحە پاکەی ئابووریزانەکان پێی دەڕواننە ئەو هێرشە چەپەڵەی دەکرێتە سەر "مافی موڵکدارێتی پیرۆز" و ئەو زەبروزەنگە مەترسیدارەی بەرامبەر مرۆڤ دەکرێت، ئەمە کاتێک داڕێژانی بنچینەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، پێویستی کرد. وە دەربارەی ئەو ژمارە بێ کۆتاییەیش لە تاڵانی و ستەمکاری و سووکایەتی پێکردن، وە بەدەم داماڵینی میللەتەوە لە موڵکایەتیەکەی بە زەبروزەنگ؛ هەر لە سێهەمین بەشی سەدەی ١٥-هەمەوە هەتا کۆتایی سەدەی ١٨-هەم، ئێدن بە دەرئەنجامێکمان دەگەیەنێت  کە بۆ خۆی "ئاسانە":

---

[30]. J. Arbuthnot, An Inquiry into the Connexion between the Present Price of Provisions,& c.,” pp. 124, 129 بەهەمان کاریگەریەوە، بەڵام بە مەیلێکی پێچەوانەوە: "کرێکاران لە خانووەکانیان دەردەپەڕێنرێنە دەرەوەو ڕاو دەنرێن بەرەو شارەکان بۆ ئەوەی لەوێ لەدوی کار بگەڕێن -بەوەیش بەرهەم زیاتر ببێت و سەرمایەیش زیاتر گەشە بکات" (The Perils of the Nation,” 2nd ed. London., 1843, p. 14).

"دەبوایە ڕێژەی پێویست لە نێوان زەوی کێڵراوو لەوەڕگەدا دیاری بکرایە. لە ماوەی هەموو سەدەی ١٤-هەم و بەشێکی زۆری سەدەی ١٥-هەمیشدا، بەرامبەر بە هەر ١ ئەکر لە لەوەڕگە، ٢ یان ٣ وە یان ٤ ئەکر لە زەوی کێڵراو هەبووە. لە ناوەڕاستی سەدەی ١٦-هەمیشەوە، ئەم ڕێژانە گۆڕدراون بۆ ٢:٢ وە دواتریش بۆ ٢ ئەکر لەوەڕگە: ١ ئەکر زەوی کێڵراو، ئیتر ئەمە هەتا ڕێژە تەواوەکانیان دانا: ٣ ئەکر بۆ لەوەڕگەو ١ ئەکر بۆ کێڵان".

بێگومان لە سەدەی ١٩-هەمدا، تەنانەت بیرەوەریەکانی پەیوەندیی نێوان جووتیاران و موڵکدارە هاوبەشەکانیش سڕرابوونەوە. دانیشتوانی گوندەکانیش پوولێکیان پێنەدرا لە بری زیانەکانیان کە ٣٥١١٧٧٠ ئەکر بوو لە زەویە هاوبەشەکان کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٠١-١٨٣١ دا؛ بە ئاشکرا لێیان دزراو دواییش لە پەرلەمانەوە پێشکەش کرا بە سەروەرەکانی زەوی لە سەروەرەکانی زەوی خۆیانەوە -ئیتر با هەر باسی ئەوە نەکەین لە دواییدا چی ڕوویدا.

دواین گەورەترین ڕووت کردنەوەی دانیشتوانی لادێکان لە زەویەکانیان، ئەوە بوو کە دواجار ناویاننا Clearing of Estates (پاککردنەوەی زەویوزار، لەڕاستیدا هەڵفڕاندنی خەڵکی لە زەویەکانیان). هەموو مێتودە ئینگلیزیە ناسراوەکانی ڕابووردوویش، گەیشتنە دوا پلەی پرۆسێسی "پاککردنەوە". وە ئێستایش کە هیچ جووتیارێکی سەربەخۆ نەماوە ڕاو بنرێت، ئەوا -هەروەک چۆن لە فەسڵی پێشوودا بینیمان- دەستیان کردووە بەوەی بەهۆی پاککردنەوەوە، گسکێک لە خانۆچکەکانیش بدەن، ئەمەیش بۆ ئەوەی کرێکارەکانی لادێ، سەقفێک نەمێنێت بەسەر سەریانەوە لەو زەویەیشدا کە بە چاندنیەوە خەریکن. بەڵام ئایا مانای ڕاستەقینەی "Clearing of Estates" چیە، ئەوە

تەنها بە گەڕانەوەمان دەبێت بۆ بەرزاییەکانی سکۆتلەندەو ئەو ڕۆمانە مۆدێرنانەی باس لە زەویە پەیماندراوەکە[31] دەکەن. لە ئیرلەندە، خاوەن موڵکە گەورەکان، تەنها چەند دێیەکیان دەڕووخاند لە یەککاتدا، بەڵام ئەمە لە سکۆتلەندەدا، ناوچەیەکی تەواوی دەگرتەوە؛ ئەوەندەی میرنشینێک لە میرنشینەکانی ئەڵمانیا. ئەم شێوازەیش هەر تەنها لە پلان و فراوانیەکەیدا جیاوازی هەبوو، وە هەموویشی جێبەجێ دەکرا -دواجاریش بەهۆی ئەو موڵکداریە سەیرەوە کە زەویی دزراویشی تێدا تاپۆ دەکرا لەسەر خەڵکی.

سێڵتەکانی بەرزاییەکانی سکۆتلەندە کە دابەش بوو بوون بە چەند تایەفەیەکەوە، هەریەکەیان خاوەنی ئەو زەویە بوون کە خۆیان دەیانچاندو تێیدا جێگیر بوو بوون. نوێنەری تایەفەکە، سەرۆکەکەیان، یان "گەورە پیاوەکەیان"، تەنها بە زەبری نازناوەکەی خاوەنی ئەو زەویانە بوو، هەروەک چۆن پادشای ئینگلیز بە زەبری نازناوەکەی، خاوەنی هەموو زەویە ئینگلیزیەکان بوو. وە لە کاتێکا حکومەتی ئینگلیزی سەرکەوتوو بوو لە سەرکوتکردنی جەنگە ناوخۆییەکانی ئەم "گەورە پیاوانە" و کۆششە بەردەوامەکانیاندا بۆ داگیرکردنی زەویە تەختەکانی سکۆتلەندە، بەڵام هەرگیز بەمە سەرۆکی تایەفەکان وازیان لە چەتەیی نەهێنا، بەڵکو هەر تەنها شێوەکەیان گۆڕی. وە هەر خۆیان، نازناوی مافی خاوەندارێتییان گۆڕی بە مافی خاوەندارێتی تایبەتی، وە کاتێکیش ڕووبەڕووی بەرهەڵستیی ئەندامانی تایەفەکانیان بوونەوە، بڕیاریاندا، بە زەبروزەنگێکی ئاشکرا، زەویەکان بەوانەیش چۆڵ بکەن. "ئا ئەمە هەر هەمان

---

31. زەویە پەیماندراوەکە (= ارض الميعاد-promised land) (وەرگێڕ)

**مافی پادشا ئینگلیزەکانە کە بۆیان هەبووە دەستوپێوەنەکەی خۆیان فڕی بدەنە دەریایشەوە"، وەک پرۆفیسۆر نیومان دەڵێت[32].**

**دەتوانین لە لێکۆڵینەوەکانی جەیمس ستیوارت[33] و جەیمس ئەندرسۆندا[34]، چۆنیەتی گەشەو پلە سەرەتاییەکانی ئەو شۆڕشە ببینین لە سکۆتلەندەدا؛ کە وەک دەرئەنجامی ئەو دوا ڕاپەڕینە ڕوویدا کە هیچ نەبوو ئارەزوویەک نەبێت بۆ وەرگرتنی تەختی دەسەڵات. لە سەدەی هەژدەهەمدا، گایلیەکانیان لە زەویەکانیان دەرکرد، وە ڕێی کۆچ کردنیشیان لێ گرتن، بۆ ئەوەی بتوانن لەژێر زەبروزەنگدا، ناچاریان بکەن بەرەو شاری گلاسکۆو شارە پیشەسازیەکانی تر[35]. وە لەسەر هەمان تەرزی باو، لە سەدەی**

---

[32]. F. W. Newman. Lectures on Political Economy, London, 1851, p. 132

[33]. ستیوارت دەڵێت: "ئەگەر قازانجی زەوی بەراوورد بکەین بەو پارچە زەویانەو ڕووبەرەکانیان، سوودەکەی کەم دەنوێنێت. بەڵام ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانە وەربگرین کە لەسەر ئەو زەویانە دەژین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت پارچەیەکی لەوجۆرە لە بەرزاییەکانی سکۆتلەندە، دەجار زیاتر بژێوی ئەو ژمارەیە دابین دەکات بە بەراوورد لەگەڵ دەوڵەمەندترین هەرێمدا.

James Steuart, An Inquiry into the principles of Political Economy, London, 1767, v. I, ch. XVI, p. 104

(ئەو لەوەدا هەڵەی کردووە کە موڵکانەی تایەفەکەی بۆ سەرگەورەکەیان ئەژمار نەکردووە وەک قازانج).

[34]. James Anderson: “Observations on the Means of Exciting a Spirit of National Industry, &c.,” Edinburgh, 1777

[35]. ساڵی ١٨٦٠، بە گفتی درۆ، ئەوانە ڕەوانەی کەنەدا دەکرێن کە لە زەویەکانیان ڕووت کراونەتەوە. بەشێک لەمانە هەڵدێن بەرەو شاخەکان یان دوورگەکانی کەنارە خۆرئاواییەکان. پۆلیس دوای ئەمانە دەکەوێت، بەڵام ئەوان بەدەم پێکدادانەوە، سەرلەنوێ هەڵدەهاتنەوە.

**هەژدەهەمدا[36]، ژمارەیەک "پاککردنەوە" ی تر ڕوویدا لە میرێکی ئافرەتەوە بەناوی ساترلاندەوە. وە هەر ئەوەندەی فەرمانڕەوایی کەوتە دەست ئەو خانمە کە شارەزاییەکی فراوانی لە ئابووری سیاسیشدا هەبوو، هەر بە خێرایی بریاری چارەسەرێکی بنەڕەتیی ڕاگەیاند، وە لە پێناوی مەڕومالاّتدا، زەویەکانی هەموو میرەکانی کردە لەوەڕگە کە پێشتریش بەهۆی بریارەکانی ڕابووردووەوە، ژمارەی دانیشتوانەکەی بووبووە ١٥٠٠٠ کەس. وە لە ١٨١٤ وە هەتا ١٨٣٠، ئەو ژمارەیە بووبووە ٣٠٠٠ سەر خێزان،**

---

[36]. لە ساڵی ١٨١٤ دا، بیۆکینان، کۆمێنتاردەری ئادام سمیس دەڵێت: "لە بەرزاییەکانی سکۆتلەندەدا، بەردەوام پەیوەندیەکانی موڵکایەتی کۆن بەرەو نەمان دەچێت ... ئیتر ئەمە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێ میراتگری ئەو زەویە بەکرێگیراوانەیە، بەڵکو دەدرێنە کرێ بەو کەسەی بەرزترین کرێ دەدات، وە ئەگەر ئەو کەسە زەوی چاککەر بێت، ئەوا هەر یەکسەر مێتودە نوێکان بەکاردەهێنێت لە کشتوکاڵدا. ئەو زەویانەیشی پێشتر جووتیارە بچووکەکان بەکاریان دەهێنان، چڕی دانیشتوانەکانی بەپێی دەستکەوتی زەویەکان بووە لە بەرهەمهێناندا، بەڵام لە سایەی سیستمی نوێداو لەگەڵ مێتودی باشتردا بۆ کشتوکاڵ و قازانجی بەرزتری زەویدا، بە کەمترین تێچوون زۆرترین دەستکەوت وەگیر دەخەن، هەر بەوهۆیەیشەوە هەموو ئەو کرێکارانە دەبنە زیادەو دووردەخرێنەوە، ژمارەی دانیشتوانیشی کەمتر دەبنەوە، ئەمەیش لەو ڕوانگەیەوە نا کە وولات چەندی پێویستە، بەڵکو لەو دیدگایەوە کە چەندێک قازانج زیاتر دەدات. وە ئیتر ئەوانەی لە جیگای نیشتەجێ بوونیان دەردەکرێن، بۆ بژێوییان، ڕوودەکەنە شارەکان.

(David Buchanan: “Observations on, &c., A. Smith’s Wealth of Nations.” Edinburgh, 1814, vol. iv., p. 144.)

ئۆرۆستۆکراسیەکانی سکۆتلەند بەجۆرێک ئەو خێزانانەیان پاک کردەوە، هەروەک چۆن بژاری زەوی دەکەیت، وە هەروەک چۆن مامەڵەی هیندیە سوورەکان دەکرا، ئا بەوجۆرە مامەڵەی دێهات و خەڵکەکەی خۆیانیان دەکرد، ئەمە هەروەک چۆن کاتێک ئاژەڵە دڕندە دەرکراوەکانیش لە هیلانەکانیان، تۆڵەی خۆیان دەسەننەوە. مرۆڤ دەبەخشرێت بە پێستەی مەڕ یان بە ڕانی مەڕێک وە یان بە هەرزانتریش ... ئەمە ئێجگار خراپتر بوو لە کردەوەی ئەو مەنگۆلیانەی خۆیان کوتایە چینەوەو دانیشتوانە باکووریەکەیان لەناوبرد تا بتوانن زەویەکانیان بکەنە لەوەڕگە. زۆر لە سەروەرەکانی زەوی لە سکۆتلەندەدا، خەڵکەکەی خۆیانیان لە زەویەکانی خۆیاندا، بە هەمان شێوە مامەڵە دەکرد".

(George Ensor: “An Inquiry Concerning the Population of Nations.” Lond,. 1818, pp. 215, 216.)

ئەمەیش بەهۆی دەرکردن و لەناوبردنێکی سیستماتیکییانەوە کە بە وێرانکران و سوتاندنی هەموو دێهاتەکان کۆتایی هات، زەویە چێنراوەکانیش کرانە لەوەڕگە. فەرمانیش بە سوپای ئینگلیزی درا دەست بکات بە لەسێدارەدان، بەجۆرێک کە ئەو بارودۆخە، گەیشتە ئاستی جەنگێکی ڕاستەقینە دژی دانیشتوانە ناوخۆییەکەی. پیرێژنێکیان لە خانۆچکەکەیدا سووتاند لەبەر ئەوەی نەیدەویست جێی بهێڵێت. ئا بەم شێوەیە، ئەو خانمە بووە خاوەنی ٧٩٤٠٠٠ ئەکر زەوی کە لە دێرزەمانەوە موڵکی ئەو تایەفانە بوون. وە لە کەنار دەریادا، ٦٠٠٠ ئەکر زەوویيان بۆ ئەو هەموو دانیشتوانە تەرخان کرد، واتە ٢ ئەکر بۆ هەر خێزانیک. ئەم ٦٠٠٠ ئەکرە لەوەوبەر چۆڵ بوون و هیچ داهاتێکیان نەبوو بۆ خاوەنەکانیان. ئەم ئەمیرە لە لووتبەرزیە ئۆرۆستۆکراسیەکەی خۆیەوە، ئەم زەویانەیشی بە بەرابەری ٢ شیلینگ و ٦ پێنس دەدا بەو خێزانانە بۆ هەر ئەکرێک بە ڕێژەیەکی مامناوەندی، بۆ هەر تاکێکی ئەو تایەفەیەی کە چەندان سەدە خوێنی خۆیان لە پێناوی تایەفەکەی ئەم خانمەدا ڕشتبوو. ئەم خانمە هەموو ئەو زەویانە لە تایەفەکانیان داگیر دەکات و دابەشی دەکات بە ٢٩ کێڵگەی گەورەی ئامادەکراو بۆ بەخێوکردنی مەڕومالأت. لە هەر یەکێک لەم کێڵگانەیشدا، تەنها یەک خێزان دەژیا، زۆربەشیان ئینگلیز بوون. وە ئیتر هەر لە ١٨٣٥ وە، ١٣١٠٠٠ سەر مەڕ، خرایە جێگای ١٥٠٠٠ لە گایلیەکان. ژمارەیەکیش لە دانیشتوانەکەی کەنار دەریا، دەیانەویست لەسەر ڕاوی ماسی بژین. ئەمانە بوونە ووشکاوەکی، وە وەک نووسەرێکی ئینگلیزی دەڵێت، نیوەیان لەسەر زەوی بوو نیوەشیان لە ناو ئاودا، وە ئیتر زەوی نێوەی ژیانیانی دابین دەکرد و ئاویش نیوەکەی تری[37].

---

[37]. کاتێک میری ساترلاندی ئێستا، پێشوازیەکی گەورەی میسز بیچەر-ستۆوی کرد لە

بەڵام گایلیە شەرەفمەندەکان، چاوەڕێی کارەساتی نوێی دڵتەزێنتر بوون لە بەرامبەر ملکەچ بوونێکی ڕۆمانسیانەی دەشتەکیدا بۆ "پیاوە" "گەورەکانی" تایەفەکەیان. "پیاوە گەورەکان" بۆنی ماسی چوو بە لووتیاندا، بۆنی قازانج، وە کەناری دەریاکانیشیان دا بە کرێ بە بازرگانە گەورەکانی ماسی لە لەندەن. وە ئیتر بۆ دووهەمجاریش گایلیەکان دەرکرانەوە[38].

بەشێکیش لە لەوەڕگەکان لە دواجاردا، بوونە جێگای ڕاو کردن. وەک دەشزانین لە ئینگلترەدا دارستانی گەورە کەمە. بۆیە ئەو ئاژەڵە کێویەی لە باخەکانی ئۆرۆستۆکراسیەکاندا دەژیان، بە ئاژەڵی ماڵی دادەنران و هەروەک پیرەکانی لەندەن قەڵەو دەبوون. بەم مانایەیش سکۆتلەندە جێگای ڕاووشکارو سەیرانی ئۆرۆستۆکراسیەکان خۆیان بوو.

لە ساڵی ١٨٤٨ دا سۆمرس دەنووسێت:

---

لەندەن، وەک لە کتێبی : "خانۆچکەکەی مامە تۆم" دا دەبینرێت، بۆ ئەوەی لانگیری خۆی بۆ کۆیلە ڕەشەکانی کۆماری ئەمریکا دەرببڕێت -بەڵام ئەو ئەم سۆزداریەی بیر چووەوە، کاتێک لەگەڵ هەموو ئۆرۆستۆکراسیەکاندا، لە جەنگی ئەهلیدا، هەموو دڵە ئینگلیزیە "ئۆرۆستۆکراسیەکان" بۆ خاوەن کۆیلەکانی لێدەدا -ئەمەم لە ( *New York Tribune*) دا بڵاوکردەوە دەربارەی ئەوەی کە چۆن کۆیلەکانی ساترلاندیش دەژین [مارکس باس لە ووتارێکی خۆی دەکات کە لە ٩ شوباتی ١٨٥٣ دا بڵاوکراوەتە]. کاری پەنجە بۆ ئەو ووتارەی من ڕادەکێشێت لە ( The Slave Trade.” Philadelphia, 1853, pp. 203, 204)، وە ئەو ووتارەم سەرلەنوێ لە ڕۆژنامەیەکی سکۆتلەندیدا بڵاوکرایەوەو ڕاوێژێکی فراوانی وورووژاند لە نێوان ئەو ڕۆژنامەیەو ماستاوچیەکانی ساترلانددا.

[38]. بابەتێکی پڕ بایەخ دەربارەی ئەم بازرگانی کردنە بە ماسیەوە دەبینین لە لای دەیڤید ئۆرکارت لە (Portfolio, new series)، وە ناساو. و. سینیۆر، لەو دانراوەیدا کە پێشتر ناویمان هێنا، وە لە دوای خۆی بڵاوکرایەوە ( Journals, Conversations and Eassay relating to Ireland, London, 1868) "کە باس لە پرۆسێسی ساترلاندشێر دەکات وەک باشترین پرۆسێسی پاککردنەوە " clearings" ی مێژوویی.

"له ناوچه شاخاویەکاندا، ڕووبەری دارستانەکان بەشێوەیەکی بەرچاو فراوان بووبوون[39]. له بەرێکی ڕووباری گەیکەوە، دارستانه تازەکەی گلێنفیش دەبینن، لەوبەریشەوە دارستانی ئەردڤێریک دەبینن. هەر لەو ڕیزەیشدا بلاک-ماونت (شاخه ڕەشەکان) دەبینرێت، پووش و پەڵاشێکی زۆریش لەو ناوەدا کەوتووە. له خۆرهەڵاتیشەوە تا خۆرئاوا، له دەوروبەری ئەبێردینەوە تا تاشه بەردەکانی ئۆبان، پشتێنەیەک له دارستان دروست بووە، دارستانی نوێیش له ناوچه بەرزەکاندا، له لۆک-ئەرکیگ و گلینهاری و گلینمۆریستندا بەردەوام دروست دەبێت. کردنی زەویە چێنراوەکانیش به لەوەڕگەی مەڕومالات ... گایلیەکانی بەرەو زەویەکی بێ پیت دوورخستۆتەوە. بەڵام ئێستا شوێن بۆ فابریکەکان، دەبێته هۆی دەرکردنی مەڕومالاتەکەیش، ئەمەیش جارێکی تر فڕێدانەوەی گایلیەکانه بۆ نێو هەژاریەکی ئێجگار زیاتر ... وه ئەمجارەیان شوێنی ڕاو کردن و مرۆڤ پێکیانەوه ناکرێت. یەکێکیان دەبێت لەناو بچن. وه ئەگەر جێگای ڕاو کردنەکان لەڕووی ژمارەو ڕووبەرەوه بەهەمان شێوەی چارەکه سەدەی ڕابووردوو زیاتر بن، ئەوا له چارەکه سەدەی داهاتوودا، هیچ کەسێک له گایلیەکان له زەویە ئەسڵیەکەی خۆیاندا نامێننەوە. ئەم گۆڕانکاریەیش له موڵکدارێتی شوێنه بەرزەکاندا، له لایەکەوه ئارەزووکاریەکەو له لایەکی تریشەوە دەرپەڕی غرورێکی ئۆرۆستۆکراسیانەیە، وەک ڕاووشکارو هتد، بەڵام ئەمه له هەمانکاتدا بازرگانیەکیشی تێدایە، ئاژەڵه کێویەکان قازانجیش دەدەن. ئەوەیش فاکتەیەکه که پارچەیەک له زەویه شاخاویەکان وەک شوێنی ڕاو، قازانجێکی زیاتر دەدات له شوێنی لەوەڕگەکان ... ئەو ڕاوچیانەی بۆ ئارەزوو له شوێنی ڕاو کردن دەگەڕێن، هەر تەنها ئەوەندە پاره دەدەن که توانایان بەسەردا دەشکێت ... هەرچییش بەسەر ئەم ناوچه شاخاویانه هاتووە، کەمتر نەبووە لەوەی پادشا نۆرمەندیەکان بەسەر ئینگلترەیاندا هێناوە. ڕاسته ئاژەڵه کێویەکان بوارێکی

[39]. له دارستانی کەڵەکێویەکاندا "deer-forests" له سکۆتلەند تەنها یەک دار نەماوە. مەڕومالاتەکانی لێ ڕاودەنێن، کەڵەکێویەکان هەڵدەزنێن به شاخێکی ڕووتەندا، وه ئەمه ناودەنێن "دارستانی کەڵەکێویەکان". واته تەنانەت بایەخ به دارستانیش نادەن.

**فراوانتریان بۆ دروست بووە، بەڵام تا دێت بواری بەردەم مرۆڤ بەرتەسکتر دەکەنەوە ... ئازادیەکانی خەڵکییش کەمتر دەبنەوە ... چەوسانەوەیش زیادو زیاتر دەکات. دەرکردنی خەڵکیش لە زەویەکانیان، بۆتە پرنسیپێک سەبارەت بە موڵکدارەکان، گوایە هەروەک پێویستیەک بۆ کشتوکاڵ، ئەمە هەروەک پرینەوەی دارو بنچکەکان لە ئەمریکاو ئوسترالیادا، ئەم کارەیش زۆر هێمن و بیزنزمەندانە دەڕوات بەڕێوە"[40].**

---

[40]. Robert Somers: "Letters from the Highlands: or the Famine of 1847." London, 1848, pp. 12-28 passim - بۆ یەکەمجار ئەم نامانە لە "Times" دا بڵاوکرانەوە. بێگومان لێکدانەوەی ئابووریزانە ئینگلیزیەکان بۆ ئەو برسێتیەی لەنێو "گایلییەکاندا" داکەوت لە ساڵی ١٨٤٧ دا، ئەوە بوو کە ئەمە دەرئەنجامی زێدەی دانیشتوانە. بێگومان ڕاستە کە ئەو خەڵکە لە ژمارەیەکی زۆر پێکهاتبوون بە خۆراکێکی کەمەوە. -پاک کردنەوەی زەویەکان، وەک بە ئینگلیزی ناودەبرێت بە "Clearing of estates"، بە ئەڵمانی "Bauernlegen"، ئێجگار پەرەی سەند لە ئەڵمانیادا، بەتایبەت دوای جەنگێکی ٣٠-ساڵە کە لە ١٧٩٠ دا بووە هۆی ڕاپەڕینی جووتیاریی لە میرنشینی سەکسۆنیادا. سیستمی پاک کردنەوە زیاتر لە ئەڵمانیای خۆرهەڵاتدا ڕوویدەدا. بۆ یەکەمجار لە سایەی فرێدریکی دووهەمدا [فرێدریکی گەورە]، لە زۆربەی هەرێمەکانی بروسیادا، مافی خاوەندارێتی بۆ جووتیاران زامن کرا. وە دوای داگیرکردنی سیلیزیا، خاوەن کێڵگەکانی ناچار کرد کە سەرلەنوێ خانووی جووتیارەکان چاک بکەنەوەو کێڵگەکانیان بۆ پڕ بکەنەوە لە ئامرازو ئاژەڵ. ئەو پێویستی بە سەرباز بوو بۆ سوپاکەی و بە باجدەریش بۆ قاسەکەی دەوڵەت. لە میرابۆیشەوە کە یەکێک بوو لەوانەی سەرسام بوو بە فرێدریک، دەتوانین لەوە تێبگەین جووتیاران چەند باش ژیاون لە سەردەمی فرێدریکدا بە سیستمە داراییەکەی و تێکەڵەیەکی سەرسووڕهێنەر لە ستەمکاری، بیرۆکراسی و فیۆدالیزم: "کەتان یەکێکە لە سامانە کشتوکاڵیە سەرەکیەکانی جووتیارانی ئەڵمانیای خۆرهەڵات. بەڵام، بۆ بەدبەختیی مرۆڤایەتی، هیچ پێکناهێنێت تەنها کەرەسەیەک نەبێت دژی هەژاریەکی زۆر، وە سەرچاوەی خۆشگوزەرانییش نیە. باجی ڕاستەوخۆو کاری سوخرەو موڵکانە بە هەموو شێوەکانیەوە، جووتیاری ئەڵمانی ناچار دەکات کە لە هەمانکاتدا باجی ناڕاستەوخۆیش بدات لەسەر هەرچی کە دەیکڕێت ... وە بۆ ئەوەی گرفتەکەیان زیاتر بێت، ئەو جووتیارە بۆی نیە بەرهەمەکانی بفرۆشێت بەو نرخەی خۆی دەیەوێت، وە بۆیشی نیە لە هەر شوێنێک بیفرۆشێت کە خۆی دەیەوێت، وە بۆیشی نیە لەلای هەر بازرگانێک، کە تەنانەت دەتوانێت کاڵاکانی بە نرخێکی هەرزانیش بۆ پەیدا بکات، پێداویستیەکانی بکرێت. ئەم پەیوەندیانە هەموو، وورده وورده هەرەسی پێ دەهێنن، وە ناشتوانێت لە کاتی خۆیدا باجەکانی بدات، ئەگەر ئامرازی چنینی نەبێت،

چنین سەبارەت بەو یارمەتیەکی پێویستە بۆ سوود وەرگرتن لە هێزی ژنەکەی و منالّەکانی و رەنجبەرەکانی و خۆیشی. بەلّام ژیانێکی چەند هیچە، تەنانەت بەو ئامرازانەیشەوە! هاوینان وەک زیندانیەکی سزادراو خەریکی کێلّان و دروێنەیە. ئێواران لە کاژێری ٩ دەخەوێت و دەمەوبەیانیش لە ٢ هەلّدەسێت؛ تا بتوانێت فریای هەموو کارەکانی بکەوێت. لە زستاناندا دەبوایە زیاتر بحەوایەتەوە تا هێزێکی بێتەوەبەر، بەلّام هیچ دانەوێلّەیەکی بۆ نامێنێتەوە بۆ نان و تۆو، کاتێک کە دەبێت بەرهەمەکەی بفرۆشێت و پارەیەکی دەست بکەوێت بۆ باجەکانی. بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، دەبێت خەریکی چنینیش بێت ... وە پێویستە کارێکی زۆر بکات بۆ چنین. بۆیە لە زستاندا نیوەشەو یان درەنگتریش دەخەوێت و بەیانیانیش لە کاژێری ٥-٦ هەلّدەسێت، وە یان ٩ دەچێتە جێگاوەو ٢ ی بەیانی هەلّدەسێت، وە ئیتر هەر بەوجۆرە هەموو رۆژەکانی ژیانی دەباتە سەر؛ رۆژانی یەک شەممان نەبێت. مرۆڤ ئا بەم کارە زۆرەو بەم خەوتنە کەمە هێزی لەدەست دەدات، ئەمەیش هۆکاری پیر بوونی زووتری پیاوو ژنە لە لادێکاندا بە بەراوورد لەگەلّ شارەکاندا.

(Mirabeau هەمان سەرچاوە، بەرگی ٣، لاپەرە ٢١٢ و ئەوانی تر)

پاشکۆی چاپی دووهەم: لە ئەپریلی ١٨٦٦ دا، ١٨ سالّ دوای بلّاوکردنەوەی دانراوەکەی رۆبێرت سەمەرس، پرۆفیسۆر لیۆن لیڤی لە کۆمەلّەی هونەرو پیشەگەریدا، راپۆرتێکی پێشکەش کرد دەربارەی کردنی لەوەرگەکان بە شوێنی راو کردن، ئەمەیشی وەک وێران کردنی بەرزاییەکانی سکۆتلەندە ناو بردووە. جگە لەوەیش دەلّێت: "دەرکردنی دانیشتوان و کردنی زەویەکان بە لەوەرگەی مەرومالّات، ئاسانترین سەرچاوەی داهات بوو بەبێ هیچ خەرجیەک ... کردنی لەوەرگەکانیش بە دارستانی کەلّەکێوی، هەروەک گۆرینی بەرزاییەکان، بووە دیاردەیەکی ئاسایی. مەرومالّاتەکان لە ئاژەلّە کێویەکانەوە دەرپەرێنران، هەروەک چۆن لە پێشدا مرۆڤ لە مەرومالّاتەکانەوە دەرپەرێنران ... دەتوانیت هەر لە زەویوزاری ئێرل دالهاوسیەوە لە فۆرفشێر هەتا جۆن-ئۆگرۆتس برۆیت بەبێ ئەوەی هێشتا دارستانەکەت جێهێشتبێت. لە زۆربەی "(ئەو ناوچە دارستاناویەدا)" ئەوەی دەژی بریتیە لە رێوی، پشیلە کێوی، بۆگەنکە، کەروێشکی کێوی، کەروێشکی مالّی و سمۆرەو مشکیش گەیشتوونەتە ئەوێ. رووبەرێکی فراوانیش لە زەوی کە بە پێی ستاتستیکی سکۆتلەندی لەوەرگەیەکی بەردارە، لە هەموو کێلّان و چاککردنێک دوورەو بۆتە جێگای وەخت کوشتنی چەند کەسێکی کەم بۆ راو کردن -بۆ ماوەیەکی ئێجگار کورت لە سالّەکەدا. گۆڤاری "Economists" لە ٢ جونی ١٨٦٦ دا دەنووسێت: "رۆژنامەیەکی سکۆتلەندی دەلّێت لەنێو هەوالّەکانی تری ئەم هەفتەیەی دواییدا: یەکێک لە باشترین کێلّگەکانی ساترلاندشێر، لەم دواییەدا، لە بەسەرچوونی کاتی بەکرێدانیدا، ئامادەبوون بە بری ١٢٠٠ پاوەند بەکرێی بگرن بۆ ئەوەی بکرێتە جێگای راو کردن". غەریزەی دەرەبەگایەتی رەتناکرێتەوە ... تەنانەت لەو سەردەمەیشدا، کاتێک داگیرکارە نۆرمەندیەکان ... ٣٦ گوندیان کاول کرد بۆ ئەوەی دارستانە نوێکە بخەنە جێگای ... ٢ ملیۆن ئەکر زەوی کە لە بە پیتترین پارچەکانی سکۆتلەندایشی تێدایە، بە تەواوی کرانە بیابان. خاوەندارە سروشتیەکان لە گلێن تیلت لەنێو سەوزایی ترین شوێندا بوون لە

تاڵان کردنی موڵک و ماڵی کڵێسا، داگیر کردنی زەویوزاری دەوڵەت بە فڕوفێڵ، دزینی موڵکی هاوبەش بە داگیرکردن و زۆرەملێ و تێرۆر، کردنی خاوەندارێتی دەرەبەگایەتی و موڵکی تایەفەکان بە خاوەندارێتی تایبەتی هاوچەرخ -ئا ئەمانە هەموویان مێتودە هەمەجۆرە بێ ڕەحمانەکەی کەڵەکەبوونی سەرەتایی بوون، ئەو مێتودانەی بواریان بۆ کشتوکاڵی سەرمایەداری ڕەخساندو زەوییان خستە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی سەرمایەو پێویستیی پیشەسازی شارەکانیشی پڕ کردەوە بە ئامادەکردنی پرۆلیتاریایەکی بێ ماف.

## ٣. یاسا خوێناویەکانی کۆتایی سەدەی پانزەهەم دژی ئەوانەی لە خاوەندارێتی داماڵرابوون - یاساکانی کەمکردنەوەی کرێیکار

ئەو کەسانەی بەهۆی لە ناوچوونی دەرەبەگایەتیەوەو وەک دەرئەنجامی ناوبەناوی دەرپەڕاندنیان لە زەویەکانیان بە زەبروزەنگ، باڵدارێکی پرۆلیتاریی ئازادیان لێ دروست بوو، ژمارەیان زۆر خێراتر لە فراوان بوونی مانیفاکتۆرەکان، زیادی

---

بێرت. "دارستانی کەڵەکێویەکان" یش لە بێن ئاوڵدەر باشترین لەوەڕگە بوو لە چوارچێوەی ناوچەکانی بادێنۆکدا، دارستانی بلاک-ماونت چاکترین لەوەڕگەی سکۆتلەندین بۆ مەڕە خوری ڕەشەکان. مرۆڤ دەبینێت چ ناوچەیەک درێژکراوەتەوە لە پێناوی ئارەزوومەندانی ڕاووشکارداو ڕووبەری زەویەکانی ڕاو کردندا کە چەند فراوان ترن لە ناوچەی پێرت. وە پیاو ئەو زەرەروزیانەیش دەبینێت لە بێن ئاوڵدەر کە خۆراکی ١٥٠٠٠ سەر مەڕی دابین دەکرد، کە ئەوە هەر تەنها ٣٠/١ شوێنی ڕاو دەگرێتەوە لە سکۆتلەندەدا ... هەموو ئەم ناوچەی ڕاوکردنەیش بە یەکجاری بێ بەرهەمە ... ئیتر هەروەک ئەوەی لە ژێر شەپۆلەکانی دەریای باکووردا نوقم بووبێتن. وە دەبوایە دەستی بەهێزی یاسا سنوورێکی بۆ ئەمە دابنایە کە بە زۆرەملێ دروست کراوە".

دەکرد. بۆیە ئەمانە، کە هەر لە ناکاوێکدا فڕێدرابوونە دەرەوەی ڕێچکەی ئاسایی ژیانیان، نەیاندەتوانی هەر بە هەمان خێرایی لەگەڵ ئەو پەیوەندیە نوێیانەدا خۆیان ڕابهێننەوە. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئامادەگی و زیاتریش بەهۆی مەرجە پڕ لە زۆرەملێکانەوە کە زۆرێک لەمانەی کردە سواڵکەرو چەتەو ئاوارە. هەربۆیە لە کۆتایی سەدەی پانزەهەمەوە وە بەسەر تەواوی سەدەی شانزەهەمیشدا، لە هەموو وولاتانی ئەوروپای خۆرئاوادا، یاسای خوێناوی دژی ئاوارەیی دەردەکرا. باوانی ئەم چینە کرێکاریەی ئێستا، بەر لە هەرکەسێکی تر ڕووبەڕووی سزا بوونەوە لەبەر ئەوەی لەژێر زەبری دەسەڵاتی ئەو بارودۆخەدا سەرگەردان و ڕسوا کەوتن. یاسا ئەمانەی وادادەنا وەک ئەوەی "ئازادن" بۆ یاساشکێنی، ئەمەیش بەو بیانووەی ئەگەر ئەمانە خۆیان ئارەزوویان هەبێت، ئەوا بەردەوام دەبن لەکارکردن لە سایەی بارودۆخی کۆندا کە لە ڕاستیدا چیتر بوونی نەما بوو.

ئەو یاسایە لە ئینگلترەدا لە سەردەمی هێنری حەوتەمەوە دەستی پێکرد.

ساڵی ١٥٣٠، لە سەردەمی هێنری هەشتەمدا، سواڵکەرە بە تەمەنەکان کە توانای کارکردنیان نەمابوو، مۆڵەتی سواڵکردنیان پێدەدرا. بەڵام بێکارە ئاوارەکان، بەرقامچی ئەدران و بەند ئەکران. ئەمانە دەبەستران بە دوای گالیسکەیەکەوەو بەرقامچی ئەدران هەتا خوێن لە جەستەیان دەچۆڕا، پاشان دەبوایە سوێندیان بخواردایەو پەیمانیان بدایە کە دەگەڕێنەوە شوێنی لە دایک بوونیان، یان ئەو شوێنەی کە دواین سێ ساڵ لێی جێگیر بوون و دەبێت "کاریش پەیدا بکەن". ئای لەم کۆمیدیا ستەمکارە! دواتر ئەو یاسایە نوێ کرایەوەو چەند زیادەیەکیشی خرایە سەر.

هەرکەسێک بۆ جاری دووهەم ئاوارە بکەوێتەوە، سەرلەنوێ بە قامچی لێی ئەدرێ و نیوەی گوێچکەیشی دەبڕدرێت، بەڵام بۆ سێهەمجار، سزای لە سێدارەدانی بەسەردا دەدرێت وەک تاوانبارێکی مەترسیدارو دوژمنی کۆمەڵگا.

ئێدواردی شەشەم لە ساڵی یەکەمی فەرمانڕەوایییەکەیەوە، ١٥٤٧، ڕایگەیاند، هەر ئاوارەیەک کار کردن ڕەتبکاتەوە، ئەوا دەکرێتە کۆیلەی ئەو کەسەی کە دەسەڵات ئاگادار دەکاتەوە لێی. (هەر بۆ قازانج تەنها ئەوەندە بەس بوو ئاگاداریەکت بدایە لە هەژارێک کە نایەوێت کار بکات)[41]. لەسەر سەروەرەکەشێتی نان و ئاوو شۆربایەکی بداتێ لەگەڵ پاشماوەی ئەو گۆشتەیش کە بەلای خۆیەوە گونجاوە. ئەم سەروەرە بۆیشی هەبووە کۆیلەکەی بە زنجیر ببەستێتەوەو بە قامچیش لێیبدات و ناچاریشی بکات بە خراپترین و پیسترین کار. وە ئەگەر کۆیلەکە هەر لە خۆیەوە ١٤ ڕۆژ دیار نەمایە، ئەوا حوکمی کۆیلایەتی هەمیشەیی بەسەردا ئەدرا، ناوچەوانی یان ڕوومەتیشی بە ئاسنێکی سوورەوەکراو بە پیتی S[42] مۆر دەکرا، وە ئەگەر بۆ سێهەمجار ڕاییکردایە، ئەوا بە تاوانی خیانەتی نیشتمانی لە سێدارە دەدرا. سەروەرەکەی دەیتوانی بیفرۆشیت، بە وەسیەت وەک میرات جێبهێڵێت، وە بەکرێی بدات وەک هەر موڵکێکی گوزراوە یان ئاژەڵێک. هەر کۆیلەیەکیش دژی سەروەرەکەی بوەستایەتەوە، لە سێدارە ئەدرا. دادگای سوڵحیش بەرپرس بوو لە گەڕان بەدوای کۆیلە هەڵاتووەکاندا هەرکات ئاگادار بکرایە. وە ئەگەر ئاشکرا ببوایە کە ئەوکەسە ٣ ڕۆژ بەبێ کار سووڕاوەتەوە، ئەوا دەنێردرایەوە بۆ شوێنی لەدایک بوونی و بە ئاسنێکی

---

[41]. ئەم دێڕەی نێو کەوانەکە لە چاپی فەرەنسی وەرگیراوە (وەرگێڕی سویدی).

[42]. پیتی S پیتی یەکەمی کۆیلەیە Slave بە زوبانی ئینگلیزی (وەرگێڕ بۆ کوردی).

سوورەوەکراویش پیتی V لەسەر سنگی وێنە دەکرا، پێوەند دەکراو لە کاری ڕێگاوبان و کاری تری لەوجۆرەدا بەکاردەهێنرا. هەر ئاوارەیەکیش لەمانە، ساختەیەکی لە ناونیشانی شوێنی لەدایک بوونیدا بکردایە، ئیتر دەکرایە کۆیلەی هەمیشەیی و بە پیتی S مۆر دەکرا. هەموو کەسێکیش بۆی هەبوو، بە ناوی "بەخێوکارەوە"، منداڵەکانیان لێبسەنێت، کوڕ هەتا تەمەنی ٢٤ ساڵی و کچیش هەتا تەمەنی ٢٠ ساڵی. ئەگەر ئەمانیش ڕایان بکردایە، ئەوا هەتا ئەو تەمەنە دیاریکراوە، دەکرانە کۆیلەی "سەروەرەکانیان"، ئەو سەروەرانە مافی ئەوەشیان هەبووە زنجیرو پێوەندیان بکەن، بە قامچی لێیان بدەن، هتد. هەر یەکێکیش لەم سەروەرانە بۆیان هەبووە بۆ ناسینەوەی کۆیلەکانیان و جیاکردنەوەیان لە کۆیلەکانی ترو ڕێگرتن لێیان لە هەڵاتن، بازنەیەکی ئاسنینی نەخشکراو بکەنە ملی کۆیلەکانیان، یان قۆڵیان وە یان ڕانیان[43]. دوا بەشی ئەم یاسایە ئەو حاڵەتانە نیشان دەدات کە دەبێت هەژارەکان لە فەرمانگەیەکدا کار بکەن وە یان بۆ کەسێک کار بکەن کە پەیمانی خواردن و خواردنەوەو کارکردنیان دەداتێ. ئا ئەم کۆیلایەتیەی شارەوانیەکان لە ئینگلترەدا، هەتا سەدەی نۆزدەهەمیش درێژەی کێشاوە لە ژێر ناوی (roundsmen) (پیاوە گەڕۆکەکان، ئاوارەکان).

لە سەردەمی ئێلیزابێتی یەکەمدا، لە ساڵی ١٥٧٢ دا یاسایەک دەرکرا کە بڕیاریداوە هەر سواڵکەرێک تەمەنی لەسەروو ١٤

[43]. دانەری "Essay on Trade, etc" تێبینی ئەوەی کردووە: "لە سەردەمی فەرمانڕەواییەکەی ئێدواردی شەشەمدا، پێدەچێت ئینگلیزەکان زۆر بە جیدیەوە بڕیاریان دابێت هانی مانیفاکتۆرەکان بدەن کە کار بۆ هەژاران دەستەبەر بکەن. ئەمەیش لە یاسایەکی سەیرەوە هاتووە کە بەم ووشەیە دەست پێدەکات 'پێویستە هەموو ئاوارەکان مۆرێکیان پێوە بنرێت بە ئاسنی سوورەوەکراو' ".

**ساڵانەوە بێت و ڕێ پێنەدراو بێت، زۆر توند بەر قامچی دەدرێت و گوێچکەی چەپیشیان مۆر دەکرێت، ئەمە ئەگەر کەس نەبێت بیانگرێتە خۆی بۆ دوو ساڵ کار پێکردن. لە حاڵی دووبارە بوونەوەدا -ئەگەر تەمەنیان لەسەروو ١٨ ساڵیەوە بێت- لەسێدارە دەدرێن، ئەگەر دووبارە کەس نەبێت بیانگرێتە خۆی بۆ دوو ساڵ کار پێکردن. بەڵام بۆ سێهەمجار، بەبێ ڕەحمانە، وەک خیانەتکاری نیشتمانی، لەسێدارە دەدرێن. یاسایەکی لەمجۆرە هەیە لە ساڵی ١٥٩٧[44] دا دەرکراوە. ئێلیزابێتی یەکەم لە ١٥٥٨-١٦٠٣ دا، ئەم ڕێوشوێنەی دانا.**

---

[44]. تۆماس مۆر لە یۆتۆپیادا دەڵێت: "بەم جۆرە بوو، کاتێک ستەمکارێک تێر ناخوات، لەکەیەک دەنێت بە وولاتەکەیەوە، ئەوکاتەیش هەزاران ئەکر زەوی دەخاتە ژێر دەستی خۆی، ئەمە لەکاتێکا جووتیارەکان لە ماڵ و خانووەکانیان ڕاودەنران، ئیتر بە هەر شێوازێک بێت وە یان ئەگەر بە زەبروزەنگ و پەلاماردان بێت، دەبێت ئەو هەژارو نەدارایانە، شتەکانیان بفرۆشن و بڕۆن! ئەمانەیش پێکهاتبوون لە پیاوو ژن، ژن و مێرد، مناڵی بێکەس، بێوەژن، دایک و مناڵی شیرەخۆرەو هەموو خێزانەکە -هەژار لە کەرەسەکانیانداو دەوڵەمەند لە خەڵکدا، چونکە کشتوکاڵ پێویستی بە دەستی کار زۆرە. وە ئیتر ئەمانە دەڕۆیشتن و لە ناسیارو شوێنی لەدایک بوونیان دووردەکەوتنەوە بەبێ ئەوەی لە هیچ شوێنێک جێگایەک بدۆزنەوە تیایا جێگیر بن. دەبوایە هەموو کەلوپەلە سادەکانیان بفرۆشتایە زۆر بە هەرزانی، چونکە هەر لە ناکاوێکدا لە ماڵەکانیان فڕێدەدرانە دەرەوە. شتەکانیشیان بایەخێکی ئەووتۆی نەبوو، بەڵام ئەگەر بەهێمنی ئەو شتانەیان بفرۆشتایە، پارەیەکی باشتریان لێدەست دەکەوت. وە کاتێک ئەم ئاوارانە دوا پوولیان خەرج دەکرد، ئیتر هیچیان بۆ نەدەمایەوە دزی کردن یان سواڵکردن نەبێت. بەوەیش دەخرانە بەندیخانە وەک ئاوارەیەک، ئەمەیش لەبەر ئەوەی بەبێ کار ماونەتەوەو لەملا دەچن بۆ ئەولا -ئەوانەی نەیاندەتوانی کارێک پەیدا بکەن، ئیتر هەرچەندیش لەدوی کار بگەڕانایە. لە سەردەمی هێنری هەشتەمدا، ٧٢٠٠٠ لەم ئاوارانە بەناوی دزی گەورەو بچووکەوە هەڵواسران (hollinshed: Description of England, vol I, s, 186). لە سەردەمی ئێلیزابێتی یەکەمیشدا، هەر بە ڕیز لە سێدارە دەدران. وە هیچ ساڵێک تێنەدەپەڕی بەبێ هەڵواسینی ٣٠٠-٤٠٠ کەس لەم ئاوارانە لەم ناوچە یان ئەوی تریان".

Strype. "Annals of the Reformation and Establishment of Religion, nad other Various Occurences in the Church of England during Queen Elisabeth's History Happy Reign", 2nd ed, 1725, v. II

له سەردەمی یاکوبی یەکەمدا، لە یاسادا هاتبوو کە گەڕۆک و سواڵکەرەکان وەک ئاوارە سەیر دەکرێن. دادوەری سوڵح لە (Petty Sessions) دا[45]، دەسەڵاتیان دەدرایە سزای ئاوارەکان بدەن بە قامچی لێدانی ئاشکراو بە بەند کردنیشیان، یەکەمجار ٦ مانگ و دووهەمجاریش ٢ ساڵ. لە زیندانیشدا جارجارە، ئەوەندەی بەلای دادوەری سوڵحەوە گونجاو بێت، دارکاری دەکران ... بەڵام سەرپێچیکارە مەترسیدارەکانیان بە ئاسنێکی سوورکراو، بە پیتی R شانی چەپیان مۆر دەکراو دەنێردران بۆ کاری زۆرەملێ. خۆ ئەگەر جارێکی تر گەڕانەوە بۆ سواڵکردن، ئەوا لە سێدارە دەدران. ئەم یاسایە هەر مابووەوە هەتا سەرەتای سەدەی هەژدەهەمیش، وە لەسەردەمی ئاننای پادشادا هەڵوەشێنرایەوە [Anna Stuart 1702-1714 ].

لە فەرەنسایشدا یاسای هاوشێوەی ئەمە هەبووە کە بە پلانێکی ڕێکخراو، لە سەدەی ١٧-هەمدا، دژی ئەم ئاوارەییە وەستابوونەوە. لە سەرەتای سەردەمی لویسی شانزەهەمدا، لە ساڵی ١٧٧٧ دا [فەرمانڕەوایی ئەو لە نێوان ١٧٧٤-١٧٩٣ دا بووە] یاسایەک دەرکرا کە هەرکەسێکی لەش ساغ، لە نێوان ١٦ و ٦٠ ساڵیدا، ئامرازی بژێوی نەبێت و پیشەیەکی نەبێت، ئەوا دەبێت

بەپێی هەمان سترایپ، لە سەمەرستشێردا، تەنها لە ماوەی ساڵێکدا ٤٠ کەس لە سێدارە دراوە، ٣٥ کەس مۆر کراوە، ٣٧ کە بە سزای قامچی گەیەنراوە، ١٨٣ لە ناوبراو بە "ئاوارە درۆزنەکان" بەردراون. لەگەڵ ئەوەیشدا وەک سترایپ دەڵێت "ئەم تاوانبارانە تەنانەت یەک-لەسەر-پێنجی هەموو تاوانباران نەبوون، ئەمەیش بەهۆی ئاسانکاریی دادوەری سوڵح و ڕەحمەتی ئەم میللەتە گەمژەیەوە. ئەمەیشی بۆ زیاد دەکات و دەڵێت: ناوچەکانی تریش لە ئینگلترە حاڵیان لەمان باشتر نەبوو لە سەمەرستشێر، بەڵکو هەندێکیان گەلێک خراپتر بوون.

[45]. واتای خولی بچووک دەگەیەنێت بۆ دادوەرانی سوڵح لە ئینگلترەدا سەبارەت بە بابەتە بچووکەکان (وەرگێڕی سویدی).

ڕەوانەی کارە هەرە قورسەکان بکرێن. یاسایەکی هاوشێوە لە هۆڵەندایشدا دەرکرابوو لە لایەن کارلی پێنجهەمەوە (لە ئۆکتۆبەری ١٥٣٧ دا)، ئەمەیش بووە یاسای وولات و شارەکانی هۆڵەندا (مارس ١٦١٤) و هەروەها بۆ هەرێمە یەکگرتووەکانیش لە (١٦٤٩) دا، هتد.

ئا بەمجۆرە دانیشتوانی گوندەکان، کە بە زەبروزەنگ لە کێڵگەو زەویەکانیان دەرکران و ئاوارە کران، بە یاسا تێرۆریستیەکان، بە قامچی و مۆر کردن و ئەشکەنجەدان، ناچار کران ملکەچی ئەو دیسیپلینە بن کە سیستمی کاری کرێگرتە دەیخواست.

وە ئیتر لە لایەکەوە، کەرەسەکانی کارکردن کرانە سەرمایە و لە لایەکی تریشەوە ئەو خەڵکەی کە هیچیان نەبوو بیفرۆشن هێزی کارەکەیان نەبێت، ناچار کران هەر بە ئیرادەی خۆیان، ئازادانە خۆیان بفرۆشن. بەڵام ئەمە هەموو شتێک نەبوو، بەڵکو بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، ئەو چینە کرێکاریەی دروستکرد کە هەر بەهۆی پەروەردەکردن و نەریت و خووەوە، دان بە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا بنێت هەروەک یاسایەکی سروشتی. پرۆسێسی پێشکەوتووی ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی، هەموو بەرهەڵستیەک تێکدەشکێنێت. وە ئیتر لێرەوە پێکهاتنی بەردەوامی زێدەی ڕێژەیی دانیشتوان، یاسای خستنەڕوو داخوازی کار ڕێکدەخات بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ خواستی سەرمایە، وە ئیتر هێزە کوێرانەکەی پەیوەندیە ئابووریەکان؛ دەسەڵاتی سەرمایەداران بەسەر کرێکاراندا زاڵ دەکات. وە ڕاستیشە کە زەبروزەنگی نا ئابووری هەر بەکاردەهێنرێت، بەڵام لێرەوە ئیتر تەنها وەک شتێکی لاوەکی دەبێت. لە ڕێڕەوی ئاساییدا، کرێکار دەکەوێتە ژێر ڕکێفی "یاسا

سروشتیەکانی بەرهەمهێنانەوە"، واتە کردنی بە پاشکۆی سەرمایە کە لە خودی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان خۆیەوە سەرهەڵدەدات و دەبێتە زامنی ئەو بەرهەمهێنانەو نەمر کردنیشی. بەڵام ئێمە شتێکی تر دەبینین لەو سەردەمە مێژووییەدا کە هێشتا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تێیدا لە سەرەتای پێکهاتنیدا بوو. برجوازیەتی تازە دەرکەوتوو پێویستی بەوە بوو دەسەڵاتی دەوڵەت بەکاربهێنێت بۆ "زەبتکردنی" کرێیکار، واتە لە پێناوی هێشتنەوەی کرێی کار لەو سنوورەدا کە قازانجی تێدا لەبەرچاو دەگیرێت، لە پێناوی درێژکردنەوەی ڕۆژی کارو هێشتنەوەی کرێکاردا وەک وابەستەیەکی ئاسایی سەرمایە. ئا ئەمە گرنگترینی ئەو لایەنانەن کە ناودەبرێن بە کەڵەکەبوونی سەرەتایی.

ئەو چینە کارگەریەی لە نیوەی دووهەمی سەدەی چواردەهەمدا سەریهەڵدا، ئەوکاتە، وە تەنانەت لە سەدەی دوای ئەویشدا، هێشتا بەشێکی کەمی دانیشتوانی پێکدەهێنا، بۆیە هێشتا لە ئاستی بەکارهێنانی زەویە جووتیاریە سەربەخۆکانی لادێ و ڕێکخستنە پیشەگەرییەکانی شاردا بوو. وە هێشتا نە لە لادێ و نە لە شار، بۆشاییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان وەستاو کرێکاردا دروست نەبووبوو . وە هێشتا ملکەچ بوونی کار بۆ سەرمایە هەر لەشێوەدا بوو، واتە هێشتا مێتودی بەرهەمهێنان، مۆرکێکی سەرمایەداری نەگرتبووەخۆ. بەشی سەرمایەی گۆڕراویش زاڵتر بوو بەسەر بەشی سەرمایەی نەگۆڕدا. هەربۆیە داخوازی لەسەر کاری بەکرێ و کەڵەکەبوونی سەرمایەیش، بەخێرایی دەچووە سەرەوە، بەڵام خستنەڕووی کاری بەکرێ زۆر لەسەرخۆ بە دوای ئەمەدا دەهات. بەشێکی گەورە لە بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکان، کە

دواتر بووە سندوقی کەڵەکەبوونی سەرمایە، تا ئەو دەمەیش هێشتا، دەچووە سندوقی بەکاربردنی کرێکارانیشەوە.

یاسای کاری کرێگرتە کە هەر لە سەرەتاوە مەبەستی ئاسانکردنی چەوساندنەوەی کرێکاران بووە، وە لە گەشەی داهاتوویشیدا، هەر دژی کرێکاران بووە[46]، لە ئینگلترەوە، لە سەردەمی ئێدواردی سێهەمدا، لە ساڵی ١٣٤٩ وە، بە یاسایەکی کرێکاری دەستپێدەکات. لە فەرەنسایشدا لە ساڵی ١٣٥٠ دا، یاسایەکی هاوشێوە بە ناوی ژۆن پادشاوە (ژۆنە باشەکەی دووهەم) دەردەکرێت. ئەم دوو یاسا ئینگلیزی و فەرەنسیە کە لەیەک دەچوون، هاوشان بەیەکتر دەچوونە پێشەوە. لێرەدا باس لەو یاسایانە ناکەین کە پەیوەندی بە درێژکردنەوەی ڕۆژی کارەوەیە، پێشتر باسێکمان لەوە کردووە (بەشی ٨:٥).

لەژێر زەبری ئەنجوومەنی گشتیدا، یاسایەکی کار دەرکرا. ئەندامێکی حیزبی تۆریەکان زۆر ساویلکانە دەڵێت:

"جاران هەژارەکان داوای کرێیەکی بەرزیان دەکرد، ئەمە بووبووە هەڕەشەیەک لە پیشەسازی و سامانیووڵات. ئێستا پیشەسازی بەجۆرێکی تر کەوتۆتە بەر هەڕەشەیەکی مەترسیدار تر، ئەمجارەیان ئەوەیە کە کرێی کار ئێجگار نزمە"[47].

---

[46]. ئادام سمیس دەڵێت: "کاتێک یاسا هەوڵی چارەسەری ناکۆکی نێوان خاوەنکارو کرێکار دەدات، لەوکاتەدا، هەمیشە خاوەنکارەکە خۆی، ڕاوێژکارە".

[47]. [J. B. Byles] "sophisms of Free Trade". By a Brrister. London, 1850, p. 206

بە نارەحەتیەکەوە ئەمەیش زیاد دەکات و دەڵێت: "ئێمە هەردەم ئامادەبووین لە بەرژەوەندی خاوەنکار بێینە ناوەوە. ئەی گوایە ناتوانین شتێکیش بۆ کرێکاران بکەین؟"

یاسایش پێناسەیەکی بۆ کرێی کاری شارو لادێ کردووە، بۆ کرێی کار بە پارچەو کرێی ڕۆژانە. کرێکارانی لادێ، ساڵانە بە کرێ دەگیرێن، کرێکارانی شاریش لە "بازاڕی ئازاد" دا. هەرکەسیش کرێیەکی کاری بەرزتر بدات سزای بەندکردن وەردەگرێت. بەڵام سزای ئەوانە قورستر بووە کە کرێی بەرزتریان وەرگرتووە لە سزای ئەوانەی کرێی بەرزتریان داوە. هەر بەوجۆرە، یاساکەی ئێلیزابێت لەبارەی ڕاهێنانەوە، ١٠ ڕۆژ زیندانی کردن بووە بۆ ئەو کەسەی کرێی زیاتر دەدات، بەڵام ٢١ ڕۆژ بووە بۆ ئەوەی وەری دەگرێت. سیستمێکی تر لە ١٣٦٠ دا هات [لە سەردەمی ئێدواردی سێهەمدا] سزاکەیشی زیاتر کردوو خاوەنکارەکانیشی ئازاد کرد کرێکاران ناچار بکەن، بەپێی مەرجە یاساییەکان کار بکەن. هەموو کۆمەڵەکان، هەموو ڕێکەوتننامەو پەیمانێک لە نێوان وەستاو بازرگانەکاندا هەڵوەشێنرایەوە. هەموو ڕێکخراوێکی کرێکاران وەک تاوانێکی گەورە دادەنرا، ئیتر هەر لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمەوە هەتا ساڵی ١٨٢٥ کە یاسای دژ بە ڕێکخراو بوونی کرێکارانی تێدا هەڵوەشاوەتەوە. ئەو یاسای کارەی لە ساڵی ١٣٤٩ و دواتریشدا دەرکراوە لەو باوەڕەوە هاتبوو کە دەبێت دەوڵەت بەرزترین ئاستی کرێی کار دیاری بکات، بەڵام حەقی لە لانی کەمی نیە.

وەک ئاشکرایشە لە سەدەی شانزەهەمدا، بارودۆخی کارگەران زۆر ناهەموار بووە. کرێی کاری نەختینەیی بەرز دەبێتەوە، بەڵام بەو ڕێژەیە نا کە بەهای پارەی تێدا نزمدەبێتەوەو نرخی کاڵای تێدا دەچێتە سەرەوە، بەم واتایە کرێی کار دادەبەزێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، یاسا هەر بەردەوام دەبێت لە کەمکردنەوەی کرێی کارو مۆر کردن و گوێ بڕینی ئەوانەی "کار وەرگرتنیان ڕەتکردۆتەوە". وە بەهۆی یاسای ڕاهێنانی ئێلیزابێتەوە،

دادوەرانی سوڵح دەسەڵاتی ئەوەیان پێدرا بوو بڕیاری ئاستی کرێی کارو چاککردنی بدەن بەپێی وەرزەکانی ساڵ و نرخی کاڵاکان. یاکوبی یەکەم ئەو یاسای کارەی وا فراوان کرد کە کرێکارانی چنین و هەموو گروپە کرێکاریەکانی تریش بگرێتەوە[48]. لە سەردەمی جۆرجی دووهەمدا [١٧٢٧-١٧٦٠] یاسای دژی ڕێکخراو بوون، هەموو مانیفاکتۆرەکانی گرتەوە.

ئەو سەردەمەی بە تەواوی بووە سەردەمی مانیفاکتۆرە، گەیشتە ئاستێکی ئەوەندە پێشکەوتوو کە چیتر نە دەتوانراو نە پێویستیش بوو کرێی کار بە یاسا ڕێکبخرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ دڵنیایی خۆیان هەمان چەکی کۆنیان بەکاردەهێنایەوە. بۆیە لە سەردەمی جۆرجی دووهەمدا، لە

[48]. لە یەکێک لە بەندەکانی یاسادا لە دووهەم ساڵی سەردەمی یاکوبی یەکەمدا، بەشێک لە خاوەنی فابریکەکانی چنین و قوماش کە خۆیان لە هەمانکاتدا دادوەر بوون، خۆیان بۆ خۆیان، بە ڕەسمی، وەک دادوەری سوڵح، لیستی کرێی کاریان لە مانیفاکتۆرەکانی خۆیاندا دیاری کردووە. بەتایبەت لە ئەڵمانیادا، دوای جەنگێکی ٣٠-ساڵە، یاسا بۆ ئەوە بوو کرێی کار دابگرێت. "کەمیی خزمەتکارو کرێکار لە ناوچە چۆڵەکاندا، گرفتێکی گەورە بوو بۆ خاوەن کێڵگەکان. دانیشتوانی گوندەکان قەدەغە کران لەوەی ژوور بدەن بە کرێ بە کوڕ یان کچ. وە دەبوایە لایەنی بەرپرس ئاگادار بکرایە، دەبوایە ئەوانەشیان بەند بکردایە کە نەیاندەویست وەک خزمەتکار کار بکەن. ئەم بڕیارە ئەوانەیشی دەگرتەوە کە بە ڕۆژانە کاریان دەکرد لە لای جووتیارێک وە یان تەنانەت ئەگەر ماماڵەی بە پارە یان دانەوێڵە بکردایە (Kaiserliche Privilegien und Sanctions fur Schlesien' I, 124). ماوەی سەدەیەکی تەواو، هەر ناڕەزایەتی بەرز دەبووەوە لە پادشاو شازادەکانەوە لە دەست خزمەتکاری تەمەڵ کە ملکەچی مەرجە توندەکان نابن و ڕازییش نین بەو کرێی کارەی یاسا دایناوە. وە قەدەغەیش بوو خاوەن کێڵگەکان خۆیان کرێیەکی بەرزتر بدەن لە ئاستی دیاری کراوی خۆی لەو ناوچەیەدا. لەگەڵ ئەوەیشدا مەرجەکانی خزمەتکاری، دوای جەنگ باشتر بوو هەتا ئەو ١٠٠ ساڵەی دوایی. لە سیلیزیا، تەنانەت خزمەتکاریش، لە ساڵی ١٦٥٢ دا، دووجار گۆشتیان پێدراوە لە هەفتەیەکدا، ئەمە لە کاتێکا لەم سەدەیەماندا، ناوچە هەیە، تەنها ٣ جار لە ساڵێکدا گۆشتیان دەدەنێ. دوای جەنگیش ڕۆژانەکەیان بەرزتر بووە بە بەراوورد لەگەڵ دوو سەدەی داهاتوو (G. Freytag, Neue Bilder aus dem Leben des deutschen Volkes, Leipzig, 1862, S. 35, 36).

لەندەن و دەوروبەری،  قەدەغە کرا کە ڕۆژانە زیاتر لە دوو شیلینگ و نیو بدرێتە بەرگدرووە شارەزاکان تەنها لە حاڵی پرسە نیشتمانیەکاندا نەبێت، وە دووبارە لە سەردەمی جۆرجی سێهەمدا [١٧٦٠-١٨٣٠] دادوەرانی سوڵح ئاگادار کران کرێی کاری ئەوانە دیاری بکەن کە ئاوریشمیان دەچنی. لە ١٧٩٦ دا، دەیانەویست دام و دەزگا دادوەریە بەرزەکان لەوە بکۆڵنەوە کە ئایا بریاری دادوەرەکان لە جێی خۆیدایە دەربارەی کرێی کاری هەموو ئەوانەی کرێکاری کشتوکاڵی نەبوون؛ لە ساڵی ١٧٩٩ یشدا، بریارێکی پەرلەمانی دڵنیاکردنەوەیەکیدا لەسەر ئەوەی کرێی کرێکارانی کانەکانی سکۆتلەندە، ملکەچ دەبێت بۆ هەمان یاسای سیستمی ئێلیزابێت لە ساڵی ١٦٦١ و ساڵی ١٦٧١ دا. بەڵام تا چ ئاستێک بارودۆخەکە گۆڕانیان بەسەردا هات لەو سەردەمەدا، ئەمەیان لە ڕووداوێکی ئەنجوومەنی ئینگلیزیدا دەردەکەوێت کە لەوەوبەر نەبیسترا بوو. لەو ئەنجوومەنەدا کە ماوەی ٤٠٠ ساڵ فابریکەی یاسا بووە بۆ دیاری کردنی ئاستی بەرزی کرێی کار کە بەهیچ جۆرێک نابێت لەوە بەرزتر بێت، وایتبرید لە ساڵی ١٧٩٦ دا، پێشنیاری کرد لانی کەمی کرێی کاری کرێکارانی کشتوکاڵی دەست نیشان بکرێت. پیت [ویلیام پیت] دژی ئەو پێشنیارە وەستایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بوو کە "بارودۆخی هەژاران ترسناکە crule". دواجار لە ساڵی ١٨١٣ دا، یاسای هاوپەیوەند بە دیاری کردنی کرێی کارەوە، هەڵوەشێنرایەوە. ئەو یاسایانە بوونە جێگای پێکەنین، چونکە ئەوە سەرمایەدار خۆیەتی، فابریکەکەی بە یاسا تاککەسیەکانی خۆی، ڕێکدەخات، بەڵام بەهۆی باجدانەوە بۆ هەژاران، کرێی کاری کرێکارانی کشتوکاڵی، بەرزبۆوە بۆ ئاستی لانی کەمی پێویست. بەڵام بریارە هاوپەیوەندەکان بە یاسای کارەوە؛

دەربارەی گرێبەستی نێوان خاوەنکارو کرێکار، یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستانە، یان شتێکی تری لەو جۆرەی کە شکاتێکی مەدەنی دەگرێتەوە لە خاوەنکار یان کرێکار کە سەرپێچی گرێبەستەکە دەکات، ئەوە ئەمڕۆ بە باشی کارایە.

لە ساڵی ١٨٢٥ دا، یاسا توندەکانی دژ بە مافی خۆڕێکخستنی کرێکاران، وەک دەرئەنجامی هەڵوێستە پڕ لە هەڕەشەکانی پرۆلیتاریا، هەڵوەشێنرانەوە، بەڵام ئەم هەڵوەشاندنەوەیە، هێشتا هەر تەنها چەند بەشێکی ئەو یاسایانەی دەگرتەوە. بەڵام پاشماوەی چەند یاسایەکی کۆن لەمانە، لە ساڵی ١٨٥٩ دا وون بوون، بۆ یەکەمجاریش لە ٢٩ ی جونی ١٨٧١ دا، دواین پاشماوەی ئەو یاسا چینایەتیانە بە تەواوی لەنێو بران، ئەمە دوای ئەوەی کە سەندیکاکان بە شێوەیەکی یاسایی دانیان پێدانرا. بەڵام هەر لە هەمان ڕۆژدا بریارێکی پەرلەمانیی تر دەرکرا (یاسایەک وەک تەواوکاری یاسای تاوانکاری دژی توندوتیژی، هەڕەشە، وە تێکدانی ئاسایشی گشتی) کە هەمان بارودۆخی ڕابووردووی لە فۆرێکی نوێدا گێڕایەوە. ئا بەم فڕوفێڵە پەرلەمانیە، کرێکاران لە هەموو ئەو ئامرازانەیان داماڵران کە دەیانتوانی بەهۆیەوە، لە کاتی مانگرتنێکدا، یان لە کاتی داخستنی کارگەکاندا لە لایەن خاوەنکارەکانەوە، واتە لە کاتی مانگرتنێکی پێچەوانەدا، پەنای بۆ ببەن، وە وەک مافی گشتی ملکەچ کرا بۆ یاسای جەزایی، کە ئەمەیش لە پراکتیکدا، کاری خاوەن پیشەسازیەکان خۆیان بوو، شیکردنەوە یاساییەکەیشی لە ئەستۆی دادوەری سوڵحدا بوو. وە هەر دوو ساڵێش بەر لەوە بوو، هەمان ئەنجوومەن و هەمان مستر گلادستۆن بە شێوە شەرەفمەندانە ناسراوەکەیەوە، پێشنیارێکی خستەڕوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسا لاوەکیانەی دژی کرێکاران دەرکرا بوون. بەڵام پێشنیارەکە هیچ

نەبوو خوێندنەوەی پرۆژە یاسایەک نەبێت بۆ دووهەمجار، هەرچەندە سەرلەنوێ ڕاکێشرایەوە تا دواجار "حیزبی لیبرالیی مەزن" بە یەکگرتوویی لەگەڵ حیزبی تۆریەکاندا، دژی ئەو پرۆلیتاریایە بوەستێتەوە ئەو حیزبە لیبرالیەی گەیاندبووە دەسەڵات. بەڵام ئەمە تەنها خیانەتی ئەو حیزبە نەبوو. "حیزبی لیبرالیی مەزن" ڕێیدا بە دادوەرە ئینگلیزیەکان، کە ئەمانە هەمیشە داردەستی چینە دەسەڵاتدارەکان بوون، سەرلەنوێ یاسا کۆنە نێژراوەکانی دژ بە"پیلانگێڕی" لە گۆڕ دەربهێنێتەوەو بەکاری بهێنێتەوە دژی خۆڕێکخستنەکانی کرێکاران. هەر بەو جۆرە، وەک دەبینین پەرلەمانی ئینگلیزی، ڕێی لە یاسای دژ بە مانگرتن و سەندیکاکان نەگرت تەنها لەو حاڵەدا نەبێت کە دژی ئیرادەی خۆی بوو، ئەویش لەژێر زەبری جەماوەردا، ئەمە دوای ئەوەی ئەو پەرلەمانە خۆی، وەک ئێگۆیستێکی بێ شەرم، لە ماوەی پێنج سەد ساڵدا، ڕۆڵی هەروەک سەندیکای سەرمایەداران بووە لە خەباتدا دژی کرێکاران.

لەگەڵ شەپۆلی شۆڕشدا، برجوازیەتی فەرەنسییش بە هەمان شێوە، سەرلەنوێ ئەو مافی خۆڕێکخستنانەی هەڵوەشاندەوە کە پێشتر کرێکاران وەدەستیان هێنا بوو. وە بە دەرکردنی یاسایەک لە ١٤ جونی ١٧٩١ دا، ڕاگەیەنرا کە هەموو ڕێکخستنێکی کرێکاری "هێرشە بۆ سەر ئازادی و ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤ"، ئەمەیش بە غەرامەیەکی ٥٠٠ لیرەیی دەشکایەوە لەگەڵ لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتی بوون بۆ ماوەی ساڵێک[49]. ئەم یاسایەی بەزۆری

[49]. ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە دەڵێت: "زاڵ بوون بەسەر هەموو جۆرە یەکێتیەکدا لە نێو هەمان توێژو هەمان پیشەدا یەکێکە لە بنچینە سەرەکیەکانی دەستوری فەرەنسی کە ئەو یەکێتیانە قەدەغە دەکات لەژێر هەرناوێک و هەر بیانوویەکدا بێت". ماددەی چوارهەمیش ئەوەی دەستنیشان کردووە کە: "ئەگەر هاونیشتمانی لە یەکێک لە پیشەکاندا

**دەوڵەت، ناکۆکی نێوان سەرمایەو کاری خستبووە چوارچێوەیەکی گونجاوەوە بۆ سەرمایە، پشتاوپشت، لە سەردەمی هەموو شۆڕشەکاندا کاری خۆی دەکرد. حکومەتە تێرۆریستەکەیش ئەمەی بینی** [مەبەست حکومەتەکەی ڕۆبسبێرە کە بە یاکوبیەکان ناسراوە لە مێژوودا، وەرگێڕ]**، وە یاسای جەزایش لەنێو نەچوو بوو هەتا ئەم دواییانە [یاسا گشتیە فەرەنسیەکەی سزادان] Code Penal.**

**هیچ شتێکیش ئەوەندەی ئەم کۆدەتایە جیاکەرەوە نەبوو بۆ برجوازیەت. وەک شاپیلی دەڵێت: "ڕاستە ئارەزوومان لە بەرزکردنەوەی کرێی کارە زیاتر لە ئاستی ئێستای، ئەمەیش بۆ ئەوەی چیتر بەهۆی ئەو کرێیەوە، وابەستەگیەکی ڕەها نەمێنێت، ئەو کرێیەی دەبێتە هۆی کەمی پێدوایستیەکانی ئامرازەکانی بژێوی و وابەستەگیەک دروست دەکات نزیک بە کۆیلایەتی"، بەڵام نابێت کرێکاران مافی ئەوەیان هەبێت پێکەوە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان بپارێزن کە ئەمە "وابەستەگیە ڕەهاکانیان کەمدەکاتەوە"، ئەوان بەمە "ئازادی سەروەرەکانی ڕابووردوویان پێشێل دەکەن، ئازادی سەروەرە پیشەسازیەکانی ئێستا" (بێگومان ئازادی هێشتنەوەی کرێکاران وەک کۆیلە!)، چونکە یەکگرتن دژی ئۆتۆکراسەکانی سەندیکا پیشەگەریەکانی ڕابووردوو دەبێتە - بەڕای ئێوە دەبێتە چی؟ -بەڵێ، دەبێتە هۆی**

لەگەڵ یەک ڕێک بکەون و ڕێکەوتننامەیەک پێکبهێنن لە نێوانیاندا کە پێکەوە کار بکەن یان بۆ نرخێکی دیاری کراو کار بکەن ... ئەمە بە بەرهەڵستی دەستوورو هێرش بۆ سەر ئازادی و ڕاگەیەندنی مافی مرۆڤ و هتد دادەنرێت"، واتە ئەمە تاوانێکی سیاسیە هەروەک چۆن لە یاسا کۆنەکانی کاردا دیاری کراوە.
.(Révolutions de Paris,” Paris, 1791, t. III, p. 523)

ژیاندنەوەی ئەو تایەفە پیشەگەرییانەی دەستووری فەرەنسی هەڵیوەشاندبوونەوە[50].

## ٤. سەرهەڵدانی خاوەن کێڵگە سەرمایەداریەکان

پێشتر باسی ئەو مێتودە پڕ لە زەبروزەنگەمان کرد کە باڵندەیەکی پرۆلیتاریی ئازادی دروست کردو بە دیسیپلینێکی خوێناوییش کرانە کرێکاری کرێگرتە، لەگەڵ ئا ئەمانەو هەوڵەکانی دەوڵەتدا کە لە یەککاتدا، چەوساندنەوەی کرێکاران و کەڵەکەبوونی سەرمایەی بەرزدەکردەوە، ئەو پرسیارە سەریهەڵدا: ئەی لە سەرەتادا سەرمایەداران لە کوێوە دروست بوون؟ خۆ؛ داماڵینی دانیشتوانی گوندەکان، لە سەرەتادا هیچی لێدروست نابێت مۆڵکدارە گەورەکان نەبێت. هەرچییش هاوپەیوەندە بە برەوی خاوەن کێڵکەگانەوە، دەتوانین هەنگاو بە هەنگاو شوێنی بکەوین، ئەو پرۆسێسە ئێجگار خاو ڕۆیشتووەو چەند سەدەیەکیشی خایاندووە. هەردوو کۆیلەکانی زەوی و جووتیارە بچووکە ئازادەکانیش، بە چاندنی زەویەوە خەریک بوون؛ ئیتر لە هەموو جۆرە مەرجێکی پەیوەندیەکانی مولڵکدارێتیدا، بۆیە ئازادبوونیشیان کەوتە بارودۆخی ئابووریی ئێجگار جیاواز جیاوازەوە.

لە ئینگلترەدا یەکەمین خانەدانەکان، کۆیلەی زەوی بوون، ئەمانە هەر لە خانەدانەکانی ڕۆمای کۆن دەچوون، بەڵام سنووری چالاکیەکانیان بەرتەسک تر بووە. لە نیوەی دووهەمی سەدەی چواردەهەمدا، ئەوانە جێگایان گرتنەوە کە زەوییان بەکرێ دەگرت و خاوەن مولڵکەکان تۆو ئاژەڵ و کەرەسی کشتوکاڵییان بۆ دابین

---

[50]. Buchez et Roux: “Histoire Parlementaire,” t. x., p. 195

دەکردن. وە ئیتر لەمەدا هەر لە جووتیارێک دەچوون. جیاوازیە گەورەکەیشی ئەوە بووە کە ئەم زیاتر لە جووتیارەکانی تر، کرێکاری کرێگرتەی بەکاردەهێنا. وە هەر دوای ماوەیەکی کەم، بووە هاوبەش، وە ئیتر ئەم خۆی بەشێکی سەرمایەکەی دەداو خاوەن زەویەکەیش بەشەکەی تری. وە حاسڵاتەکەشیان بەپێی ڕێژەی سەرمایەکەیان دابەش دەکرد لە نێوان خۆیاندا. ئەم شێوە زەوی بەکرێدانە لە ئینگلترەدا بەخێرایی لەناوچوو، وە جێگای بۆ خاوەن کێڵگەی ئەسڵی چۆڵ کرد، کە بە سەرمایەی خۆیشی کاری دەکردو کرێکاری کرێگرتەیشی بەکاردەهێنا. بەشێکی بەرهەمەکانی وەک قازانجی زەوی دەدایە سەروەری زەویەکە، ئیتر بە نەخت یان بە قەرز.

لە سەدەی ١٥-هەمدا، تا ئەو کاتەی جووتیاری سەربەخۆ یان کرێکاری کشتوکاڵی، کە بۆ خۆی خاوەنی پارچە زەویەکی بچووک بووە، توانیویەتی بۆ خۆی کار بکات و شتێکیشی دەست بکەوێت لە کارەکەی، هەرچەندە داهاتی کێڵگە تا ئاستێک سنووردار بووە. بەڵام ئەو شۆڕشە کشتوکاڵیەی لە کۆتایی سەدەی ١٥-هەمدا دەستپێکردو لە هەموو سەدەی ١٦-هەمیشدا بەردەوام بوو، ئەو کەسانەی بە خێرایی دەوڵەمەند کرد کە زەوییان بەکرێ گرتبوو، ئەمەیش بەهەمان خێرایی هەژار خستنی دانیشتوانی گوندەکان[51]. داگیرکردنی لەوەڕگە هاوبەشەکانیش هەلی بۆ هەرە دەوڵەمەندەکانیان ڕەخساند ژمارەی ئاژەڵەکانیان بەبێ

[51]. هاریزن لە کتێبەکەیدا Description of England دەنووسێت: "لەگەڵ ئەوەی قازانجی زەوی لە ٤ پاوەندەوە بەرزبۆتەوە بۆ ٤٠ پاوەند، بەلام خاوەن کێڵگەکان وا دەبینن پرۆژەکەیان قازانجی تەواوی نەداوە ئەگەر لە کۆتایی گرێبەستەکەدا، واتە دوای ٦-٧ ساڵ لە ماوەی بەکرێ گرتن، ٥٠ تا ١٠٠ پاوەندی نەخستبێتە لاوە".

هیچ خەرجیەک زیاتر بکەن، ئاژەڵەکانیش پەینێکی زۆریان مسۆگەر دەکرد بۆ بەهێزکردنی زەویەکانیان.

لە سەدەی ١٦-هەمدا، فاکتەرێکی بە بایەخی تریش سەریهەڵدا. ئەوکاتە ڕێکەتننامەی بە کرێدانی زەوی بۆ ماوەیەکی ئێجگار درێژ بووە، زۆرجار بۆ ماوەی ٩٩ ساڵ بووە. دابەزینی بەردەوامی بەهای مێتالە گرانبەهاکان و نرخی دراویش، زۆر سوودبەخش بوون بۆ ئەوانەی زەویان بەکرێ دەگرت. جگە لەوانەیشی لەوەوبەر باسکران، دابەزینی نرخی دراو؛ کرێی کاریشی دادەبەزاند. بەشێکی ئەمەیش دەبووە قازانج بۆ بەکرێگرەکان. بەرزبوونەوەی نرخی دانەوێڵە، قوماش، گۆشت، بەکورتی بەرزبوونەوەی نرخی هەموو بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیش، داهاتی ئەم بەکرێگرانەی بەرزتر دەکردەوە، ئەمە لە کاتێکا کرێی خاوەن زەویەکان لەسەر ئەو ڕێکەوتننامەیە ئەدرا کە لە سایەی بەهای کۆنتری پارەدا مۆر کرا بوو[52]. ئا بەمجۆرە ئەمانە لە یەککاتدا،

---

[52]. دەربارەی کاریگەریەکانی دابەزینی بەهای پارە لەسەر چینە جیاوازەکان لە سەدەی شانزەهەمدا، بڕوانە A Compendium of Briefe Examination of Certayne Ordinary Complaints of Divers of our Countrymen in these our Days,” by W. S. Gentleman (London 1581. ئەم نووسینە بەهۆی فۆرمە دیالۆگیەکەیەوە، وا دانراوە کە شکسپیر ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر نووسیبێتی، وە لە ١٧٥١ یشدا چاپێکی نوێی بەناوی ئەوەوە دەرکەوت. بەڵام خاوەنەکەی ویلیام ستافۆردە. لە بڕگەیەکدا سوارەکە (Knight) بەم جۆرە دەڵێت:
سوار: "ئێوە، جووتیارە دراوسێکان، ئێوە فرۆشیارە گەڕۆکەکان، ئێوە خاوەن مسەکان و پیشەگەرەکانی تر، دەبێت بەرژەوەندی خۆتان تێبگەن. چونکە هەروەک چۆن هەموو شتێک گران دەبێت بە بەراوورد لەگەڵ ڕابووردوو، ئێوەیش دەتوانن نرخی ئەو کاڵا خزمەتگوزاریانەتان بەرزتر بکەنەوە کە مامەڵەیان پێوە دەکەن. بەڵام ئێمە هیچمان نیە بیفرۆشین تا نرخەکەی بەرز بکەینەوەو بیخەینە بری نرخە بەرزکراوەکان". لە شوێنێکی تردا سوارەکە لە دکتۆر دەپرسێت: "تکا ئەکەم پێم بڵێیت مەبەستت کێیە؟" -دکتۆر: "مەبەستم هەموو ئەوانەیە لەسەر کڕین و فرۆشتن دەژین، ئەگەر شت گرانتر بکڕن، ئەوا شتیش گرانتر دەفرۆشن -سوار: "ئەی ئەو خەڵکانە کێن قازانجیان لەمە دەست دەکەوێت؟" -دکتۆر: "مەبەستم هەموو ئەوانەیە خاوەن کێڵگەن یان زەویان

**لەسەر حیسابی کرێکارە کرێگرتەکان و خاوەن زەویەکانیش دەوڵەمەند دەبوون. هەر لەبەر ئەمە هیچ سەیر نیە لە ئینگلترەدا، لە کۆتایی سەدەی شانزەهەمدا چینێکی تێدا بوبێت کە هەر بە دوای پەیوەندیەکانی ئەو سەردەمەدا، چینێک لە سەرمایەدارە کشتوکاڵیە هەرە دەوڵەمەندەکانیان لێ پێکهاتبێت[53].**

---

بەکرێ گرتووەو قازانج بەپێی نرخی کۆن دەدەن، بەڵام بە پێوەرە نوێکان شت دەفرۆشن، واتە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەدەن بۆ زەویەکانیان و گران هەموو ئەو شتانەیش دەفرۆشن کە لەسەری سەوز دەبێت" -سوار: "ئەی ئەو خەڵکانە کێن، بەپێی گووتەکەی تۆ، زیانی زۆرتریان بەردەکەوێت لەوانەی زۆتریان وەگیردەکەوێت؟" -دکتۆر: "هەموو ئۆرۆستۆکراسیەکان و خانەدانەکان و ئەوانەیشی لەسەر قازانجی زەوی یان داهاتێک دەژین، کە خۆی زەویەکەی ناچێنێت یان کڕین و فرۆشتن ناکات".

[53]. لە فەرەنسادا régisseur، بەڕێوەبەران و کۆکەرەوانی باجی فیۆدالە سەروەرەکان، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بوونەتە بریکار (homme d'affaires)، هەر بەزۆرو بە فڕوفێڵ، بوونە کاپیتالیست. ئەو بەڕێوەبەرانە خۆیان گەلێجار توێژاڵێک بوون لە سەروەرەکان. بۆ نموونە: "ئەم ئەژمار کردنە جاکیوس دی تۆرین، کە سوارو بریکاری کۆشکە لە بیزانسۆن، پێشکەشی دەکات بە سەرکردەکەی، بەرپرسە لە دیۆجین لەبەردەم میرەکەی و ژمارەیەک لۆرددا بۆ ڕێکخستنی حیساباتەکانیان، وە کرێی زەویەکانیان کە گوازراوەتەوە بۆ هەمان کۆشک لە ٢٥ دیسامبری ١٣٥٩ وە تا ٢٨ دیسامبری ١٣٦٠".

(Alexis Monteil: “Traité de Matériaux Manuscrits etc.,” pp. 234

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە بەشی شێر لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، دەکەوێتە نێو ئەو دەستانەوە کە نێوەندگیری دەکەن. لە ئابووریدا، پیاوانی دارایی و بۆرسەو بازرگان و خاوەن دوکانەکان. لە مافی برجوازیدا، پارێزەر پێستی هەردوولا پیس دەکات. لە سیاسەتدا نوێنەر لە دەنگدەران بە بایەخترە، سەنگی وەزیر لە پادشا زیاترە. لە دیندا یەزدان دەچێتە دواوە لە "نێوەندگیرەکانەوە" و ئەوانیش لە قەشەکانەوە کە بەدەوری خۆیان نێوەندگیری نێوان شوانە چاکەکان و ڕانە مەڕەکەیەتی. لە فەرەنسا هەروەک ئینگلترە، زەوی فیۆدالە گەورەکان دابەش کران بە ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە پارچەی بچووک بچووک، بەڵام بە مەرجێکی زۆر نەگونجاو بۆ دانیشتوانی لادێکان. لە سەدەی ١٤-هەمدا، ئەو کێڵگەدارانە دەرکەوتن کە ناودەبران بە terriers زەوی بەکرێگر. ژمارەشیان بەردەوام زیادی دەکردو هەر بە زوویی گەیشتە ١٠٠٠٠٠ کەس. ئەمانە قازانجی زەوییان بە حازر یان بە قەرز دەدا لە نێوان ١٢/١ و ٥/١ دا لە بەرهەمەکە. ئەم خاوەن کێڵگە فیۆدالانە وە یان فیۆدالە لاوەکیانە، هتد، بەپێی بەهاو چەندایەتی ڕووبەرەکەی کە دەگەیشتە چەند ئەکرێک، وە هەموو ئەم سەروەرانەیش کەم تا زۆر، دەسەڵاتی یاساییان هەبوو بەسەر دانیشتوانەکەیاندا، ئەو دەسەڵاتەیش چوار

## ٥. کاریگەریی پێچەوانەی شۆڕشی کشتوکاڵی لەسەر پیشەسازی. دروستبوونی بازاڕی ناوخۆیی بۆ سەرمایەی پیشەسازی

وەک بینیمان، داماڵینی ناوبەناوی دانیشتوانی گوندەکان لە موڵکەکانیان و دەرکردنیان لە زەویەکانیان؛ بەردەوام پرۆلیتاریایەکی پێشکەش بە پیشەسازی شارەکان دەکرد کە هیچ پەیوەندییەکیان بە کۆمەڵەی پیشەگەرەکانەوە نەبوو، ئەم بارودۆخەیش وای لە پیرە ا. ئەندرسۆن کرد (نابێت ئەم تێکەڵ بکرێت لەگەڵ جەیمس ئەندرسۆن) لە کتێبەکەیدا دەربارەی مێژووی بازرگانی، باوەڕی تەواو بە دەستتێوەردانی خواوەندەکان بهێنێت. بۆیە ئا لێرەدا، پێویستە لەسەرمان، کەمێک لە نزیکترەوە لەم ڕەگەزەی کەڵەکەبوونی سەرەتایی بکۆڵینەوە. پاککردنەوەی گوندەکان لە دانیشتوانەکەی، کەمکردنەوەی ژمارەی سەربەخۆکان، جووتیاری خاوەن زەوی، هەر تەنها پرۆلیتاریای پیشەسازیی گەشە پێنەدا، بەڵکو وەک جیۆفرۆی سانت هیلێر ڕوونی کردۆتەوە، ئەمە بووە هۆی چڕ کردنەوەی ماتریالێکی جیهانی لە شوێنێک و کەم بوونەوەی لە شوێنێکی تر[54]. سەرباری کەم بوونەوەی ژمارەی جووتیارانیش، زەوی وەک جاران و بگرە زیاتریش بەرهەمی ئەدا، چونکە ئەم وەرچەرخانە لە پەیوەندیەکانی خاوەندارێتیدا، هاوشان بوو بە مێتودی نوێی کێڵان و کۆمەک کردن و سێنتراڵیزەبوونی کەرەسەکانی

---

پلەی هەبوو. وە ئیتر زۆر ئاسانە تێبگەیت دانیشتوانی لادێکان، ڕووبەڕووی چ ستەمیک بوونەتەوە لەم ستەمکارە بچووکانەوە. مۆنتێل دەڵێت لەو سەردەمەدا ١٦٠٠٠٠ دادگا هەبووە لە فەرەنسادا، کە لەم کاتەدا بۆتە ٤٠٠٠ دادگا بە دادگای سوڵحیشەوە.

[54]. بگەڕێرەوە بۆ: Notions de Philosophie Naturelle.” Paris, 1838

بەرهەمهێنان و هتد، بەم جۆرەیش کرێکارە دێهاتیەکان، زۆر چڕتر کاریان دەکرد، بەڵام دواجار ئەو پارچە زەویەی خۆیان دەیانچاند بۆ خۆیان، زیاترو زیاتر بەرتەسک دەبووەوە[55]. وە دوای ئەوەی جووتیاران هەڵدەفڕێنرێن، ئیتر ئەو ئامرازانەی بژێویش ئازاد دەبن کە ئەو جووتیارانە لەوەوبەر بەکاریان هێناون، وە ئیتر  ئەمانە دەبنە بەشێک لە سەرمایەی گۆڕدراو. وە ئەو جووتیارانەی بەم شێوەیە، سەرچاوەی ڕزقیان لە دەستچوو، ئیتر دەبوایە بەهای بژێویان بکڕن، ئەمەیش بە کارکردن لە لای سەروەرێکی نوێ، کە ئەویش سەرمایەداری پیشەسازیەو کرێیەکیان دەداتێ پێداویستیەکانی ژیانیانی پێ بکڕنەوە. بەهەمان شێوە، هەروەک ئەو ئامرازانە، زەویش بووە ماتریالی خاو. وە بووە ڕەگەزێکی سەرمایەی نەگۆڕ.

با بۆ نموونە، جووتیارانی وێستفالیا بهێنینە بەرچاومان، کە لەسەردەمی فرێدریکی گەورەدا، هەموویان، ئەگەر بە ئاوریشمەوە خەریک نەبونایە، خەریکی چنینی کەتان بوون، ئەمانەیش لەو کەسانە بوون بەزەبروزەنگ لە موڵکەکانیان دەرکران و لە زەویەکانیان دوورخرانەوە، ئەمە لەکاتێکا ئەو بەشەی مابوونەوە،  بوونە کرێکاری ڕۆژانە لە لای خاوەن کێڵگە گەورەکان. لە هەمانکاتدا دام و دەزگای گەورەی چنین و دوورینی کەتان، لەو شوێنانە دادەمەزرێنرا کە جووتیارە "ئازادەکانی" تێدا بووە کرێکاری کرێگرتە. کەتانەکەیش هەروەک جاران دەینواند. تەنها تاڵێکی لێ نەگۆڕا بوو، بەڵام گیانێکی کۆمەڵایەتی نوێی کرا بوو بە بەردا. وە ئیتر بووبووە بەشێکی پێکهێنەر لە سەرمایەی نەگۆڕی خاوەن مانیفاکتۆرەکان. ئەمە لە

[55]. ئەمە لایەنێکی باسەکەیە کە سێر جەیمس ستیوارت بە ڕوونی لێی دەدوێت.

ڕابووردوودا دابەش دەبوو لە نێوان ژمارەیەکی زۆر بەرهەمهێنی بچووکدا کە هەریەکە بەشێکی بچووکی دەچاندو دەچنیەوە، لەمەیشدا هەموو خێزانەکە بەشدار دەبوون، بەڵام ئێستا ئەمە هەمووی، لە دەستی کاپیتالیستێکدا کۆبۆتەوەو ئەوانی تر ناچاری دوورین و چنینن بۆ ئەو. جاران زێدەی کار لە چنینی کەتانەکدا، دەبووە داهاتێکی زیادە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە جووتیاریەکان، وە یان لە سەردەمی فرێدریکی دووهەمدا، دەبووە باج pour le roi de Prusse [لە پێناوی پادشای بروسیادا][56]. ئێستا هەر ئەو کارە، دەبێتە قازانجێکی گەورە بۆ ژمارەیەکی کەم لە سەرمایەداران. ئەو ئامرازی چنین و دوورینەیشی جاران بەسەر هەموو وڵاتدا دابەش بوو بوو، ئێستا، هەروەک کرێکارو ماتریالی خاو، لە چەند شوێنێکی کرێکاریی گەورەدا گرد بوونەتەوە. ئامرازی چنین و دوورین و ماتریالی خاویش، چیتر ئامرازی بژێویەکی سەربەخۆ نین بۆیان، بەڵکو بوونەتە کەرەسەی سەروەرێتی و چەوساندنەوەیان و وەرگرتنی کاری بێبەرابەر لێیان بە زەبر. ئەمەیش وا دەرناکەوێت کە ئەو مانیفاکتۆرەو خاوەن کێڵگە گەورانە، دەرئەنجامی گردکردنەوەی کۆمپانیا بچووکەکان و داماڵینی ژمارەیەکی زۆر بن لە بەرهەمهێنە بچووکەکان. بەڵام ئەم ڕواڵەتەی دەرەوەیان، نامان خەڵەتێنن.

لە سەردەمی میرابۆدا، شێرەکەی ئەم شۆڕشە، مانیفاکتۆرە گەورەکان، ناودەبرا بە manufactures réunies فابریکە

---

[56]. سەرمایەدار دەڵێت: "من شەرەفی ئەوەت ئەدەمێ خزمەتم بکەیت بەمەرجێک تۆیش بەرامبەر بەو هیلاکیەی من تووشم دەبێت لە فەرماندانداا بەسەر تۆدا، تۆیش کەمێکم لەوە بدەیتێ کە لێت زیاد دەبێت J. J. Rousseau: “Discours sur l’Economie Politique

کۆکراوەکان، هەروەک چۆن ئێستا باس لە کێڵگە کۆکراوەکان دەکەین. میرابۆ دەڵێت:

"مانیفاکتۆرە گەورەکان کە بە سەدان کەس لەژێر چاودێریی یەک بەڕێوەبەردا کار دەکەن، ناودەبرێن بە مانیفاکتۆرە یەکخراوەکان (manufactures réunies). ئەو فابریکە بچووکانەی پڕن لە کرێکارو هەریەکەشیان بەرپرسن لە کاری خۆیان، ئیتر بەبێ ئەوەی پێویست بێت تیلە چاوێکیشیان بدرێتێ. ئەوانە خەریکن دەکەونە دواوە. ئەمەیش هەڵەیەکی گەورەیە، ئەمە لەکاتێکا ئەو فابریکانە بەشێکی ئێجگار گرنگی سامانی خەڵکی پێکدەهێنن ... فابریکە یەکخراوەکان (fabrique réunies) دەتوانن سامانێکی زۆر بۆ خاوەن کارێک یان دوانیشیان ڕابکێشن، بەڵام کرێکاران کرێی کارێکی ڕۆژانەی باشتر یان خراپتر وەردەگرن و هیچ بەشێکیان لە دەستکەوتی خاوەنکارەکەدا نیە. بەپێچەوانەیشەوە، لە فابریکە بچووکەکاندا (manufacture separée) هیچ کەسێک دەوڵەمەند نابێت، بەڵام ژمارەیەک کرێکار لە بارودۆخێکی باشتردا دەبن ... ژمارەی ئەو کرێکارانەیش زۆر دەبێت کە زۆر کار دەکەن، ئەمە بەوهۆیەوە کە توانای ئەوەیان دەستدەکەوێت مەرجەکانی ژیانیان باشتر بکەن لە کارکردنی زۆرتردا پێکەوە، ئیتر ئەمە لەبری ئەوەی هەوڵ بدەن کەمێک لە کرێی کارەکەیان زیاد بکەن کە هیچ دەرئەنجامێکی گرنگی نابێت سەبارەت بە ئایندەیان، وە لە باشترین حاڵیشدا هیچ هەلێک ناڕەخسێنێت بۆ کرێکار ئەوە نەبێت کە هەندێ جار باشتر بژی لە ڕابووردوو. مانیفاکتۆرە تاکەکان کە بەملاولادا بڵاو بوونەتەوەو بەستراویشن بە کشتوکاڵی بچووکەوە، ئەوانە تەنها پرۆژەی ئازادن"[57].

---

[57]. Mirabeau, l.c., t.III, pp.20-109 passim: "De la Monarchie Prussienne", Londres 1788. vol III, s. 20-109 pass.

ئەو وەرچەرخانەی جووتیارە بچووکەکانی کردە کرێکاری کرێگرتەو ئامرازەکانی ژیان و کەرەسەکانی کارکردنیشیانی کردە سەرمایەی پیشەسازی، لە هەمانکاتدا بازاڕێکی ناوخۆییشی پێکهێنا بۆ بەرهەمە سەرمایەداریەکان. جاران جووتیارو خێزانەکەی بەشێکی زۆری ئامرازەکانی ژیان و ماتریالە خاوەکانیشیان بەرهەمدەهێنا، ئەمەیش بۆ بەکاربردنی خۆیان. ئەو ماتریالە خاوو ئامرازانەی ژیانیان؛ بوونە کاڵاو مانیفاکتۆرەکانیش بوونە بازاڕی خاوەن کێڵگە گەورەکان. چنین، قوماشی لۆکەو خوری، وە هەر شتێک کە خێزانە جووتیاریەکان شتێکیان لە ماتریالی خاو لێدروست دەکرد، وە یان خۆیان شتێکیان لێ دەچنی بۆ بەکاربردنی خۆیان - ئەمانە هەموویان بوونە کاڵای مانیفاکتۆری، کە بازاڕەکەی دێهاتەکانن. ئەو شتانەی جاران لای ژمارەیەک بەرهەمهێنی بڵاوو پچڕپچڕ دەستدەکەوتن کە هەریەکە بۆ خۆیان کاریان دەکرد، ئێستا لە بازاڕێکی یەکگرتوودا کۆکراونەتەوەو سەرمایەی پیشەسازی زاڵ بووە بە سەریدا[58]. وە هەر لەوکاتەیشدا کە ئامرازی جووتیاری لەنێوچوو، وە جووتیارانیش لە کەرەسەکانی بەرهەمهێنان جیاکرانەوە، ئیتر پیشەسازیە دێهاتیە لاوەکیەکانیش وون بوون، مانیفاکتۆرەو کشتوکاڵ لێکجیابوونەوە. لەناوچوونی پیشە دەستیەکانیش

---

[58]. "بێگومان ئەو کارە ئاسان دەبێت ئەگەر بیست کیلۆ خوری لە خێزانێکی کرێکاریەوە بە هێمنی بکرێتە جل و بەرگ بۆ خێزانە کرێکاریەکە خۆی بە خێرایی، وە بە کاری ئەو خێزانە خۆی، لە نێوان ماوەی کارەکانی تریاندا، وە ئەمە بایەخێکی ئەوتۆی ناوێت. بەڵام ئەو خوریە ببەنە بازاڕ، بینێرن بۆ خاوەن فابریکەکە، دوای ئەو بۆ بازرگانەکەو لەوێیشەوە بۆ فرۆشیارەکە، ئەوکاتە ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی بازرگانی گەورە دەبنەوە، سەرمایەگوزاریەکەیش بیست جار لە بەهای ئەو خوریە دەباتە سەرەوە ... ئا بەم جۆرە چەوساندنەوەی پرۆلیتاریای فابریکەکان ڕوودەدات لە چینێکی مشەخۆرەوە لە خاوەن زەوی و سیستمی دارایی کە لەسەر وەهم وەستاوە" David Urquhart, l.c., p.120

مەرجێک بوون بۆ ئەوەی بازاڕی ناوخۆیی جۆرێک جێگیر ببێت کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەیخواست.

بەلام قۆناغی مانیفاکتۆرییش هێشتا نەبووبووە هۆی گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا. وە دەبێت لەبیرمان نەچێت مانیفاکتۆرە، بەرهەمهێنانی نیشتمانیی نەخستە ژێر دەستی خۆی پلە بە پلە نەبێت، پیشەگەرەکانی شارو پیشەسازیەکانی لادێ، بە شێوەیەکی فراوان هەر مابوون، کە ئەمانە بنەمای خودی مانیفاکتۆرە بوون، مانیفاکتۆرەیش لەکاتێکا، لە لایەکەوە پیشەسازی دەستی و پیشەسازی ماڵەوە لە چەند لقێکدا لەناو دەبات، لە لایەکی ترەوە، سەرلەنوێ لە شێوەو لقی تردا دروستیان دەکاتەوە، چونکە تا ئاستێکی دیاری کراو، هێشتا هەر پێویستی بەو شێوازی کارەیە لە بەکارهێنانی ماتریاله خاوەکاندا. وە هەروەک دەرئەنجامی ئەمەیش، چینێکی نوێی بچووک لە لادێکاندا دروست بووە، کە کشتوکاڵ کارێکی لاوەکی ئەوانەو کاری پیشەسازییش کاری سەرەکیانە، بەرهەمەکانیشیان یان ڕاستەوخۆ وە یان بەهۆی بازرگانێکی نێوەندگیرەوە، دەفرۆشرێت بە مانیفاکتۆرەکان. ئا ئەمە، ئەگەرچی هۆکاری سەرەکی نەبوو، بەڵام هۆکارێک بوو بۆ ئەو دیاردەیەی بەگشتی هەموو ئەو کەسانە تووشی سەرەکێژە دەکات کە دەیانەوێت لە مێژووی ئینگلیزی بکۆڵنەوە. لە دواین بەشی سێهەمی سەدەی پانزەهەمەوە، بە بەردەوامی دەنگێکی ناڕازیی کورت کورت و پچڕ پچڕ دەبیسترێت بەرامبەر بە پرۆسەی پیشەسازی کردن لە دێهاتەکانداو لەناوچوونی چینی جووتیاران. ئەمە لەکاتێکا کە دەبینرێت ئەو چینە جووتیاریە هێشتا هەر ماوە، ئەگەرچی ژمارەیان کەم دەکات و باری ژیانیان ناهەموارتر

دەبێت[59]. هۆکاری سەرەکی ئەمەیش ئەوەیە لە ئینگلترەدا، بەشێوەیەکی دەوری و ناوبەناو، جارێک چاندنی دانەوێڵەو جارجارەیش بەخێوکردنی ئاژەڵ، بایەخی سەرەکیان وەرگرتووە، بەم هۆیەیشەوە، پێوەرەکانی بەرهەمهێنانی جووتیاری بەردەوام لە گۆڕاندا بووە.

بۆ یەکەمین جار، ئەوە پیشەسازی گەورە بوو، بە بەکارهێنانی ئامێر، بنەمایەکی پتەوی بۆ کشتوکاڵی سەرمایەداری مسۆگەر کرد. ئەم پیشەسازیە، دانیشتوانە دێهاتیەکە لە موڵکەکانیان ڕووت دەکاتەوە، وە بە تەواوی کشتوکاڵ و پیشەسازی ماڵەوە لێکجیادەکاتەوە، پیشەسازی ماڵەوەیش -چنین و دوورین- لە ڕەگەوە هەڵدەکێشێت[60]. وە ئیتر پیشەسازی گەورە لە زاڵ

---

[59]. سەردەمی کرۆمویڵز سەردەمێکی جیاوازە. تا ئەوکاتەی سەردەمی کۆماری مابوو، هەموو توێژەکانی جەماوەری میللی لە ئینگلترەدا خۆیان لەو سووکایەتیە ڕزگار کردبوو کە لە سەردەمی ڕەچەڵەکی تیودۆردا ڕوویدا.

[60]. توکێت وا دەبینێت پیشەسازی گەورە وەک دەرئەنجامی بەکارهێنانی ئامێر لە مانیفاکتۆرەکان و سەرکەوتن بەسەر پیشەسازی ماڵەودا سەریهەڵدا ( Tuckett: "A History of the Past ande Present State of the Labouring Population", London 1846, del I, s. 144).
گاسن و نیڵ خواوەندەکان دروستیان کردوون و پاڵەوانەکان بەکاریان دەهێنن؛ ئایا سەرچاوەی ئامێری چنین و چنینی دەستی و دەرزی چنین لەو ئەسڵە کەمترن؟ ئێوە چنینی دەستی و گاسن، دەرزی چنین و نیڵ لێک جیادەکەنەوە، دەرئەنجامیش ئەمانە فابریکەو خانووی هەژاران، قەرزو قەیران، دوو ئۆردوگای دژ بەیەک، کشتوکاڵی و بازرگانیی لێدەکەوێتەوە (David Urquhart, l.c., p.122 هەمان سەرچاوەی ڕابووردوو). بەڵام ئەوەتا کاری (Carey) ئینگلترە تاوانبار دەکات -بێگومان بەبێ بنەما نا، کە دەیەوێت هەموو وولاتانی تر بکاتە وولاتی کشتوکاڵی و خۆیشی بەرهەمە پیشەسازیەکانیان پێ بفرۆشێت. وە دڵنیامان دەکاتەوە کە تورکیا بەم شێوەیە وێران بوو، چونکە "خاوەن زەوی و جووتیار هەرگیز ڕێی پێنەدرا" (لە ئینگلترەوە) "بە پتەوکردنی بارودۆخی خۆیان بۆ کۆکردنەوەیەکی سروشتی نێوان گاسن و ئامێری چنین و چەکوش" (The Slave Trade," p.125)، بەڕای ئەویش ئۆرکارت خۆی یەکێکە لە بەرپرسە سەرەکیەکانی وێران کردنی تورکیا، چونکە ئەوە ئەو بوو داوای بازرگانی ئازادی دەکرد لە بەرژەوەندی ئینگلترە. چیرۆکەکە ئەوەیە کاری کە دۆستی ڕوسیایە

بوونیدا، هەموو بازاڕی ناوخۆیی دەخاتە ژێر ڕکێفی سەرمایەی پیشەسازیەوە[61].

## ٦. سەرهەڵدانی سەرمایەداری پیشەسازی

سەمایەدارە پیشەسازیەکان[62] بە هەمان زنجیرەی پلە بە پلەی خاوەن کێڵگەکاندا تێنەپەڕیون. بەبێ هیچ دوودڵیەکیش، هەندێک لە وەستای پیشەگەرە بچووکەکان، ژمارەیەکی زۆر لە پیشەگەرە بچووکە سەربەخۆکان و تەنانەت لە کرێکارە کرێگرتەکانیش، لەوانە بوون کە بوونەتە سەرمایەداری بچووک و بە بەکارهێنانی کاری کرێگرتەو کەڵەکەکردنی سەرمایەیش، بوونەتە سەرمایەدارێکی تەواو، ئەمەیش بەهۆی فراوان کردنی پلە بە پلەی چەوساندنەوەی کرێکاری کرێگرتەو لەوەیشەوە کەڵەکەکردنی سەرمایە. ئا لەم قۆناغە ساوایەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، هەروەک قۆناغی سەرەتایی شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، پرسیار ئەوە بووە کام جووتیاری کۆیلەی هەڵاتوو دەبێتە وەستاو کامیشیان دەبێتە خزمەتکار، وەڵامی

---

دەیەوێت بەهۆی سیستمی پاراستنی گومرگیەوە ڕێگا لەم پرۆسێسی جیابوونەوەیە بگرێت، ئەمە لە کاتێکا، بەپێچەوانەوە، ئەو سیستمە خێراتری دەکات.

61. ئابووریزانە ئینگلیزیە خێرخوازەکان، وەک میڵ، رۆگەرز، گۆڵدوین سمیس، فاوسێت و زۆری تریش، وە هەروەها لیبرالیستە خاوەن فابریکەکان وەک جۆن برایت و ئەوانەی وەک ئەوانن و وەک ئۆرۆستۆکراسیە ئینگلیزیە خاوەن زەویەکانیش، بە چەشنی یەزدان کە لە قابیل دەپرسێت دەربارەی هابیلی برای: ئەوە ئەو هەزاران جووتیارە ئازادانەمان ڕوویان کردە کوێ؟ ئەی ئێوە خۆتان لە کوێوە هاتوون؟ بێگومان بە لەناوبردنی ئەو جووتیارە ئازادانە. ئەی بۆ ناپرسن: ئەرێ ئەی چنەرەکان و پیشەگەرەکان چیان بەسەرهات؟

62. ووشەی "پیشەسازی" لێرەدا بەرامبەر بە ووشەی "کشتوکاڵی" بەکاردەهێنرێت. وە وەک چینی کۆمەڵایەتی، خاوەن کێڵگەیش کاپیتالیستێکی پیشەسازیە هەروەک خاوەن فابریکەکان.

ئەمەیش وا لێکدراوەتەوە وەک ئەوەی ئەمە لەسەر ئەوە وەستا بێت؛ کام لەمانە زووتر یان درەنگتر هەڵاتبێتن. بەڵام ئەم مێتودە هێلکەشەیتانۆکەییە، هەرگیز لەگەڵ خواستی ئەو بازاڕە جیهانیەدا ناگونجێت کە دۆزینەوە جوگرافیە مەزنەکانی سەدەی پانزەهەم دروستیان کرد. چەرخی ناوەڕاست؛ لە دوای خۆی، دوو فۆرمی جیاوازی لە سەرمایە بەجێهێشتبوو کە ئەمانەیش لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەمەجۆرەدا پێگەیشتبوون، وە هەتا بەر لە چەرخی سەرمایەداری، ئەوانە تاکە فۆرمی سەرمایە بوون: سەرمایەی سووخۆر وە سەرمایەی بازرگانی.

نووسەرێکی ئینگلیزی دەڵێت:

"لەم ڕۆژگارەدا، هەموو سامانێک لە کۆمەڵدا، دەچێتە نێو دەستی سەرمایەدارەوە ... سەرمایەدار قازانجی زەوی دەداتە خاوەن کێڵگە، کرێی کار دەداتە کرێکار، باج و دەیەک دەدات، وە گەورەترین بەشیش، لە ڕاستیدا بەشێکی هەمیشە زیادکردوو لە بەرهەمی کاری ساڵانە دەبات بۆ خۆی. وە لە ئێستادا سەرمایەدار وادادەنرێت کە خاوەنی هەموو سامانی کۆمەڵایەتیە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هیچ یاسایەکیش ئەو مافی خاوەندارێتیەی نەداوەتێ ... ئەم گۆڕانە بەهۆی وەرگرتنی سوودەوە بووە لەسەر سەرمایە ... ئەوەیش وەک سەرسووڕهێنەر دێتە بەرچاو کە هەموو یاسادانەران لە ئەورووپادا ویستوویانە ڕێگا لەمە بگرن بە دەرکردنی یاسا دژی سووخۆری ... دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر هەموو سامانی وڵاتەوە، گۆڕانکاریەکی تەواو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت لە پەیوەندیەکانی خاوەندارێتیدا، بەڵام ئایا چ یاسایەک یان چ کۆمەڵە یاسایەک ئەم گۆڕانکاریەی وەدی هێناوە؟"[63].

---

[63] The Natural and Artificial Rights of Property Contrasted." Lond., .
1832, pp. 98-99، نووسەری ئەم نووسینە نهێنیە ت. هۆدسکینە.

ئەو دانەرە دەبوایە ئەوەی بزانیایە کە هەرگیز یاسا شۆڕش بەرپا ناکات.

ئەو سەرمایە نەختینەیەی بەهۆی سووخۆری و بازرگانیەوە دروست بوو بوو، لە لادێکاندا لە دەستوورە دەرەبەگایەتیەکانەوەو لە شارەکانیشدا لە سەندیکا پیشەییەکانەوە ڕێگری لێکراوە کە ببێتە سەرمایەی پیشەسازی[64]. کاتێک دەرەبەگایەتی لەنێوچوو وە دانیشتوانی گوندەکان لە زەویەکانیان داماڵران و بەشێکیشیان دەرکران، ئیتر ئەو ڕێگریانەیش لەنێوچوون. وە ئیتر مانیفاکتۆرە تازەکان لە دەرەوەی لادێکان یان لەو بەندەرە دەریاییانەوە سەریانهەڵدەدا کە هەناردەیان لێوەدەکرا، واتە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی یاسای شارە کۆنەکان و سەندیکا پیشەییەکاندا. لە ئینگلترەدا خەباتێکی توند ڕوویدا لە نێوان corporate towns [شارە یەکگرتووەکان] و ئەم بنکە پیشەسازیە نوێیانەدا.

دۆزینەوەی کانی ئاڵتوون و زیو لە ئەمریکادا، لەناوبردن و بە کۆیلەکردنی دانیشتوانە ئەسڵیەکەی و ناشتنیان بە زیندوویەتی لە کانەکاندا، هەنگاوی یەکەمی داگیر کردنی هیندی خۆرهەڵات و تاڵان کردنی، کردنی ئەفریقیا بە شوێنی ڕاوکردنی ڕەشپێستەکان بۆ بازرگانی پێکردنیانەوە وەک کۆیلە - ئەمانە هەموو بەرەبەیانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پێکدەهێنن. ئا ئەم ڕووداوە نموونەییانە، ڕەگەزە سەرەکیەکانی کەڵەکەبوونی سەرەتایی پێکدەهێنن. ئەمەیش هەر خێرا، جەنگی بازرگانی

---

64. هەتا ساڵی ١٧٩٤ یش، بەرهەمهێنە بچووکەکانی قوماش لە لیدز نوێنەرێکیان دەنارد بۆ پەرلەمان داوای دەرکردنی یاسایەکیان دەکرد کە هەموو بازرگانێک قەدەغە بکەن لەوەی ببنە خاوەن فابریکە (Dr. Aikin, Description of the Country from thirty to forty miles round Manchester, London 1795)

نەتەوە ئەوروپییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا کە گۆڕەپانەکەی تەواوی گۆی زەوی بوو . ئەمەیش بە جیابوونەوەی هۆڵەندا ڕوویدا لە ئیسپانیا، کە گەلێک ڕەهەندی جیاوازی هەبوو لە جەنگی دژ بە یاکوبیەکاندا لە ئینگلترە، وە ئەمە تا ئێستایش وەک جەنگی تاڵانی، لە شێوەی جەنگی ئەفیوندا، دژیووڵاتی چین و هتد، هەر بەردەوامە.

ئا بەمجۆرە، ڕەگەزە جیاوازەکانی کەڵەکەبوونی سەرەتایی، کەم تا زۆر، لەڕووە مێژووییەکەیەوە، بەتایبەت دابەش دەبێت بەسەر ئیسپانیاو پورتوگال و هۆڵەنداو فەرەنساو ئینگلترەدا. لە کۆتایی ١٦٠٠-کانیشدا، هەموو ئەم ڕەگەزانە لە ئینگلترەدا لە سیستمێکی کۆلۆنیالیستی و قەرزی دەوڵەت و سیستمی باجی نوێ و پاراستنی گومرگیدا جێگیر دەبن. ئەو مێتودانەیش تا ئاستێک بە دڕندەترین زەبروزەنگ پاڵپشتی کراون، بۆ نموونە، سیستمی کۆلۆنیالیستی. وە هەمووشیان دەسەڵاتی دەوڵەتیان بەکارهێناوە، دەسەڵاتە ڕێکخراوە گردوکۆکەی کۆمەڵ، بۆ کورت کردنەوەی ڕێگای تێپەڕبوون لە شێوازی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتیەوە بۆ شێوازی سەرمایەداری. زەبروزەنگ مامانی هەر کۆمەڵگایەکی کۆنە کە کۆمەڵگایەکی نوێی لە خۆیدا هەڵگرتووە. زەبروزەنگ خۆی هێزێکی ئابووریە.

وە دەربارەی سیستمی کۆلۆنیالی کریستیانەکان، ویلیام هۆیت کە کریستیانیتی کردۆتە پیشە، دەڵێت:

"ئەوەی ناوبراو بە ڕەگەزی کریستیانیتی ئەنجامی داوە لە بەربەریزم و ستەمی بێ شەرمانە؛ لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا دژی هەر نەتەوەیەک کە توانیبێتیان بیان چەوسێننەوە، لە لای هیچ ڕەگەزێکی تر،

وێنەی نادۆزرێتەوە لە مێژووی کۆنی جیهاندا، ئیتر هەرچەند دڕندەو بێ ڕەحم و ستەمکار بووبێتن"[65].

مێژووی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی هۆڵەندی -هۆڵەندا وڵاتێکی سەرمایەداری نموونەیی بووە هەر لە سەدەی حەڤدەهەمەوە- وێنەیەکمان لە بەرتیل و خیانەت و کوشتن و سووکایەتی پێکردن نیشان دەدات کە لە باس کردن نایەت[66]. وە هیچ شتێک ئەوەندەی ڕاو کردنی مرۆڤ و زیاد کردنی کۆیلە بەو هۆیەوە بۆ نیوەدوورگەی جاڤا، خەسڵەتی ئەو سیستمە نیشان نادات. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەیش، دزەکانی مرۆڤ، ڕاهێنانیان پێکراوە. لایەنە سەرەکیەکانی ئەم بازرگانیەیش، لە دزو وەرگێڕی زمان و فرۆشیارەکان پێکهاتوون، فرۆشیارە سەرەکیەکانیش لە فەرماندە ناوخۆییەکان پێکهاتوون. ئەو لاوانەی دەدزران، لە زیندانە نهێنیەکانی سیلیبسدا (Celebes) دەشاردرانەوە تا تەمەنێکی دیاری کراو، وە ئیتر ڕەوانەی ئەو پاپۆڕانە دەکران کە کۆیلەکانیان دەگواستەوە. وە لە یەکێک لە ڕاپۆرتە ڕەسمیەکاندا هاتووە:

"وەک نموونە، شاری مەکاسەر پڕە لە زیندانی نهێنی، ئەمیان لەویان ترسناکترە، هەمووشیان قوربانیانی مامەڵەیەکی پڕ لە ستەم و

---

65. William Howitt: “Colonisation and Christianity: A Popular History of the Treatment of the Natives by the Europeans in all their Colonies.” London, 1838, p. 9 - سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی کۆیلە، زانیاریەکی زۆرو بەکەڵک لەم کتێبە وەگیردەکەوێت: *Charles Comte*: "Traité de la Législation", 3:e ed. Bruxelles 1837. دەبێت ئەم کتێبە بە درێژی بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی ببینیت کە برجوازیەت چی بە خۆی و کرێکار دەکات، ئەوسا دەبینیت چۆن بێ ئابڕوانە ئەم جیهانە دەکاتە وێنەو نموونەیەک لە خۆی.

66. Thomas Stamford Raffles: “The History of Java,” Lond., 1817

زۆردارین، زنجیرو پێوەند کراون و بەزەبروزەنگیش لە کەسوکاریان کردوون".

بۆ دەستگرتن بەسەر شاری مەلەکەدا (Malacka)، هۆڵەندیەکان بەرتیل دەدەنە دادوەرێکی پورتوگالی. ئەویش، لە ١٦٤١ دا، دەرگای ئەو شارەیان بۆ دەخاتە سەرپشت. ئەوانیش هەر بە پەلە دەگەنە ماڵەکەی و دەیکوژن بۆ ئەوەی لەو بەرتیلە ڕزگاریان ببێت کە ٢١٨٧٥ پاوەندی ئینگلیزی بووە. وە ئیتر هەر ئەوەندەی ئەمانە، قاچیان خستبێتە هەر شوێنێکەوە، ئەو شوێنە وێران بووەو چۆڵ کراوە. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٧٥٠ دا، دانیشتوانی هەرێمی بانیۆفانگی لە نیوەدوورگەی جاڤادا، ٨٠٠٠٠ کەس بووە؛ لە ساڵی ١٨١١ دا، تەنها ٨٠٠٠ کەسی تێدا ماوەتەوە. ئەمەیە ناودەبرێت بە le doux commerce [بازرگانیەکی ئاسان]. کۆمپانیای ئینگلیزی هیندیی ڕۆژهەڵات، جگە لە دەسەڵاتە سیاسیەکەی لەوێدا، مۆنۆپۆلی ڕەهای بازرگانیی چاو هەروەها مۆنۆپۆلی بازرگانی لەگەڵ چین و مۆنۆپۆلی گواستنەوەی کاڵا لە- وە بۆ ئەوروپای کەوتۆتە ژێر دەست. وە هەر فەرمانبەرە بەرزەکانی ئەو کۆمپانیایە خۆشیان، بە درێژایی کەنارەکانی هیندستان و نێوانی دوورگەکان و بازرگانی ناو هیندستانیش، مۆنۆپۆلی ئەو دەریاوانیەیان کردووە. وە ئیتر مۆنۆپۆلی خوێ، ئەفیون، بەهارات و کاڵای تر، بووە سەرچاوەیەکی گەورەی دەوڵەمەند بوون. ئەو فەرمانبەرانە هەر خۆشیان نرخیان دیاری کردووەو چۆنیشیان ویستبێت بەو جۆرە مامەڵەی خەڵکە هەژارەکەی هیندستانیان کردووە. دادوەری گشتی خۆی، بەشدار بووە لەم بازرگانیە ئەهلیەدا. ئەوانەیشی خۆی حەزی لە چارەیان بووە، بەو مەرجانە گرێبەستیان لەگەڵدا کراوە کە بۆ خۆیان گونجاو بووە، وە لە شتێکدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە کە

تەنانەت کیمیاویەکان شکستیان خواردووە تیایا: ئاڵتوون دروست کردن لە هیچ. سامانێکی زۆر گەورە، هەروەک قارچک لە زەویەوە سەری دەهێنایەدەر، ئەمەیش دەبووە مایەی کەڵەکەبوونی سەرەتایی بەبێ خەرج کردنی تاکە پوولێک. دادگایی کردنی ۆرن هاستینگس نموونەیەکە لەوانە. فەرموون ئەمە نموونەیەکیان. گرێبەستێکی ئەفیون لەگەڵ سولیڤان ناوێکدا دەبەسترێت لەو کاتەدا کە وەک فەرمانبەر دەنێردرێت بۆ ناوچەیەک لە ناوچەکانی هیندستان، دوور لە ناوچەی ئەفیونەکە. سولیڤان گرێبەستەکەی دەفرۆشێت بە ٤٠٠٠٠ پاوەند بە بین ناوێک، ئەویش هەر لەو ڕۆژەدا دەیفرۆشیت بە ٦٠٠٠٠ پاوەند. ئەم کڕیارەی دوایی، ڕایدەگەیەنێت کە هێشتا قازانجێکی ئێجگار گەورەی دەست کەوتووە لەو بازرگانیە. وە بەپێی لیستەیەک کە خراوەتە بەردەم پەرلەمان، ئەو کۆمپانیایەو فەرمانبەرەکانی، لە نێوان ساڵەکانی ١٧٥٧-١٧٦٦ دا، ٦ ملیۆن پاوەندیان وەک "دیاری" وەرگرتووە لە هیندیەکان. لە نێوان ١٧٦٩ و ١٧٧٠ دا، ئینگلیزەکان برسێتیەکی دروست کراویان بڵاوکردەوە، ئەمەیش بە کڕینی برنج وە فرۆشتنەوەی بە نرخێکی ئێجگار بەرز[67].

بێگومان خراپترین مامەڵەی دانیشتوان، لەو ناوچانەدا دەکرا کە تەنها بۆ هەنادرە کردن کاری تێدا دەکرا، وەک هیندی خۆرئاوا، ئەمە جگە لە وڵاتە دەوڵەمەندو قەرەباڵغەکانیش، وەک مەکسیک و هیندی ڕۆژهەڵات کە هەر جێگای تاڵان کردن بوون. بەڵام لە کۆلۆنیالیستە ئەسڵیەکانیشدا، کەڵەکەبوونی سەرەتایی،

---

67. لە ساڵی ١٨٦٦ دا، تەنها لە هەرێمی ئۆریسادا، زیاتر لە یەک ملیۆن هیندی دەمرێت لە برسا. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەموو هەوڵێک لە پێناوی دەوڵەمەند کردنی خەزێنەی دەوڵەتدا بووە لە هیندستان، ئەمەیش بە فرۆشتنی ئامرازەکانی بژێوی بەو برسیانە بە نرخێکی بەرز.

مۆرکی کریستیانیتی خۆیی ڕەتنەدەکردەوە. بۆریتانیی ئینگلترەی نوێ، ئەو پرۆتستانتیە فەناتیکەرە زانایانە، لە ساڵی ١٧٠٣ دا، لە کۆمەڵەی یاسادانەرەکەیاندا، بریاریاندا ٤٠ پاوەند بەخشیش بدەنە هەرکەس بەرامبەر بە پێستی سەری هەر یەکێک لە هیندیە سوورەکان وە یان گرتنیان وەک دیل. لە ساڵی ١٧٢٠ دا ئەو بەخشیشەیان بەرز کردەوە بۆ ١٠٠ پاوەند بۆ هەر سەرێک. ساڵی ١٧٤٤، کاتێک ڕاگەیەنرا هۆزێک لە ناوچەی ماساشوتس یاخی بووە، ئەم بەخشیشانە ڕاگەیەنران: بۆ پێستی سەری هەر کەسێک کە تەمەنی ١٢ ساڵ و زیاتر بێت، ١٠٠ پاوەند؛ بۆ هەر دیلێکی نێرینە. ١٠٥ پاوەند، بۆ گرتنی هەر ژنێک یان منداڵێک ٥٥ پاوەند، بۆ پێستی سەری هەر ژنێک یان منداڵێک ٥٠ پاوەند. دوای چەند دەیەیەک لەمە، سیستمی کۆلۆنیالیستی بەدەم یاخی بوونەوە، کەوتە تۆڵە سەندنەوە لە وەچەی piligrim fathers [قەشە پیرۆزە] کان. بۆیە ئیتر پێستی سەری ئەمانە، بە بەخشیشی ئینگلیزی و بەهاندانی هیندیە سوورەکان لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، لێدەکرایەوە. پەرلەمانی ئینگلیزی ڕایگەیاند، سەگی خوێناوی و داماڵینی پێستی سەری هیندیە سوورەکان "ئامرازێکە، یەزدان و سروشت بەخشیویەتی بە ئیگلیزەکان" بۆ سەرکوت کردنی کۆلۆنیە یاخی بووەکان.

سیستمی کۆلۆنیالیستی، گەشەی بازرگانی و دەریاوانیی خێراتر کرد. ("کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان" زاراوەیەکی لۆسەرە) پاڵپێوەنەرێکی گەورەی سێنترالیزە کردنی سەرمایە بوون. ووڵاتە کۆلۆنیستەکان بەخێرایی بازاڕی ساغکردنەوەیان مسۆگەر کرد بۆ مانیفاکتۆرە تازەگەشەکردووەکان، مونۆپۆڵ کرنی ئەو ووڵاتانە خۆیشیان؛ دەبووە هۆی بەرزکردنەوەی کەڵەکەبوونی سەرمایە. ئەو سامانەیشی لە دەرەوەی ئەوروپادا، بەهۆی تاڵانی و

چەوساندنەوەو بە کۆیلەکردن و دزیەوە دەستدەکەوت، دەگەڕایەوە بۆ نیشتمانی دایک و لەوێیش دەکرایە سەرمایە. هۆڵەندا، کە یەکەم وواڵت بوو سیستمی کۆلۆنیالیستی برەوپێدا، هەر لە ساڵی ١٦٤٨ وە گەیشتە بەرزترین پلەی بازرگانی.

"بازرگانی لەگەڵ هیندی ڕۆژهەڵاتداو پەیوەندی بازرگانی نێوان ئەوروپای باشوورو خۆرئاواو ئەوروپای باکووری ڕۆژهەڵات، بەبێ ڕکابەر کەوتبووە نێو دەستی [هۆڵەندا]. ناوچە پڕ لە ماسیەکانی و دەریاوانیەکەی و مانیفاکتۆرەکانی، وێنەیان نەبوو لە هیچ وولاتێکی تردا". "سەرمایەی ئەو کۆمارەیش بە تەنها گەورەتر بوو لە سەرمایەی هەموو ئەوروپا پێکەوە" (مارکس ئەمەی لە گۆلیگ وەرگرتووە)[68].

بەڵام گۆلیگ، نووسەری ئەم چەند دێڕە، بیری چووە ئەمەیشی بۆ زیاد بکات: جەماوەری میللی لە هۆڵەندادا، تەنانەت لە ساڵی ١٦٤٨ یشدا، لە جەماوەری میللی هەموو وولاتانی تری ئەوروپا زیاتر کاری پێدەکرا، هەژارتر بوو، ڕووبەڕووی چەوساندنەوەیەکی دڕندانەتریش دەبووەوە بە بەراوورد لەگەڵ هەموو ئەوروپادا.

لەم ڕۆژگارەماندا زاڵ بوونی پیشەسازی یانی زاڵ بوونی بازرگانییش. بەڵام بە پێچەوانەوە، لە سەردەمی مانیفاکتۆرەدا، ئەوە بازرگانی بووە، زاڵ بوونی پیشەسازیی مسۆگەر کردووە. هەر لەبەر ئەمەیش بووە، سیستمی کۆلۆنیالیستی، ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی لەم پرۆسەیەدا بینیوە. ئەو دەمە "خواوەندێکی نەناسراو" لە پاڵ خواوەندە کۆنەکانی ئەوروپادا، چووە ناو

---

[68]. وەسفێکی مێژووی بازرگانی پیشەسازی و کشتوکاڵ لە گرنگترین وولاتی بازرگانی ئەم زەمانەماندا: Geschichitliche Darstellung des Handels, der Gewerbe und des Ackerbaus der bedeutendsten handel treibenden Staaten unsrer Zeits, Bd. I, Jena, 1830, S. 371

میحرابەکەوەو لە ڕۆژێکی جواندا، هەموو خواوەندەکانی تری کردە دەرەوە. وە ئیتر هەر لەوێوە، سیستمی کۆلۆنیالیستی، ڕاکردنی بەدوای قازانجدا، کردە ئامانجی کۆتایی و تەنها ئامانجی مرۆڤایەتی.

قەرزی دەوڵەتیش کە یەکەمجار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە گینواو ڤینیسیادا سەریهەڵدا، لە سەردەمی مانیفاکتۆرەدا، بە هەموو ئەوروپادا بڵاو بووەوە. سیستمی کۆلۆنیالیستییش بە بازرگانیە دەریاییەکانی و جەنگە بازرگانیەکانیەوە، بووە پاڵپشتێکی گەورەی سیستمی قەرزدان. ڕەگی ئەمە لەسەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆ هۆڵەندا. قەرزی دەوڵەت، یان فرۆشتنی دەوڵەت، جێ پەنجەی خۆی دەنێت بە چەرخی سەرمایەداریەوە، ئیتر شێوەی ئەو دەوڵەتە ستەمکاری بێت، دەستووری بێت یان کۆماری. تەنها بەشێک کە ناودەبرێت بە سامانی نیشتمانی و نەتەوە مۆدێرنەکان بەکردەوە بەشێکیان تێیدا هەیە، ئەوە تەنها - قەرزی دەوڵەتە[69]. بۆیە دەرئەنجامەکە دەبێت ئەم بۆچوونە بدات بە دەستەوە: ئەو میللەتە دەوڵەمەندترە، کە زیاتر خۆی دەخاتە نێو قەرزاریەوە. قەرزی دەوڵەت بۆتە ئیمانی سەرمایەداری. وە ئیتر لە بری گوناە دژی ڕۆحی قودس، شکاندنی هەر پەیمانێک لە دانەوەی قەرزی دەوڵەتدا، خەتایەکە بە هیچ جۆرێک لێ خۆشبوونی نیە.

قەرزی دەوڵەت بەهێزترین فاکتەری پاڵپێوەنەر بووە لە کەڵەکەبوونی سەرەتاییدا، ئەمە هەروەک ئەوەی بە جووڵاندنی

---

[69]. ویلیام کۆبیت تێبینی ئەوەی کردووە کە هەموو دام و دەزگا گشتیەکانی ئینگلترە بە "پادشایەتی" ناودەبرێت، کەچی بە پێچەوانەوە، کە باسەکە دێتە سەر قەرز، ئیتر باس لە "قەرزی نیشتمانی" (national debt) دەکەن.

گۆچانێکی سیحری، پارە بەرهەمنەهێنەکانیشی کردبێتە سەرمایە، ئیتر ئەمە بەبێ ئەوەی پێویست بێت کاپیتالیستەکە خۆی بخاتە ئەو مەترسی و ناڕەحەتیانەوە کە جیا ناکرێتەوە لە پیشەسازی و پرۆسێسی سووخۆری. لە ڕاستیشدا ئەوانەی قەرز دەدەنە دەوڵەت، هیچ نادەن. ئەو پارەیەی ئەوان بە قەرز دەیدەنە دەوڵەت، ئەو سەنەدانەن کە بە ئاسانترین شێوە دەساودەس دەکرێن، وە هەمان کاری پارەیشیان پێ ئەنجام دەدرێت. قەرزدان بە دەوڵەت چینێکی بێکاری سوود وەرگری دروستکرد کە سامانێکی خیرای دەهێنا لە بەرژەوەندی ئەو سپۆنسەرانەی وەک نێوەندگیرێک یارییان دەکرد لە نێوان حکومەت و نەتەوەدا، ئەمە هەروەک چۆن هەر بەشێک لە قەرزی دەوڵەت هەروەک سەرمایەیەک وابوو لە ئاسمانەوە داباریبێتە خوارەوە بۆ خاوەن کێڵگەو بازرگان و فابریکە باجدەرەکان. لە سەروو ئەمەیشەوە، قەرزدان بە دەوڵەت؛ کۆمپانیا هاوپشکەکانی دروست کرد، ئەمەیش لەگەڵ خۆیدا، بازرگانی کردنی بە ئەوراقی داراییەوە، هێنایە ناوەوە، ئیتر ئەمە لە هەموو تەرزێک و بە هەموو یاریەکانیشیانەوە - بەکورتی: ئەمە یاریەکانی بۆرسەو بانکۆکراتە ئەرستۆکراسیەکانیشی دروستکرد.

لە سەرەتاوە بانکە نیشتمانیەکان بانکی ئەهلی بوون، بە نازناوی نیشتمانیەوە لە خزمەتی حکومەتدا بوون و لە توانایاندا بوو قەرزیشی بدەنێ بەهۆی ئەو ئیمتیازانەوە پێیان درابوو بۆ پارە بە قەرزدان. لەبەر ئەوە هیچ پێوەرێک نیە لە زیادبوونی قەرزی دەوڵەت و بەرزبوونەوەی پلە بە پلەی نرخی بۆرسەو پشکەکانی ئەو بانکانەی پێشکەوتنە مۆدێرنەکانیان، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی بانکی ئینگلترە (لە ساڵی ١٦٩٤) دا. بانکی ئینگلترە دەستی کرد بە قەرزدان بە دەوڵەت بە فائیدەی ٨٪؛ لە

هەمانکاتدا لە پەرلەمانەوە ڕێی پێدرا بەرابەری ئەو قەرزەی کە داویەتی بە خەڵکی، پارەی کاغەز چاپ بکات. وە بەو پارەیەیش کومپیالە بدات، قەرز بدات لەسەر کاڵا، وە مێتالە گرانبەهاکانیش بکرێت. زۆریشی نەخایاند، ئەو پارانەی بە قەرز درابوون، وە کە هەر بانک خۆیشی دروستی کردبوون، هەروەک پارەی ئاسایی دانیان پێدانراو ئیتر بانکی ئینگلترەیش، دەیدایە قەرز بە دەوڵەت و هەر لەبری دەوڵەتیش، سوودەکانی قەرزی دەوڵەتیشی لە قەرزی گشتی دەدایەوە. وە ئیتر ئەوەی لەم دەستەیەوە دەیدا، لەو دەستەی تریەوە زیاترو زیاتری پێ دەهێنایەوە؛ واتە پوول بە پوولی بۆ دەگەڕایەوە، کە ئەوەیش لە میللەتەوە دەدرایەوە. وە ئیتر ووردە ووردە بووە خەزێنەیەکی هەمیشەیی وەک ڕێسێرڤی ووڵات لە پارەی مێتالیکی و سەنتەرێکی ڕاکێشانیش بۆ هەموو قەرزە بازرگانیەکان. وە هەر لەو سەردەمەدا کە جادووگەر سووتاندن لە ئینگلترەدا بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت، دەستکرا بە هەڵواسینی ئەوانەی پارەی ساختەیان دروست دەکرد. ئەدەبی ئەو سەردەمەیش، بۆ نموونە وەک نووسینەکانی بوڵینگبرۆنگ[70] دەریدەخات، وەچەی بانکۆکراتەکان و خاوەن داهاتەکان و نووسینگەکان و یاریی دروستکارەکانی پارەو حوتەکانی بۆرسە؛ چ کاریگەریەکیان لەسەر خەڵکی ئەو زەمانە جێهێشتبوو.

لەگەڵ قەرزداندا بە دەوڵەت، سیستمی قەرزی جیهانییش دەستی پێکرد کە ئەمە سەرچاوەیەکی شاردراوەی کەڵەکەبوونی سەرەتاییە لە لای ئەم یان ئەو نەتەوە. بۆ نموونە ستەمی

---

[70]. ئەگەر لەم ڕۆژگارەماندا تەتەرەکان بیاندایە بەسەر ئەوروپادا، زۆر زەحمەت دەبوو بۆیان شیبکرێتەوە ئەم پیاوە خاوەن دارایيانە کێن لە لای ئێمە.
Montesquieu. "Esprit des loix", ed Londres, 1769, t. IV, p. 33

سیستمی تاڵانی لە ڤینیسیادا، سەرچاوەیەکی شاردراوەی سامان و سەرمایە بووە لە هۆڵەندادا، ئەمەیش لەڕێی قەرز کردنەوە لە ڤینیسیادا، لەوکاتەدا کە ئەوشارە لە هەرەسهێناندا بوو. دواتر پەیوەندیەکی هاوشێوەیش لەنێوان ئینگلترەو هۆڵەندادا برەوی پێدرا. لە سەرەتای ١٧٠٠-کاندا مانیفاکتۆرەکانی ئینگلترە بە هەنگاوی گەورە پێش مانیفاکتۆرەکانی هۆڵەندا کەوتن، وە ئیتر هۆڵەندا ڕۆڵی خۆی لەدەستدا وەک وولاتێکی بازرگانی و پیشەسازی سەروەر. بۆیە یەکێک لە پرۆژەکانی ئەو وولاتە لە نێوان ساڵەکانی ١٧٠١-١٧٧٦ دا، قەرزدانی گەورە بوو بە ڕکابەرەکەی، واتە ئینگلترە. وە ئێستا هەمان پەیوەندی لە نێوان ئینگلترەو وولاتە یەکگرتووەکاندا هەیە. بەشێکی گەورەی ئەو سەرمایەیەی ئەمڕۆ لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە، هیچ نیە خوێنی ئەو منالانە نەبێت کە دوێنی لە ئینگلترەدا کرایە سەرمایە.

وە لەکاتێکا کە دەبێت داهاتی دەوڵەت، قەرزی سالانەو ئەو سوودەیش پڕ بکاتەوە کە لەسەر دەوڵەت دانراوە، ئەوا قەرزی دەوڵەت وەک پێویست، بووە هۆی سیستمی مۆدێرنی باج. قەرزی دەوڵەت ڕێگا خۆش دەکات بۆ دەوڵەت هەموو خەرجیە زیادەکانیش پڕ بکاتەوە، ئیتر بەبێ ئەوەی باجدەران ڕاستەوخۆ هەست بەمە بکەن، بەڵام دەبێت دەرئەنجامەکە، زوو یان درەنگ، بەرزکردنەوەی باج بێت. لە لایەکی ترەوە، زیاتر کردنی باج، حکومەت ناچار دەکات قەرزی تر وەربگرێت، بەتایبەت هەرکات دەستگرۆیی کۆمپانیایەکی گەورەی کرد. هەربۆیە ئەم سیستمە داراییە مۆدێرنە، کە کرۆکەکەی باجە، لەسەر پێداویستیە گرنگەکانی بژێوی (وە گران بوونیشیان) وەستاوە، بۆیە ئەمە هەر لە خۆیدا؛ هەڵگری تۆوی بەرزکردنەوەیەکی ئۆتۆماتیکی

باجیشه. واته باجه زۆرەکانی دەوڵەت شتێکی نوێ نین، بەڵکو ئەوە پرنسیپی دەوڵەتە. کاتێک لە هۆڵەندەدا ئەم سیستمە پتەوتر کرا لە هەر وولاتێکی تر زیاتر، نیشتمانپەروەرە گەورەکەی، دی ڤیت، ئەمەی وەک شتێکی نەمر نیشان دەدا لە بناغەدا، وەک باشترین مێتود بۆ زیاتر ملکەچ پێکردنی کرێکارانی کرێگرتە، ئیتر لە دەستگرتنەوەو ڕەنجکێشانەوە تا بە سەپاندنی کاری زۆرەملێ دەگات بەسەر کرێکاراندا. بەڵام ئێمە لێرەدا، بایەخ نادەینە ئەو کاریگەرییە ڕووخێنەرانەیەی سیستمی دارایی ئێستا جێیدەهێڵێت لەسەر کرێکارانی کرێگرتەو ئەو مەرجانەی دروستی دەکات لە داماڵینی جووتیاران و پیشەگەرەکاندا لە موڵکایەتیەکەیان. لەم ڕووەیشەوە، هیچ جیاوازیەکی بۆچوون نیە لە نێوان ئابووریزانە برجوازیەکاندا. کاریگەریی سیستمی دارایی لە ڕووت کردنەوەدا لە خاوەندارێتی، تا دێت زیاترو بەهێزتر دەبێت بەهۆی گومرگەوە کە خۆیشی بەشێکە لە سیستمی دارایی.

سیستمی پاراستنی گومرگی، ئامرازێکی دروستکراو بوو بۆ ڤابریکە کردنی خاوەن ڤابریکەکان، بۆ ڕووت کردنەوەی کارگەران لە موڵکەکانیان، بۆ کردنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان و ئامرازەکانی بژێوی بە سەرمایە، بۆ کورت کردنەوەی ماوەی گواستنەوە لە ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی کۆنەوە بۆ ڕێکخستنێکی مۆدێرن بە زەبروزەنگ. دەوڵەتە ئەوروپیەکان کەوتنە ڕکابەریی یەکتر بۆ بەرزکردنەوەی دیوارە گومرگیەکان، وە هەر ئەوەندەی سیستمی گومرگی چووە خزمەتی قازانجیشەوە، ئیتر ئەو سیستمە هەر بەکارنەدەهێنرا بۆ تاڵان کردنی دانیشتوانی وولات خۆیان، ناڕاستەوخۆ بەهۆی پاراستنە گومرگیەکانەوە، ڕاستەوخۆیش بەهۆی بەخشیشی هەناردە

کردنەوە، بەڵکو ئەمە لە هەمانکاتدا بە زەبروزەنگیش ئەنجام دەدرا، وە ئەمە هەموو پیشەسازیی ئەو هەرێمانەیشی لە ڕەگەوە هەڵکێشا کە پاشکۆی بوون، بۆ نموونە ئینگلیزەکان پیشەسازیی خوری ئیرلەندیەکانیان لەناو برد. دوای نموونەکەی کۆڵبێرتز، پرۆسێسەکە لە کیشوەری ئەوروپادا ئاسانتر بوو. سەرمایەی سەرەتایی پیشەسازی، ڕاستەوخۆ، بە فراوانی لە خەزێنەی دەوڵەت دەچووە دەرەوە. بۆیە میرابۆ هاواری دەکرد:

"بۆچی بۆ گەڕان بەدوای هۆکارەکانی گەشانەوەی مانیفاکتۆرەکانی ساکسۆنیای بەر لە جەنگی حەوت ساڵەدا، ئەوەندە دوور بڕۆین؟ ١٨٠ ملیۆن قەرزەکانی دەوڵەتە"[71].

سیستمی کۆلۆنیالیستی، قەرزی دەوڵەت، ستەمی باج، دیوارە گومرگیەکان، جەنگی بازرگانی و هتد، هەموو ئەم لقانەی سەردەمی مانیفاکتۆرە، بە زەبروزەنگ، لە سەردەمی پیشەسازی گەورەدا برەویان سەند. بناغەی پیشەسازی گەورەیش بە فڕاندنی بەرفراوانی منداڵ بونیادنرا. کرێکارانی نێو فابریکەکانیش، هەروەک تاقمی نێو کەشتیە جەنگیەکان، بە زەبروزەنگ دەخرانە کار. سێر ف. م. ئێدن زۆر بێ هەستانە لەو ستەمکاریە دەدوێت کە هاوشان بوو بە داگیرکردنی زەوی دانیشتوانی دێهاتەکان کە لە ١٤٠٠-کانەوە درێژە دەکێشێت هەتا سەردەمی ئەو، تا کۆتایی ١٧٠٠-سەدەکان. ئەو وایدادەنێت ئەم پرۆسێسە پێویستیەک بووە بۆ پێکهێنانی کشتوکاڵی سەرمایەداری و لە پێناوی "دیاری کردنی ڕێژەیەکی گونجاو لە نێوان زەوی کێڵراوو لەوەڕگەدا". بەڵام هەر ئەو خۆی، پێویستیی ئابووریی فڕاندنی منداڵ و کۆیلایەتی منداڵ وانابینێت کە لە پێناوی کردنی مانیفاکتۆرەکاندا بووێت بە

---

[71]. Mirabeau, l. c., t. vi., p. 101

بەرهەمهێنی پیشەسازی و سەرهەڵدانی پەیوەندیەکی دروستی نێوان سەرمایەو هێزی کار. سێر ئێدن دەنووسێت:

"لەوانەیە ئەم بابەتە بایەخێکی هەبێت لای جەماوەر. ئەو پیشەسازیەی نەیدەتوانی سەرکەوتووانە کار بکات بەبێ ڕفاندنی مناڵانی هەژار لە خانۆچکەکانیان و شوێنی کارکردنیانەوە، کە پۆل پۆل، ناچار کرابوون بە کار کردن تیایا، بەشێکی زۆریان لە شەودا کاریان دەکرد بەبێ هیچ حەوانەوەیەک -پیشەسازیەک کە خەڵک لە هەردوو ڕەگەزەکە کۆدەکاتەوە، لە تەمەنی جیاوازو مەیلی جیاوازدا، بە شێوەیەک کە دەبێتە هۆی تێشکان و هەرەس- ئایا پیشەسازیەک لە پەیوەندیەکی کارکردنی لەم جۆرەدا؛ بە ڕاستی دەتوانێت لە بەختەوەری نیشتمانی و تاکەکان زیاد بکات؟"[72].

فیڵدن دەنووسێت:

"لە ناوچەکانی دێربشێرو نۆتینگهامشێر؛ وە بەتایبەت لە لانکشێر، ئەو ئامێرە تازە داهێنراوانە لە فابریکە گەورەکاندا بەکاردەهێنران کە لە نزیک ڕووبارەکانەوە دادەمەزرێنران تا بە ووزەی ئاوی، بخرێنەکار. ئا لەو شوێنە دوور لە شارانەدا، هەر لە ناکاوێکدا هەزاران کرێکار بوونە پێویستی. ئەمە بە تایبەت لە لانکشێر کە تا ئاستێک بێ پیتیش بوو وە دانیشتوانیشی کەم بوو، دەبوایە خەڵکێکی زۆر ڕووی تێ بکردایە. وە هەر لەبەر ئەوەی ئەو شوێنە بچووک بوو، ئەوا داخوازیەکی زیاتریش لەسەر دەستە بچکۆلە نەرمەکانی مناڵ پەیدا بوو (!) بۆیە هەر خێرا شاگردەکان کۆکرانەوە لە خانووی کاردا لە شارەوانیەکانی لەندەن و بیرمینگهام و شوێنەکانی تر. ژمارەیەکی زۆر زۆر لەم بوونەوەرە لاوازە بێ دەسەڵاتانە، لە تەمەنی ٧ ساڵانەوە تا ١٣ و ١٤ ساڵان، نێردران بەرەو باکوور. خاوەن کارەکانیش" (واتە مناڵ دزەکان) "جل و بەرگ و خۆراکیان دەدایە شاگردەکانیان و لەو خانوانەیشدا جێگیریان دەکردن کە

---

72. Eden, l. c., Vol. I., Book II., Ch. 1., p. 421

لە تەنیشت فابریکەکانەوە بوون. فۆرمەنەکانیش وەک سەرکردەی کار دادەمەزرێنران و گەورەترین کاریان ئەوە بوو تا بتوانن کار بە منداڵەکان بکەن، وە ئەم فۆرمەنانە بۆ ئەو کارەیان، ڕێژەیەکیان وەک بەخشیش وەردەگرت. ئەمەیش هەر بە شێوەیەکی سروشتی لە ستەمی ئەمانەی زیاد دەکرد ... لە گەلێ فابریکەدا، بەتایبەت لانکشێر، قورسترین شێوازی تەعزیب بەکاردەهێنرا بەرامبەر بەم بوونەوەرە بێ خەتایانەی بەبێ هاوەڵێک، بەبێ پارێزگارێک، کەوتبوونە بەر ڕەحمەتی سەروەری فابریکەکان. ئەمانە ئەوەندە کاریان پێدەکرا دەمردن ... بە قامچی لێیان دەدرا، دەبەسترانەوە، وە ئەوەندە برسییان دەکردن کە هەر پەیکەرە ئێسکیەکەیان دەمایەوە، کەچی هێشتا بە قامچی و لێدان هەر ئیشیان پێدەکردن ... بەڵێ! گەلێ جار ئەمانە، تەنانەت دەگەیشتنە خۆکوشتن ... ئەو سروشتە جوان و ناودۆڵە ڕۆمانسیانەی دێربشێرو، نۆتینگهامشێر وە لانکشێر بوو بوونە ترسناکترین جێگای تەعزیب -جارجارەیش کوشتن- وە هەرگیز خەڵکی بەمەیان نەزانی. قازانجی خاوەن فابریکەکان بێ کۆتا بوو، بەڵام ئەمە هەر ئیشتیهای برسێتیە گورگانەکەیانی زیاتر دەکردەوە. بۆیە دەستیان کرد بە شەفتی شەویش، واتە دوای ئەوەی گروپێک لە منداڵانیان شەکەت دەکرد لە کاری ڕۆژدا، ئینجا گروپێکی تریان دەخستە جێگایان بۆ کارکردنی شەو. شەفتی ڕۆژ، ئەو جێگایەیان بەکاردەهێنا بۆ خەو کە شەفتی شەو جێیان دەهێشت، وە بەپێچەوانەیشەوە. ئەمە بووبووە قسەیەکی نەستەق لە لانکشێر: جێگاکان هەرگیز سارد نەدەبوونەوە"[73].

---

[73]. John Fielden: "The Curse of the Factory System", London 1836, s. 5, 6.
سەبارەت بەو شتانەی لە فابریکەکاندا دەکرا بڕوانە (Dr. Aikin) هەمان سەرچاوەی ڕابووردوو، لاپەڕە ٢١٩، وە ( Gisborne. "Inquiry into the Duties of Men, 1795, v. II) - ئەوکاتەی ئامێری هەڵمی، فابریکەکانی لە تاڤگەی ئاوی لادێکانەوە گواستەوە بۆ شارەکان، ئەوکاتە بۆ خاوەن قازانج دەرکەوت، ماتریالە ساواکان بەرجەستەن و پێویست ناکات هێرش بکرێتە سەر خانووی کۆیلەکان. کاتێک سێر ڕۆبێرت پیل (باوکی "وەزیری ئەدەب") لە ساڵی ١٨١٥ دا، پرۆژەیەکی خستە بەردەم

لەگەڵ گەشەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا لە قۆناغی مانیفاکتۆرەدا، ئیتر ڕای گشتی لە ئەوروپادا لە هەموو ئەو هەستونەستانە ڕزگاری بوو کە پەیوەندی بە ویژدان و ئابڕووەوەیە.ووڵاتەکانیش بێ شەرمانە، شانازییان بە بەشدارییانەوە دەکرد لە بەرجەستەکردنی ئامرازەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایەدا. بۆ نموونە دەتوانن ساویلکەیی ا. ئەندرسۆن بخوێننەوە لە مێژووی بازرگانیدا کە باس لە حیکمەتی سەرکەوتنی ئینگلیز دەکات بەسەر ئیسپانیادا لە ڕێکەوتننامەی ئۆتریشدا لە ناوچەی ئاسینتۆ کە مافی بازرگانی کردنە بە کۆیلەوە لە نێوان ئەفریقاو ئەمریکای خوارووداـ ئەمە لەکاتێکا کە پێشتر ئینگلیزەکان هەر مافی ئەوەیان هەبووە تەنها لە هیندی خۆرئاوادا ئەو بازرگانیە بکەن. ئینگلترە مافی ئەوەی وەرگرت هەتا ساڵی ١٧٤٣، ساڵانە ٤٨٠٠ کەس لە ڕەشەکان بباتە ئەمریکای ئیسپانیەوە. ئەم بازرگانیە دەرگای بۆ بریتانیا کردەوە بە دزیشەوە بازرگانی کۆیلە بکات. لیڤەرپول بەم بازرگانیە ئێجگار گەشەی کرد. یان وەک دکتۆر ئەیکین لە دانراوەکەیدا دەڵێت کە لە ١٧٩٥ دا دەرکراوە: "بازرگانی کۆیلە ڕۆحی دەستپێشخەریی

---

پەرلەمان بۆ پارێزگاری کردنی مناڵ، فرەنسیس هۆرنەر (سەرۆکی لیژنەی پارچە ئاڵتوونە ٢٤ عەیاریەکان و هاوڕێی ڕیکاردۆ) لە ئەنجوومەنی گشتیدا گووتی: "ئاشکرایە لە مایەپووچ بوونی زەویوزاردا -ئەگەر بۆم هەبێت ئەو دەربڕینە بەکاربهێنم- ژمارەیەک لە فابریکەکان ڕایانگەیاند کە بە مەزادی ئاشکرا مناڵەکانی فابریکەکەیش وەک موڵکی خۆیان دەفرۆشن. دوو ساڵ لەمەوبەر (١٨١٣) شتێکی قێزەون خرایە بەردەم دادگای باڵا. ئەویش کۆمەڵێک مناڵ بوون کە لە یەکێک لە شارەوانیەکانەوە لە لەندەن، کۆمەڵێک مناڵ دەداتە فابریکەیەک، ئەویش بە دەوری خۆی وازی لێهێناون بۆ فابریکەیەکی تر. دواجار لە حاڵەتی برسێتیەکی تەواودا دەبینرێن ( absolute famine). لە حاڵەتێکی تریش، زۆر قێزەونتر، ئاگادارم بەهۆی لیژنەیەکی پشکنینی پەرلەمانیەوە: چەند ساڵێکی کەم لەمەوبەر شارەوانیەکی لەندەن لە گرێبەستێکدا لەگەڵ خاوەن فابریکەیەک، داوا دەکات بەرامبەر بە هەر ٢٠ مناڵی ئاسایی، مناڵێکی گەمژەیش بکڕێت.

بازرگانیی ئێجگار گۆڕی، دەریاوانە خوێنەوارو شارەزاکانیش بە بڕێکی ئێجگار زۆرەوە لە پارە دەگەڕانەوە". لە ساڵی ١٧٣٠ دا، لیڤەرپول ١٥ پاپۆڕی بەکاردەهێنا بۆ بازرگانی کردن بە کۆیلەوە، ٥٣ دانەیش لە ١٧٥١ دا، ٧٤ دانە لە ١٧٦٠ دا، ٩٦ دانە لە ١٧٧٠ دا وە ١٣٢ دانەیش لە ١٧٩٢ دا.

لەو کاتەدا کە پیشەسازی قوماشی لۆکە، کۆیلایەتی مناڵی لە ئینگلترەدا هێنایەناو، هەر لەو کاتەیشدا، ئابووری کۆیلایەتی ئەمریکا، کە پێشتر پاتریارکی بوو، گۆڕدرا بە سیستمی چەوساندنەوەی بازرگانی. وە بە گشتی پێویست بوو، کۆیلایەتیە شارراوەکەی کرێکارانی کرێگرتە لە ئەوروپادا، ببێتە بناغەی کۆیلایەتی لە هەموو جیهانی نوێدا[74].

Tanae molis erat!، ببینە، چەندی ویست هەتا "یاسا سروشتیە هەمیشەییەکانی" بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دروست بوو، هەتا کارگەرو مەرجەکانی ژیانی لێکجیاکرانەوە، هەتا کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و ئامرازەکانی بژێوی کۆمەڵایەتی لە جەمسەرێکدا بوونە سەرمایەو لە جەمسەرەکەی تریشدا جەماوەری گەل بوونە کرێکاری کرێگرتە، بوونە "کارگەرە هەژارە" ئازادەکان. ئەمە بەرهەمە سەرسووڕهێنەرەکەی ئەم مێژووە مۆدێرنەیە[75]. وەک ئۆجیە دەڵێت ئەگەر پارە "بە دڵۆپە

---

[74]. سالی ١٧٩٠ لە خۆرئاوای هیندستانی ئینگلیزەکاندا هەر یەک کەسی ئازاد بەرامبەر بە ١٠ کۆیلە بووە، لە بەشی فەرەنسادا بەرامبەر ١٤ و لە بەشی هۆڵەندادا بەرامبەر ٢٣ کۆیلە بووە.

An Inquiry into the Colonial Policy of the European Powers.” Edin. 1803, vol. II., p. 74

[75]. ئەو دەربڕینە labouring poor "هەژاری کارگەر" لەو کاتەوە چووە ناو یاسای ئینگلیزیەوە کە چینی کرێکاری کرێگرتە ژمارەیان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. "هەژاری کارگەر" بەرامبەر بە " هەژاری بێ ئیش" (idle poor)، سواڵکەر، هتد

**خوێنی سەر ڕوومەت هاتبێتە جیهانەوە"[76]، ئەوا سەرمایە بەو خوێن و پیسیەوە هاتۆتە دنیاوە کە لە هەموو کونێکی پێستەکەیەوە دەچۆڕێتە خوارەوە، لە تەپڵی سەریەوە تا بنی پێی[77].**

---

بەکاردەهێنرا، لە لایەکی تریشەوە بەرامبەر بەو کرێکارەی هێشتا خاوەنی کەرەسەی کاری خۆی بوو. ئەو دەربڕینە لە یاساوە گوازرایەوە بۆ ناو ئابووری سیاسی، ئیتر لە کەلپیپەرو ج. شایڵدەوە تا ئادام سمیس و ئیدن. ئا لەم خاڵەوە، دەتوانرێت بیری "نیازی پاک" ی ئەدمۆند بۆرک execrable political cant-monger [دووڕوویەکی سیاسیی قێزەون] کە زاراوەی "هەژاری کارگەر" شیدەکاتەوە ناودەبرێت بە " execrable political cant" "labouring poor " [دووڕوووییەکی سیاسی قێزەون]. ئەم ماستاوچیە خۆفرۆشە زەلیلە کە ڕۆڵێکی ڕۆمانسیانە دەگێڕێت بەرامبەر بە شۆڕشی فەرەنسی، هەروەک چۆن ڕۆڵی لیبرال و لایەنگری ڕاپەڕینەکانی کۆلۆنیالیستەکانی ئەمریکای دەبینی دژی چینی سەروەری ئینگلیز، بەڵام لە ڕاستیدا خۆی هەر برجوازیەک بوو. ئەو دەڵێت: "یاساکانی بازرگانی کردن یاسای سروشتین، واتە یاسای یەزدان خۆیەتی" ( E. Burke, Thoughts and details on Scarcity, ed. London, 1800, pp. 31, 32) وە هیچ سەیریش نیە باوەڕی بە یاساکانی یەزدان و سروشت بێت لەکاتێکا کە هەمیشە بە بەرزترین نرخ خۆی فرۆشتووە. وە دەتوانین لە دانراوەکەی تاکردا وەسفێکی باشی ئەدمۆند بۆرک ببینین لەوکاتەیدا کە خۆی وەک لیبرالیستێک ناساندووە. تاکر قەشە بوو وە ئەندامی حیزبی توریەکان بوو، بەڵام کەسێکی ڕاستگۆو ئابووری زانێکی چاک بوو. وە ئەگەر ئەو بێ پرنسیپی و سووکیەی ئەمڕۆ لەبەرچاو بگرین کە لەم ڕۆژگارەماندا سەروەرە، وە کە باوەڕی بە "یاسای بازرگانیە"؛ باوەڕێکی ملکەچانە، ئەوا دەبێت جار لە دوای جار لەعنەت بۆ بۆرک و هاوشێوەکانی بنێرین کە بە تواناکانیانەوە لە خەڵک جیا دەکرێنەوە.

[76]. Marie Angier: "Du Crédit Public." Paris, 1842

[77]. Quarterly Reviewer دەڵێت: "سەرمایە هەراو فیتنەی ناوەتەوە. ئەمەیش ڕاستیەکە، بەڵام هەموو ڕاستیەکە نا. سەرمایە لە نەبوونی قازانج یان کەمی قازانج دەترسێت، هەروەک چۆن سروشت لە بۆشایی دەترسیت. بەڵام هەر ئەوەندەی قازانج گەیشتە ئاستی پێویست، سەرمایە وورەی بەرزدەبێتەوە. ئەگەر ١٠٪ ی دەست کەوت ئیتر لە هەموو شوێنێک کار دەکات، بە ٢٠٪ چالاک دەبێت، بە ٥٠٪ لووتی بەرزدەبێتەوە، بە ١٠٠٪ یش، هەرچی یاسای مرۆڤایەتی هەیە دەیخاتە ژێر پێی. بە ٣٠٠٪ هیچ تاوانێک نامێنێتەوە ئەنجامی نەدات، ئیتر ئەگەر بیباتە بەر پەتی سێدارەیش. وە ئەگەر هەراو فیتنەیش قازانج ڕابکێشێت، ئەوا هەردووکیان بەهێز دەکات. دەلیل: فڕاندن و بازرگانی کردن بە کۆیلەوە".

هەمان سەرچاوەی ڕابووردوو: T. J. Dunning, l. c., pp. 35, 36

## ٧. ئاراستەی مێژوویی کەڵەکەبوونی سەرمایەداری

کەڵەکەبوونی سەرەتایی لە چیدا کورت دەکرێتەوە؟ سەرچاوە مێژووییەکەی چیە؟ ئا ئەمە هەر تەنها کردنی کۆیلەو کۆیلەی زەوی نەبووە بە کرێکاری کرێگرتەو بەس، بەڵکو گۆڕانی ئەو فۆرمە، ئەوە دەگەیەنێت کە کەڵەکەبوونی سەرەتایی هیچ نەبووە، داماڵینی بەرهەمهێنە ڕاستەخۆکان نەبێت لە کەرەسەکانی ژیان، واتە ئەو مافی خاوەندارێتیە تایبەتیەی لەسەر کاری تاککەسی وەستاوە، لەنێو دەچێت.
خاوەندارێتی تایبەتی وەک ئەوەی دژی خاوەندارێتی کۆمەڵایەتیە، خاوەندارێتی هاوبەش، تەنها لە حاڵێکدا بوونی هەیە کە کەرەسەکانی کارو مەرجەکانی تری دەرەوەی کار، لەژێر دەستی تاکەکان خۆیاندا بن و موڵکی تاکە کەسێک بن. بەڵام مافی خاوەندارێتی تایبەتی، خەسڵەتێکی تەواو جیاوازی هەیەو لەسەر ئەوەیش وەستاوە ئایا موڵکدارەکان خۆیان کاریش دەکەن یاننا. ئا ئەم ڕەنگە هەمەجۆرانەی خاوەندارێتی تایبەتییان پێ بۆیە دەکرێت، تەنها ئەو فۆرمە جیاوازانەی گواستنەوە نیشان دەدەن کە دەکەونە نێوان ئەو دوو لایەنە، واتە نێوان خاوەندارێتی تایبەتی و خاوەندارێتی بەکۆمەڵ.

مافی خاوەندارێتی تایبەتی بەرهەمهێنەران بۆ کەرەسەکانی بەرهەمهێنان؛ بنچینەی پیشەسازیە بچووکەکانە، پیشەسازی بچووکیش، ئیتر کشتوکاڵی بێت، پیشەسازی بێت، یان هەردووکیان، مەرجێکی پێویستی پێشکەوتنی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و کەسایەتیی ئازادی کارگەر خۆشیەتی. ڕاستە، ئا ئەم شێوازی بەرهەمهێنانە، تەنانەت لە سەردەمی کۆیلایەتی و کۆیڵایەتی زەوی و هەموو ئەو پەیوەندیانەدا هەبوون کە

کەسایەتیەکانیان وابەستە کردووە بە خۆیانەوە، بەڵام ئەمە ئەوکاتە گەشانەوەی تەواوو ووزەی پێشکەوتنی تەواوی تێدا دروست دەبێت و شێوە کلاسیکیەکەی خۆی وەردەگریت، کە کارگەر دەبێتە موڵکدارێکی ئازادی ئەو ئامرازانەی؛ خۆی بەکاریان دەهێنێت، واتە کاتێک جووتیار دەبێتە خاوەنی ئەو کێڵگەیەی خۆی دەیچێنێت، کاتێک پیشەگەر خاوەنی ئەو کەرەسانە دەبێت کە کاریان پێدەکات.

مەرجی ئەم شێوازەی بەرهەمهێنان، ئەوە دەخوازێت کە کەرەسەکانی بەرهەمهێنان، دابەش بووبێت بەسەر ژمارەیەکی زۆر موڵکداردا. لەم جۆرە پەیوەندیانەی بەرهەمهێناندا، کەرەسەکانی بەرهەمهێنان گردبوونەوەیەکیان بەخۆیانەوە نەدیوە، بۆیە هێشتا کاری هەرەوەزکارییش پێکنەهاتووە، ئەمەیش بەوهۆیەوە کە دابەش بوونی کار لە چوارچێوەی پرۆسێسە تاک تاکەکانیدا، ڕێگای زاڵ بوونێکی کۆمەڵایەتی نادات بەسەر سەرچاوە سروشتیەکان و گەشەی تەواوی هێزە بەرهەمهێنە کۆمەڵایەتیەکاندا. ئەمانەیش هەر لەو ئاستەدا دەبن هەتا کۆمەڵ و بەرهەمهێنان لەو ئاستە سەرەتاییەدا مابێتنەوە. هەوڵدانیش بۆ هەمیشەیی کردنی ئەم پەیوەندیانە، وەک بەیکۆر بە دروستی دەڵێت یانی: "سەپاندنی حاڵەتێکی مامناوەندی گشتی بە یاسا". بەڵام لە پلەیەکی دیاری کراوی پێشکەوتندا، هەر ئەو پەیوەندیانەی بەرهەمهێنان خۆیان، ئەو مەرجە ماتریالیستیانە دروست دەکەن کە سەرکەوتن مسۆگەر دەکات بەسەریاندا. ئا لەم چرکەساتەدا، ئیتر هێزەکان و ئامانجەکان، بوونی خۆیان نیشان دەدەن و هەستی پێوەندەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی کۆن دەکەن. وە ئیتر دەبێت ئەو پێوەندانە بڕووخێنرێن، وە دەشڕوخێنرێن. ئەم لەناوچوونەیش، یانی

وەرچەرخانی کەرەسە بەرهەمهێنە پچڕپچڕە تاکتاکەکان بۆ کەرەسەیەکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی گردوکۆ، گۆڕینی ژمارەیەکی زۆر بۆ ژمارەیەکی ئێجگار کەم لە موڵکدار، داماڵینی جەماوەرێکی فراوان لە کێڵگەو زەوی، لە ئامرازەکانی بژێوی و کەرەسەکانی کارکردن، ئەم داماڵینە ترسناکە قورسەی جەماوەر لە موڵکەکانیان، پێشینەی بەر لە مێژووی سەرمایە پێکدەهێنێت. ئەو پێشینەیەیش، ژمارەیەک مێتودی پڕ لە زەبروزەنگ دەگرێتەخۆ، کە ئێمە تەنها چارەسەری چەرخی کەڵەکەبوونی سەرەتاییمان تێدا کرد. داماڵینی موڵکی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنەران، بە وێران کردنێکی بێ ڕەحمانەو سووکایەتی پێکردن و ناشیرین ترین شێواز دەستی پێکردووە. بەمەیش ئەو خاوەنداریتیە تایبەتیەی، لەسەر کاری تاکەکەس خۆی وەستاوە، وە کارگەر دەبەستێت بە ئامرازەکانی کارکردنیەوە، ئا ئەمە لە خاوەندارێتی سەرمایەداریەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە، ئەمەیش لەسەر چەوساندنەوەی کەسانی تر وەستاوە، ئەوکەسانەی خاوەنی هێزی کاری ئازادن[78].

کاتێک پرۆسیسی گۆڕانکاری، تا ئاستی پێویست، ئەم کۆمەڵگا کۆنەی گۆڕی، کاتێک بەرهەمهێن بووە پرۆلیتێرو ئامرازی کارەکەشیان بووە سەرمایە، کاتێک شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەسەر پێی خۆی وەستا، ئیتر ئەوکاتە فۆرمێکی نوێ سەریهەڵدا بۆ پێشکەوتنی ئایندەی کاری کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری زیاتری زەوی و هەموو کەرەسەکانی تری بەرهەمهێنانیش بۆ کەرەسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و

[78]. ئێمە لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی تەواو نوێدا دەژین ... هەوڵدەدەین هەموو جۆرێکی خاوەندارێتی لە هەموو جۆرێکی کار کردن جیا بکەینەوە.
Sismondi: “Nouveaux Principes d’Econ. Polit.” t.II, p.434

داماڵینی زیاتری خاوەندارێتی تایبەتییش. وە ئێستا ئیتر بابەتەکە داماڵین نیە لە موڵکدارێتی، ئیتر باسەکە دەربارەی ئەو کارگەرە نیە کە کارێکی سەربەخۆ ڕێکدەخات، بەڵکو دەربارەی ئەو سەرمایەدارەیە کە کرێکاران دەچەوسێنێتەوە.

ئا ئەم داماڵینە لە ڕێی یاسا ناوخۆییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە کۆتایی پێدەهێنرێت، واتە لە ڕێی سێنتراڵیزەکردنی سەرمایەوە. ئەمەیش بەوەی کە هەر تاکە سەرمایەدارێکی سەرکەوتوو، زۆر لە سەرمایەدارانی تر لەنێو دەبات. ئەم سێنتراڵیزە بوونەی سەرمایە، یان داماڵینی ژمارەیەکی زۆر سەرمایەدار لە لایەن کەمایەتیەکەوە، دەبێتە هۆی برەوسەندنی فۆرمێک لە پرۆسێسی کاری هەرەوەزکاری، فۆرمێک کە بەردەوام لە گەشەسەندندایە. زانست لە تەکنیکدا زیاترو زیاتر بەکاردەهێنرێت، زەوی باشترو پلان بۆکراوتر کەڵکی لێوەردەگیرێت، کەرەسەکانی کار فۆرمێک وەردەگرن کە تەنها بە هاوبەشی تواناى بەکارهێنانیان هەیە، کەرەسەکانی بەرهەمهێنان چڕترو لە پرۆسێسێکی ئاوێتەداو بە مێتودێکی نوێ بەکاردەهێنرێن، نەتەوە جیاوازەکان دەکەونە پەیوەندیەکی بەردەوامی توندوتۆڵەوە لە بازاڕێکی جیهانیدا، وە ئیتر سیستمی سەرمایەداری لە بەرزترین ئاستیدا دەبێتە سیستمێکی جیهانی. لە هەمانکاتدا کەمبوونەوەی ژمارەی سەرمایەداران، ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ ئەو بەشەیان کە دەتوانێت هەموو ئەم پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیە مۆنۆپۆڵ بکات، ئەمە لە لایەکی ترەوە چەوساندنەوەی جەماوەرو نەهامەتی و کۆیلایەتی و سووکایەتی پێکردنیان زیاد دەکات. بەڵام ئەمە لە هەمانکاتدا ڕاهێنانی ئەو چینە کرێکاریەیش زیاد دەکات کە، هەر بەهۆی میکانیزمی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆیەوە،

بەردەوام لە گەشەسەندن و خۆڕێکخستندا دەبێت. ئا لێرەوە ئیتر مۆنۆپۆلی سەرمایە، دەبێتە ڕێگری ئەو شێوازی بەرهەمهێنانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی سەرمایە خۆیدا گەشەی سەندووە. کەرەسەکانی بەرهەمهێنان گردوکۆتر دەبنەوە، خەسڵەتە کۆمەڵایەتیەکەی کار زیاتر گەشە دەسێنێت، تا ئەو ئاستەی کە ئیتر چیتر پرۆسێسی بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا جێی نابێتەوە. ئا ئەمە دەتەقێتەوە. زەنگی کاتژمێرەکەی خاوەندارێتی تایبەتی سەرمایەداریی لێدەدات. داگیرکارانی موڵکیەت لە موڵکیەتەکەیان دادەماڵرێن.

شێوازی وەدەستهێنانی خاوەندارێتی -ئەمە بە شێوازی سەرمایەداریشەوە- کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دروستی دەکات، ئەمە نەفی کردنی یەکەمی خاوەندارێتی تاککەسیە، ئەو خاوەندارێتیەی بە کاری تایبەتی وەدەست هێنراوە. بەڵام بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وەک پێویستیەکی سروشتی نەفی خۆی دەکات. ئەمە نەفیکردنی نەفیە. بەڵام ئەمە خاوەندارێتی تایبەتی ناهێنێتەوە بوون، بەڵکو لەسەر بنەمای چەرخی سەرمایەداری، خاوەندارێتی تاک دەهێنێتەوە: لەسەر بنەمای کۆمەک و خاوەندارێتی بەکۆمەڵی زەوی و ئەو کەرەسانەی بەرهەمهێنان کە خودی کار خۆی دروستیان دەکات.

بێگومان لەناوچوونی خاوەندارێتی تایبەتیی پرش و بڵاوی تاکەکان کە لەسەر کاری تاکەکەس وەستاوە، وە کردنی بە خاوەندارێتی سەرمایەداری، پرۆسێسێکی قورس ترو خاوترو توندوتیژ ترە لە لەناوچوونی خاوەندارێتی تایبەتی سەرمایەداری و کردنی بە خاوەندارێتیەکی هاوبەش، چونکە خاوەندارێتی سەرمایەداری، هەر لە سەرەتاوە وەک بەرهەمهێنانێکی

کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات. لە حاڵی یەکەمدا، مەبەست داماڵینی جەماوەر بوو لە خاوەندارێتیەکەیان لە بەرژەوەندی کەمایەتیەکی داگیرکار، لە حاڵی دووهەمدا، مەبەست داماڵینی کەمایەتیەکی داگیرکارە لە بەرژەوەندی زۆرینەی جەماوەر.

کتێبی (سەرمایە) یەکەمجار، لە ساڵی ١٨٦٧ دا، بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی:

K. Marx. Das Kapital "Kritik der politischen Oekonomies".
Erster Band, Hamburg, 1867

وەرگێرانی ئەم بەشە لە (کتێبی یەکەمی سەرمایە) لە زمانی سویدیەوە، ووشە بە ووشەی، لەگەڵ وەرگێرانەکەی (دار التقدم، موسکو) بۆ زمانی عەرەبی، وە وەرگێرانی ئینگلیزی بەراوورد کراوە. لە نێوان ئەم وەرگێرانەی مۆسکۆو وەرگێرانە عەرەبیەکانی تردا وەک وەرگێرانەکەی (انطون حمصي) و سویدیەکەیشدا، جیاوازی زۆر دەبینرێت. ئەوەیش دەرئەنجامی جیاوازیە لە سەرچاوەکانیانەوە کە جیاوازییان تێدایە.

مێژووی لێکۆڵینەوە ئابووریەکانی کارل مارکس، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای چلەکانی سەدەی نۆزدەهەم. زۆربەی کتێبە ئابووریە گرنگەکانیشی، لەنێو ئەوانیشدا کتێبی "سەرمایە-ڕەخنەی ئابووری سیاسی"، مەنهەج و مێتودێکی نوێ پێشکەش دەکات بە جیهان کە ناسراوە بە (ماتریالیزمی مێژوویی).

مارکس ساڵانێکی زۆر بە کتێبی (سەرمایە) وە خەریک دەبێت. سەرمایە لە ٣ کتێب پێکدێت و ئەم بەشەی لێرەدا دەیخوێننەوە، لە کتێبی یەکەم وەرگیراوە کە باسێکە دەربارەی (مێژووی سەرهەڵدانی سەرمایەداری). بەڵام (سەرمایە) بە کۆتایی ناگات لەگەڵ ئەو ساڵە سەختانەدا کە مارکس لەگەڵیدا دەیباتە سەر. وە ئەو جێگایەی بە چۆڵی دەمێنێتەوە لە کتێبخانە گەورەکەی مارکسدا، بەشە تەواو نەکراوەکانی ئەم کتێبەو ٢٤ دەفتەرە ئابووریە وون بووەکانێتی.



**Capital, A Critique of Political Economy**

Volume I, The Process of Production of Capital

Part Twenty Four: Primitive Accumulation

**Karl Marx**